# GIZING

# گزنگ 99

گۆڤارێکی ئەدەبیی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکووک دەریدەکات

ژمارە - 99

ساڵی 2012



تابلۆی بەرگ:خەیروڵڵا محەمەد عەلی
چاپ:- چاپخانەی کارۆ - سلێمانی

# گزنگ

٩٩ كانوونی یەكەم ٢٠١٢

گۆڤارێكی ئەدەبییە یەكێتیی نووسەرانی كورد - لقی كەركوک دەریدەكات

خاوەنی ئیمتیاز: یەكێتیی نووسەرانی كورد - لقی كەركوك

**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

٠٧٧٠١٣٨٥٦٤٧

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم سالّەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

٠٧٧٠١٣٢٢٥٨٨

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق

ئیمەیڵی گۆڤاری گزنگ:

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

كەركوك-ڕەحیماوا-فلكەی ئیخوان-بەرانبەر قوتابخانەی خانی

كوردستان / كەركوك

تێبینی:

– نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەكەی.

– هەر نووسینێك لە شوێنێكی تر بڵاو بكرێتەوە فەرامۆش دەكرێت

# لەم ژمارەیەدا ٩٩

## سەكۆی گزنگ:-


كەركوك و گۆڤاری گزنگ بەرەو لووتكەی ژمارە ١٠٠، د. ئازاد هەمەوەندی................ل٥


## وتار و لێكۆڵینەوە:-


من تینوێتیم بە گڕ ئەشكێ...، ئەحمەد تاقانە......................................ل١٣
كێشەكانی ناسنامەی دەقی ڕۆمانی كوردی، د. عادل گەرمیانی..........................ل٢٣
بۆ گوڵی لاو لاو، لەتیف سەعید نوری................................................ل٢٩
گوتار و ئایدۆلۆجیا، د. عبدالواحد مشیر دزەیی......................................ل٤٣
كەموكوڕییەكانی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان...، شیروان حوسێن خۆشناو.....ل٤٧
عبدالمجید لوتفی پێشەنگی چیرۆكنووسانی عێراقە، د.شهاب شێخ تەیب.................ل٥٧
(گولە) و ڕۆڵی لەململانێی خۆشەویستی...، عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ)..................ل٦٥
ڕوانینێك بۆ كۆترێك لەئاگر ، د.هاوژین صلیوە.......................................ل٧١
دیوانی تەنیایی ..لەتیف فاتیح فەرەج، ستار ئەحمەد.................................ل٨١
خەڵەف شەوقی داودی (گاندیی عێراق)، ئا: نەبەرد تۆفیق..............................ل٨٣
پاكۆدی لوسیا، . ئەفسانەی گیتار، مەحمودنەجمەدین.................................ل٨٧
خەڵاتكردن سیمبوڵە ..یاخود پاداشتە؟؟، ئامانج سەیدە...............................ل٩١


## وەرگێران:-


گۆڕی گاور، لە فارسییەوە: شەهرام فاتحی............................................ل٩٣
جیاوازیی واتای ڕەنگەكان لە نێوان گەلانی جیهاندا و: رزگار جەباری...................ل٩٩
كابووس، لەفارسییەوە: خالید فاتیحی...............................................ل١٠٥
٧ چامەی ئەسعەد جبووری، جەلال زەنگابادی..........................................ل١١١
رامانە فەلسەفییەكان، و: سیما چۆمانی.............................................ل١١٧
كورتەیەك لەبارەی ژیانی نزار قەبانییەوە، لە عەرەبییەوە : سازان كەریم...............ل١٢٣


## چیرۆك:-


دەنگەكەی تر، ئەدیب نادر...........................................................ل١٢٧
قومری، موعتەسەم ساڵەیی...........................................................ل١٣٣


## شانۆنامە:-


حیكایەتی كوشتنی هیوایەك لە شەوێكدا، و:سابیر مەلوول پەرێشان.......................ل١٣٩


## شیعر:-


مەحمود دەرویش و زامێكی بێ كۆتا، و: سەمیرە حسێن جاف..............................ل١٥١
پەڕەشووتێك بۆ كرانەوە.. مرۆڤێك بۆ ژیان، موحسین ئاوارە...........................ل١٥٣
هەڵاتن لە ژیان!، حەسەن جومعە....................................................ل١٥٧
خەیاڵێك لەعەشق، تریفەیەك لەمانگ، كەژاڵ ئیبراهیم خدر.............................ل١٥٩
بێزار لە گمە گمی كۆتری ئەوین، چیمەن ڕەسوول پوور–تاران...........................ل١٦٣
تۆكێی ؟، باریكان ئیسماعیل........................................................ل١٦٥
سیانزدەیەمین تێكست، داستان بەرزان...............................................ل١٦٧
گەڕان لەو دیو سروشت، ئەسكەندەر زرار.............................................ل١٧١
ژێر باڵی خەیاڵ، بژار حەكیم.......................................................ل١٧٣
كوڕێك موعتاد بە خۆشەویستی دلارام، ئالان..........................................ل١٧٥
نوسراوێكی كۆن، دیار لەتیف.......................................................ل١٧٦
یاداشتەكانی پیاوێك، سروشت نەوزاد.................................................ل١٧٧
ژنێ لە شووشە، سەراب.............................................................ل١٨١


## دیمانە:


چنار نامق، دیمانە: تانیا كفری.....................................................ل١٨٣
كاروچالاكییەكانی یەكێتیی نووسەرانی كورد، بەڕێوەبەری نووسین......................ل١٨٩



د. ئازاد هەمەوەندی

# کەرکوک و گۆڤاری گزنگ بەرەو لووتکەی ژمارە ١٠٠

پێشەکی:

کەرکوك لەسەردەمی دێریندا ناوی (ئەرابخا)بووە، گۆتیەکان بەر لە (میدیا) فەرمانڕەوایی ئەم شارەیان کردووە، نەوت و بڵێسەی باوە گوڕگوڕ لەساڵی (٥٧٠)ی پێش زایین دۆزراوەتەوە. گڕی باوە گوڕگوڕ لەکۆندا هێمای پیرۆزی ئایینی زەردەشتی بووە... ئێستا هێمای شۆڕش و کوردایەتی کەرکوکە !!! لە ئەفسانەی ئایینی زەردەشتی کاتێك خۆر ئاوا دەبێت، شەوان ئەو گڕە رووناکی خواوەند بووە !!! هەروەها لە فەلسەفەی گریك و یۆناندا ئاگر پیرۆزبووە، لە نوسینەکانی (سوکرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) رەنگی داوەتەوە چونکە گەردوون چوار بەشە (ئاو، ئاگر، خاك، هەوا). لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا رەخنەیان لەناوەکەم گرتووە (بۆ عەرەبی نیە؟!)، یان تانەیان لەکورد داوە گوایە







باپیرانمان وەکو ئایینی (ئێزیدی) لە دۆکیومێنتەری کەناڵی (جەزیرە) دوای پرۆسەی ئازادی پەخش کرا... ئاگریان پەرستووە !!! منیش لە میسر و لیبیا و تونس و ئوردن و لوبنان ، سوریا...هتد وەڵامم دیبلۆماسی بووە: راستە ئێمە نەوەی صلاح الدین ئەیوبین ئەگەر هەموو عەرەب لەتای تەرازوودا بێت، ئەو جەنەڕاڵە لە ئێوە گەورەترە !!! هەروەها ئاگر لای گریك و یۆنان و سانسکریت و فیرعەون هۆکاری رووناکی شەوان و چێشت و خۆ گەرم کردنەوە بووە، خواوەندیان بۆی بەرجەستە کردووە، بەڵام باپیرانی عەرەب خواکانیان (لات و هوبەل) بە خورما دروست دەکرد... پاشان دەکەوتنە خواردنی گوێ و لوت و سەری خواوەندەکانیان !!! تەنانەت شاعیری گەورەی ئینگلیز (تی ئێس ئیلیۆت) لەسەدەی تەکنەلۆجیا و گەشە و بۆمبای ناوکی و کۆمپیوتەر و سیکۆلاریزم (عەلمانیەت) ئاگر وەکو بەشێك لەگەردوون بەپیرۆز ناو دەبات لە دیوانی وێرانە خاك (The Waste Land).

بە هەرحاڵ کەرکوك تا هاتنی تەکنەلۆجیای بەریتانیای مەزن و هەڵکەندنی بیری نەوتی باوە گوڕگوڕ لەساڵی (١٩٢٧)دا، شارێکی سادە و بێهاوتا بوو، (قاموس أعلام)ی مێژوو نوسی تورکی (شمس الدین سامی) کە لەساڵی (١٨٩٠) لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە بۆ نەتەوەکانی ناوچەکەو سوڵتان عبدالحمید روونی دەکاتەوە: (شاری کەرکوك... سێ چارەکی دانیشتوانی کوردن، چارەکەکەی تریان تورك و عەرەب و...). لەم قۆناغەی پێش هاتنی سوپای بەریتانیای مەزن ئەم دێڕە شیعرەمان لە ئافرەتە دوو گیانەکانەوە بۆ ماوەتەوە وەکو فۆلکلۆر:

باوە گوڕگوڕ　　بەگوڕ هاتم
بەگوڕ هاتم　　بۆ کوڕ هاتم.

لە دروست بوونی عێراقەوە (١٩٢١)و پێکەوە لکاندنی (زۆرە ملێ)ی کوردستانی باشوور بەعێراقەوە، بۆ هاوسەنگ کردنی سونەکان بەرامبەر (شیعە) بۆ دەمکوت کردنی ئیمپراتۆریەتی (پەهلەڤی)، کورد تاکو بەیاننامەی یانزەی ئازاری (١٩٧٠)، ئەو دایکە بەستەزمانەی ئاواتەخوازبوو کوڕی ببێت، کوڕە جەربەزەکانیان دەبوونە کۆچی قوربانی کەرکوك و باوە گوڕگوڕ !!! ئاگربەستی نێوان سەرکردایەتی کورد و رژێمی عێراق لە ئاداری ١٩٧٠ بۆ چوار ساڵ مۆرکرا.

هەنگاوی یەکەم :

**کەرکوك ژمارە ١**

ساڵانی حەفتاکان بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی کوردی دادەنرێت، سەردەمی ئاگر







بەست و هێور بوونەوە و پشوو، سەردەمی وێژە و رۆشنبیری و خەباتی پێنووس (قەڵەم) !!! هەر لەو کاتەدا بۆ سەلماندنی کوردایەتی بوونی کەرکوک، یەکەم ڤیستیڤاڵی شیعری کوردی لە هۆڵە دڵڕفێنەکەی سینەما (صلاح الدین) لە رێکەوتی ١٩٧٢/٣/٢٢ سازکرا. هەر لەم نەورۆزی ئاشتی و ئازادییەدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری «گزنگ» وەکو رووناکی باوە گوڕگوڕ دیدەی خوێنەرانی کوردی گەشکردەوە، یەکەم جگەرگۆشەی ژانی شۆڕشی ئەیلول بۆ ئازادی کەرکوک لەدایك بوو، وەکو سەرکردەو رۆماننووس ( إبراهیم أحمد) دەڵێت: شۆڕش ژانی گەلە !!! بۆ ئەم ژمارەیە پەخشکاری تەلەفزیۆنی کەرکوک و شەهیدی قەڵەم (جەبار جەباری) دەڵێت: لە (١٩٧٢/٣/٥) لەلایەن نوسەر وئەدیبانی شاری زێڕی رەش (کەرکوک) ژمارە یەك دەرچووە، بەڵام (د. کمال مزهەر) دەڵێت: ژمارە (١) لە نیسانی ١٩٧٢ دەرچووە... (بڕوانە تێگەیشتنی راستی). بێگومان لەو کاتەش بەعسی فاشیزم دژایەتی کوردی کەرکوکی دەکرد، لەبەر ئەوە لەسەر بەرگەکەی نەنوسراوە (یەکێتی نوسەرانی کورد – لقی کەرکوک) بەڵکو نوسراوە (گزنگ)، ژمارە (یەك





لەسەرەوەو لەژێر تایتڵەکەدا نوسراوە (کۆمەڵە بەرهەمێکی نوسەرانی کەرکوکە). دوای ئەوەی سەرکردایەتی کورد (پارتی دیموکراتی کوردستان) و رژێمی بەعس لەسەر شاری کەرکوك لە دانوستانەکانیاندا نەگەیشتنە ئەنجام، ئاگر بەستی چوار ساڵە کۆتایی هات، گۆڤاری (گزنگ) لە بێشکەدا وەکو هەزاران منداڵی کورد خنکێنرا.

هەنگاوی دووەم :

**گزنگی شاخ ژمارەکان ٢– ١٥**

پاش شەڕی مان و نەمان، پەیمانی رەشی جەزائیر لە نێوان سەدام و شای ئێران لە ( ٦ /٣/ ١٩٧٥) مۆرکرا بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد! تەنانەت لالانەوە و دوعاو نزای دایکانیش بەکوردی بەرامبەر باوە گوڕگوڕ قەدەغەکرا، رژێمی بەعس کەوتە پلاندانان دژی کورد و مێژووی کورد و روناکبیری کورد و سڕینەوەی مۆرکی کوردایەتی. بە نوسراوی ژمارە (١٧٩٨)ی قیادەی بەعس لە (١٩٨٣/٨/٩) یەکێتی نوسەرانی کورد هەڵوەشایەوە و گۆڤاری (نوسەری کورد) داخرا. لە دوا ژمارەی گۆڤاری (نوسەری کورد) بەرێزان (حەمەی مەلا کەریم و مومتاز حەیدەری) دەقی داواکەی صدام و ویستی نوسەرانی کوردی وەك ماڵئاوایی نوسەری کورد بڵاو کردەوە، بەراستی ماڵئاواییەکە بێدەسەڵاتی کورد بوو بەرامبەر (بطل)ی ئومەی عەرەبی، ئەوکاتە عێراق یەکێك بوو لە وڵاتە سەربازییە زلهێزەکان کە ئەمێریکا و رۆژئاوا پێکەوە (Occident) پشتیوانیان لێدەکرد بەرامبەر تەوژمی ئیسلامی ئێران !!! کورد ئەوکاتە لەهیچ هاوکێشەیەکدا لەگەمەی جیۆپۆلیتیکی لۆکەیشنی نەبوو، نە لە بلۆکی سۆشیالیستی و تای تەرازووی سۆڤیەت، نە لە تای تەرازووی سەرمایەداری و ئەمێریکا و رۆژئاوا؟!!

لە نێو پێشمەرگە نوسەرەکانی شۆڕشدا لە گوندی (شێنێ)ی شاخی قاسمە رەش لە (١٩٨٠/١٢/٥) دژی پلانی لەناوبردنی کوردو کوردایەتی، یەکێتی نوسەرانی کوردستان (شاخ) دامەزرا، هەر لە (شێنێ)دا پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نوسەرانی کوردستان (شاخ) ئامادەکرا لە (تەموزی ١٩٨١)، گۆڤاری (نوسەری کوردستان) بەگشتی و گۆڤاری (گزنگ) بۆ لقی کەرکوک/ یەکێتی نوسەرانی کوردستان (شاخ) بڕیار درا. وەك وەڵامێك بۆ رژێمی بەعس دوای دە ساڵ گۆڤاری شاری باوە گوڕگوڕ ژمارە (٢)ی گۆڤاری (گزنگ) چاو و دڵی پێشمەرگە و نوسەران و خوێنەران لە شار و شاخدا روناك و شادبوو، لە ئاداری ساڵی (١٩٨٢) بە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (گزنگ)

قەڵای کەرکوك تاجی ئازادی لەسەرنا !!! ئەم وەچەرخانە لە مێژووی روناکبیری و رۆژنامەگەری شاری (تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیر) گەورەترین چالاکی بوو... وەکو (دوبرێیە)ی نوسەر و شۆرشگێڕی فەرەنسی دەڵێت : شۆڕش لە هەناوی شۆڕشدا !!! پاشان ژمارە (٢)ی گۆڤارەکە لە (ناوزەنگ) چاپ بوو، لەراستیدا ژمارەکە نازانم گەیشتە ناو شاری کەرکوك یان نا. من (ئا.هەمەوەندی) بەهۆی پێشمەرگەکانی تیپی (٢١)ی کەرکوکەوە، لە یادم نیە ڕابەری تیپ (شەهید شوانی موهەندس) بوو یان ئازاد ئەحمەد ئەسوەد (شەیدا/ ئۆستراليا) ژمارە (٣)ی گۆڤاری (گزنگ) پێشکەشم کرد لەمانگی ئابی ساڵی (١٩٨٣) چاپکرابوو و گەیشتە ناو شاری کەرکوك.

لەراستیدا رژێمی بەعس (صدام) لەلوتکەی خۆبایی بوو، شەڕی عێراق و ئێران بوو، وڵاتانی عەرەبی و ئەمێریکا پشتگیریان دەکرد، لەسەر شیعرێك، سرودێك، نەشرەیەکی سەر دیوار کورد لەسێدارە دەدرا. چیرۆکی (سبەی بزە لەدایك دەبێت) لەژێر ناوی (هۆشمەند — کەرکوك)م لەژمارە (٤)ی ئایاری (١٩٨٤) لە گۆڤاری (گزنگ)دا بڵاوکردەوە. لە راستیدا بۆ نوسەرانی شار ئەو کاتە زۆر جەربەزەیی و شانازی بوو لەشاخدا نوسین بڵاو بکەنەوە. بۆ شاری کەرکوك هەر نوسینێك، هەر ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە وەکو شەشتیر و ماوزەڕی دەستی سەر لەشکری شۆڕشی شێخ محمود، شەهید (کەریم فەتاح بەگی هەمەوەند) وابوو،بڕنەوی دەستی (عزالدین قەرەو ئەرپە) بوو، قەڵەمی شەهید شێخ مارفی بەرزنجی بوو کە بەعسیەکانی کودەتای رەشی شوباتی ١٩٦٣، ئەم کەڵە پیاوەیان لە ١٩٦٣/٦/٢٣ لەشەقامی کارەبادا لەسێدارە دا. ئەوکاتە نوسین دژی بەعس کلاشینکۆفی دەستی شەهید سیروان تاڵەبانی و مامە ڕیشەبوو!!! ژمارە (٥) لە حوزەیرانی (١٩٨٤) چاپکرا، (حمە کەریم عارف) مامۆستای ماندوو نەناس و وەرگێڕی گەورەی کورد بۆ ئەم گۆڤارە دەڵێت: لە ژمارە (٦)ی ئەم گۆڤارەوە لە چاپخانەی شەهید نەقیبی موهەندس (ئیبراهیم عەزۆ) چاپکراوە، بەڵام بەهۆی گواستنەوەی سەرکردایەتیەوە ژمارەکان (٢ — ١٥)ی شاخ لەناوزەنگ و هەڵەدن و سەرگەڵو و گەورە دێ چاپکراون!! بۆ شارەزایی ئەدەب دۆستان و بیبلۆگرافیاکاران دوا ژمارە (١٥)ی شاخ لەدوای ئەنفالە بەدناوەکە لە نیسانی (١٩٨٩) لە چاپخانەی شەهیدی بیری نوێ (عبدالخالق






معروف)دا چاپکراوە. گۆڤاری (گزنگی بچوك) سێ ژمارە بۆ منداڵان لەشاخدا چاپکرا، هەروەها پاشکۆی گۆڤاری گزنگ (شانۆ) و تایبەت بەشانۆ لە (١٩٨٥) چاپکراوە.

هەنگاوی سێیەم :

**گزنگی ڕاپەڕین ژمارە ١٦ و ١٧**

لەدوای راپەرینە مەزنەکەی (١٩٩١) شاری کەرکوك لەنەورۆزی ١٩٩١ ئازادکرا و تاجی سەرکەوتنی لەسەرنا، بەڵام بۆ بەدبەختی کەرکوك بڕیاری (٦٨٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێڵی سەیف زۆن ئەم شارەی نەگرتەوە. ژمارە (١٦)ی (گزنگ) لە ئەیلولی (١٩٩١) چاپکرا. ژمارە (١٧)ی (گزنگ) لە کانونی یەکەمی (١٩٩١) چاپکرا، لەدوا ژمارەدا وەرگێڕی ریکخراوە مرۆڤایەتیەکان بووم، چاوپێکەوتنی شاعیری گەورە (شێرکۆ بێکەس) و ئینتەر ڤیو لەگەڵ سەرۆکی رێکخراوی پزیشکانی بێ سنور (MSF)م بۆ گۆڤاری گزنگ سازدا.

هەنگاوی چوارەم :

**گزنگی ئازادی کەرکوك**

**ژمارەکان ١٨ — ٨٤**

بێگومان لە دوو قۆناغی شاخ و ڕاپەڕین... هەموو دانیشتوانی کەرکوك سەری ڕێز و نەوازەش دادەنەوێنن بۆ ئەم پێشمەرگە ماندوو نەناسانەی باوە گوڕگوڕ (حمە کەریم عارف و ئەحمەد عارفی برای، محمد موکری) ئەم سێ بەڕێزە بە ئامێری سادەو نەبوونی کاغەز لەشاخدا ئەو هەموو ژمارەیان چاپکردووە، هەڵە بڕ، پیت رێکخستن، پێداچوونەوە، بڵاو کردنەوە، وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی بابەت، تەنسیقی شاخ و شار، وتاری جۆراوجۆر، سیاسەت و ئەدەب بەرهەمی شەونوخونی و ماندوویی ئەم مامۆستایانەن. ئەگەر ئەدەبی ئینگلیزی شانازی بە رۆماننووس (جەیمس جۆیس) بکات، بەتەکنیکی فلاش باك و گەڕانەوە لە (Ulysses) رێچکەی رۆماننووسە ڤیکتۆرییەکانی (١٨٣٢ — ١٩٠١) شکاند، ئەوا کوردیش شانازی بە مامۆستا (حمە موکری)ی کەرکوك دەکات لە (سەگوەڕ) و (هەرەس) رێچکەی رۆمانی کۆنی شکاند!!! چۆن شاعیری گەورەی کورد (شیرکۆ بێکەس) لە شەهید بوونی مامە ڕیشەدا (کوڕی بابە گوڕگوڕ)ی نووسی، ئەم نازناوە بە راستی شایانی مامۆستا موکری نەمرە. مامۆستای چیرۆك و وەرگێڕان (حمە کریم عارف) وەك کۆڵنەدەرێك و سەرنوسەری گۆڤاری (گزنگ) لەقۆناغی چوارەمدا دوای پرۆسەی ئازادی کەرکوك لە (٢٠٠٣/٤/١٠) ژمارەی وئازادی (١٨) لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤

خستە بەر دیدەی خوێنەری تامەزرۆی زمانی کوردی لەم شارەدا، چۆن گۆڤاری (شەفەق)ی شەستەکان گوازرایەوە بۆ سلێمانی کە گۆرانی شاعیر سەرنوسەر بوو ناوی گۆڕی بۆ (بەیان)، پاشان گەڕایەوە کەرکوک بەناوی (شەفەق) هەتا لە سێدارە دانی (شێخ مارفی بەرزنجی) لەلایەن بەعسیەکانەوە ئەم سەرنوسەرە بەڕێزە گۆڤاری دوای سی و دوو ساڵ گەڕانەوە بۆ ئامێزی گەرمی باوە گوڕگوڕ، ژمارەی بەردەوام و خەرمان بەرەکەت (٦٧) ژمارەی لە کەرکوک زیادی کرد هەتا ٢٠١٠، پاشان شاعیری هەست ناسک (بورهان ئەحمەد) بە سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد هەڵبژێردرا، گۆڤاری گزنگ وا بەرەو لووتکەی (١٠٠) هەنگاو دەنێت، بابەگوڕگوڕ ئەرکی داگیرساندنی سەد مۆمی تەمەنی کەرکوک لە ئەستۆ دەگرێت، قەڵای کەرکوک سەد تاجی زێڕین لەسەر دەنێت.

هەنگاوی پێنجەم :

**ئەنجام و سامپڵ**

لەئەنجامدا حەز دەکەم دەستی کاک (نەوزاد علی أحمد) بگوشم بۆ ئەو لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا نایابەی کە بۆ گۆڤاری گزنگ ئەنجامی داوە لە ساڵانی (١٩٧٢) بۆ (١٩٩١). بەرێکەوت کاک نەوزاد لەکۆتایی کتێبەکەیدا کە (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) ساڵی ١٩٩٩ چاپی کردووە، دوو بەرگی گزنگی ژمارە (٤) ئایاری (١٩٨٤) و ژمارە (١٧)ی ١٩٩١ وەکو سامپڵ فۆتۆ کۆپی کردووە. لە هەشتاکاندا ژمارە (٤)ی گزنگ و هەندێ گۆڤاری (کۆمەڵە) و ڕۆمانی موکری و نەوشیروان مستەفام لەژێر قەنەفەیەکی کۆندا تەختەرێژ کرد، لەبەیتونەدا حەشارم دابوو. دوای گەڕانەوەم لەدەرەوەی وڵات لەکۆتایی ٢٠٠٥، نۆستالجیای چەک و قەڵەمی هەشتاکان، شۆڕش و کۆمەڵەی ڕەنجدەران و کوردایەتی بەدیوە پاک و جوانەکەیم هاتەوە یاد...... ئەمە سامپڵێکە ژمارە (٤)ی گۆڤاری (گزنگ) بۆ هەموو ژمارەکانیتر، پێش چارەکە سەدەیەک ئەم بابەتانە نوسراوە:

* وتەی ژمارە.
* لێکۆڵینەوەو ڕەخنە:
* تەوار (تێگەیشتنی ئەدەبی ڕەسەن)
* حەمە سەعید حەسەن (شۆڕبوونەوە بەناخی کۆمەڵە شیعری – ژوان – دا)
* ئەبوبەکر خۆشناو (شاندرۆ پیتۆفی)
* جیهانی چیرۆك:
* م. موکری (مۆتەکە)
* ڕەوەز (جاشکە ڕەشە بچکۆلانەکەم – پادریاك ئۆکانێر)





* پشتیوان (زامەکان سارێژدەبن)
* گۆڤەند (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم – بزرگ علوی)
* هۆشمەند (سبەی بزە لەدایك دەبێت!)
* دیوانی گزنگ:
* جوامێر (دووڕیان)
* مۆید طیب (سترانەکا زەلاڵ ژ زیندانەکا شیلی)
* دلاوەرە محمود (خۆری زیندان)
* کاروان (وەڵامێکی کورت)
* هێدی (گوڵی ئاشتی)
* دەنگی دەروون :
* سعدالله پەرۆش ( دەنگ و دەنگدانەوە)
* جواد شفیق (کارەسات)

بێجگە لە محمد موکری، حمە سعید حسن، أبوبکر خۆشناو، مۆید گیب (دهۆك)، دلاوەر محمود، سعدالله پەرۆش، جواد شفیق (شەهید فەرەیدونی کەرکوك)، ئەمانە ناوی خوازراوی نوسەرانی شارەکانن:

* جوامێر (شێرکۆ بێکەس)
* تەوار (ئازاد عبدالواحیدی گۆڤاری – رامان-)
* دلاوەر (د. مارف عمر گوڵ –کەرکوك-)
* هۆشمەند (د. ئازاد هەمەوەندی – کەرکوك-)
* گۆڤەند (حمە کریم عارف –کەرکوك-)
* ڕەوەز (غالب محمد –کەرکوك-)
* هێدی (شاعیری کوردستانی ئێران)

جوامێر (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

گەر بەدەنووك کۆتری سپی
گەڵا زەیتونی بۆ هێنام
ئازادی لەسەر لوتکەوە خۆی نیشاندام!!!
شەهید وتی: من دڵنیام
رووبار وتی: روونە رێگام
درەخت وتی: نەڕنراوە قەد و باڵام
ئەوسا منیش بۆ هێلانەی
کۆتری سپی
تەنها هەر دڵم شك ئەبەم
پێشکەشی کەم!!!

## لە ئەرشیفی تایبەتیی "ئەحمەد تاقانە" وە



شێرکۆ بێکەس ۱۹۷۰

# من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ...

چـل سـاڵ لەمەوبـەر، ڕێـك لـە ڕۆژانـی ( ٢١ – ٢٢ / مـارت / ١٩٧٢ ) (*) دا میهرەجـانی گەورەی شیعری کوردی لە کەرکووك بەڕێوە چوو، کە یەکەم میهرەجانی شـیعری کـوردیش بوو، " شێرکۆ بێکەس " ی شاعیری هەرەگەورەی ئەم سەردەمەمان، ئـەم شـیعرەی، بـەو ناونیشانەی سەرەوە... لەو میهرەجانەدا بۆ کەرکووك خوێندەوە.

وێڕای ئاواتی – بە تەندروستییەوە – تەمەنی درێژ بۆ خواستن، شـیعرەکە بـە دەسـتخەتی شاعیرخۆی، بە شاعیر و خوێنەران و شیعردۆستان پێشکەش دەکەین.







« من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ !»

شێرکۆ بێکەس

ئادەم .. ئادەم
ئاوی .. تینووم
سەرچاوەکەم : لە ڕەی شەونێکی سوێردا ،
هەڵ ئەقوڵێ .
جێ پێی شەپۆلی خنکاوی ،
خۆی هەڵ ئەگرێ .
ئاوی تینووم ..
ڕووباری ئاواتی ماندووی ، ڕەوەو زەریا ،
" سەر هەڵگرتووم " .
بە ژێر پردی ئێسکی شەهیدی نۆ ساڵەو ،
سبەینێ دا .. تێ ئەپەڕم ..
ڕۆژی خوێناوی خۆم ئەسڕم .
ئاوی تینووم ..
هەتا سەر بەرەو خوار بڕۆم ..
تا دەم و چاوی غەریبیم ، ..
لە ڕێگەی دوورترا بشۆم .. ،
لە تینوێتیم ئەخوڕێتەوەو .. خۆم هەر تینووم !
هەتا درێژتر .. بڕەوە
هەتا بادەش بۆ داهاتووم بگرمەوە .. ،
بواری ترسم : لە چاوی مەلەوانە پیرەکانا ،
قوڵتر .. ئەبێ .
هاژەی گەڕووم : لە گوێی کەشتیوانە ،
کوێرەکانا ، بە گوێزرو .. خۆشتر ئەبێ

ئاوی تینووم ..
جۆگەیەکم : لەکەنارما خەم شین ئەبێ
ئازار .. ئەڕوێ و گوڵ دەرئەکا
چڵ .. تاجی گڕ .. لەسەر ئەکا ،
خوێن بولبولەو .. بۆی ئەخوێنێ .
ئاوی تینووم ..
⊛ خەمۆکی خوێی نامەکانم .. ئەخواتەوە .
پێستی قڵیشاوەی دڕمی ،
لەشی وەرزی ساڵەکانم .. ئەخواتەوە .
من .. فرمێسکم : چاوەکانم ئەخواتەوە .
من .. گریانم : پێکەنینم ئەخواتەوە .
گۆی بێدەنگیم .. : هاواری چەمەکانم ئەخواتەوە .
پرسەکانی حوزەیرانم ،
جەژنەکانی مانگی مارتم ئەخواتەوە !
ئاوی تینووم
من .. تینوێتیم ئەخواتەوە .
شێرزەییم : دڵ پیاییم هەڵ ئەمژێ .
هەناسەم : سییەم هەڵ ئەمژێ .
برینەکانم : جێی ساغم ساڕێژ ئەکەن .
زیندانەکانم : ڕووناکی هەڵ ئەهێنجن .
گوناهەکانم : نوێژ ئەکەن !
شەدەکانم : ڕۆژوو ئەگرن !
" ئاوی تینووم " .
نانی برسیێم ،
هەژارەکانی تێرم ئەکەن .
خۆری دیلم ،
دیلەکانی .. ئازادم ئەکەن .
گرێ گرتەم : لە خانوی تاپۆ کراوی ،





پشتاوپشتی شاری خۆما !
من نەدیەو نەناسیاوم ،
لەناو هۆزوکەس وکاری .. دیاری خۆما .
چاوم .. لەباخی زستانا پشکوتووە
لەدارستانی ئازارا پێم گرتووە
دارەوانێکم : بەداری سێدارەما
بەپەتی بەر قەنارەما ،
بەمردنما .. هەڵ ئەگەڕێم ..
شاخەوانێکم : بەشاخی ژانەکانما ،
هەڵ ئەزنێم .
من .. تینوێتیم ئەخواتەوە
من .. تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ ،
بۆیە هاتووم .
بەسواری ئەسپی ڕەشەبای ، شیعر هاتووم
هاتووم .. هاتووم
ئاگردانی ساردەوە بووم :
بۆ پشکۆی هۆنراوە .. هاتووم
تۆوی ووشەم : بۆ لای کێڵگەی بیرم هاتووم .
لق و پۆپم : بۆ لای ڕەگ و ڕیشەم هاتووم .
- لەش - م : بۆ لای سەرم هاتووم .
- گەروو - م : بۆ لای دەنگم هاتووم .
ئاوێنەم : بۆ سەیری شێوەی ،
ئاوارەو وێڵی خۆم هاتووم !
نامەیەکم : بەڕێی پۆستەی خەما هاتووم
بەناو نیشانی شەهیدێک .. کە گۆڕەکەی ،
هەتا ئێستاش .. لە گۆڕهەڵکەن ،
ڕائەپەڕێ !

بەناو نیشانی شەهیدێک .. کە گۆڕەکەی ،
ئەبێتەوە .. بە سەنگەرێ .
کە .. چەکەکەی
ئەچێتەوە .. دەس دروێنەی جەنگاوەرێ .
بەناو نیشانی شەهیدێک .. کە کفنەکەی ،
مێرگەو .. گوڵاڵەی نەورۆزی لە سەر ئەڕوێ .
نامەیەکم : خوێن نووسیومی
دەستی گوللە .. هەڵی گرتووم
بردووسکە .. پڕی چاومی تێ وە
لەگەڵ هەوری بارانێکی سوورا .. هاتووم
نامەیەکم : لە بەندیخانەی گیرفانی .. نامەبەردا ،
هێشتا بەندم ..
نەگەیشتم .. بە یارەکەم .. نەگەیشتم
لەو ساڵەوە .. بە تەنیا هەر ،
زەرفەکەم .. ئەمخوێنێتەوە .. !
لەو ساڵەوە .. چاو لە مستم !
تابلۆیەکم : لە سنووری چوار چێوەکەم ،
دەرباز ئەبم .
ڕەنگەکانم .. ناگرمە خۆ ..
شووشەی ڕووپۆشم ئەشکێنم
ئەم ڕوخسارەم ئەسڕمەوە ..
من .. سەرلەنوێ
بە نەوەی نوێ .. ،
ڕەنگەکانم .. ئەگرمەوە .
شەقامێکم : لە قەرەباڵغی خۆم بێزارم .
خەنجەرێکم : لە کێلانی خۆم بێزارم .
هەڵبەستێکم : لە زمان و ڕێزمانی خۆم بێزارم !





ئاوی .. تینووم ..
بە شوێن شەپۆلی خنکاوی خۆما هاتووم
چرایەکم ، بە شوێن گڕی خۆما هاتووم ..
لەگەڵ پەپوولەی فرمێسکی ، سەر کارێزی ،
چاوی ئاڵی .. بەرەبەیانی ئاسۆدا
کەوتوومە .. ڕێ .
لەگەڵ کۆتری ، دەنگی سپی زامداری ،
« پێنجاسۆ » دا .. کەوتوومە ڕێ .
لەگەڵ دووکەڵی هەواڵ و .. بۆکڕووزی ،
جەرگی سووتاوی « سابڵاغا » .. کەوتوومە ڕێ .
بە فڕۆکەی سەنگەری « بەرزانی » هاتووم !
لە فڕگەی خوێنی « ڤێتناما » ئەنیشمەوە !
لە ماڵی شێعری کۆچەری ،
« مەحموود دەرویشا » ئەبم بە ..
میوان .
« جیکۆر » ئەکەم بە دەزگیران .
دەس لەگەڵ « بایرۆن » دا .. ئەگرم ..
لە « شایی خوێنی » ی « لۆرکا » دا .. هەڵئەپەڕم .
بە ژێر پردی ئێسکی شەهیدی نۆ ساڵەو ،
سبەینێ دا .. تێ ئەپەڕم
ئاوی تینووم ..
« بابەگوڕگوڕ .. بەگوڕ هاتووم » ..
من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ ،
بۆیە هاتووم ..
وەرە .. ئەی گڕ ..
وەرە .. شەختەی قوڕگی گەلی ترسەکانمان ،
بتوێنەوە ..

ڕووپۆشی سەر دەم وچاوی ئاوەژوومان ،
بسووتێنە .
تاریکیمان : بخوێنەوە .
گلۆپی مەمکی کوژاوەی دایکەکانمان ،
هەڵگیرسێنە .
پشکۆی نووستووی ، ژێر خۆڵەمێشی مێژوومان ،
هەڵبسێنە .
وەرە .. ئەی گڕ ..
وەرە ..
خۆشەویستیی .. تاڵان .. بەرێ
شانەی هەنگوینمان لەگەڵ ،
داری ژاڵەو بیبڕا .. بەرێ
چەپکە گوڵان .. لە ئینجانەی دڕکا بەرێ
پێکەنینمان لەناو شاری .. ڕقا بەرێ
وەرە .. ئەی گڕ ..
وەرن .. ئەی شاعیرانی گڕ .. ،
وەرن ..
ئێشکی چاوی ناو ژیلەمۆی ، سالی تازەی ،
شیعر .. بگرن .
ئێشکی .. ووشەی ،
نەزاوی ناو - منالدانی - ،
بیری سبەینێتان .. بگرن .
وەرن ..
ئەی شاعیرانی گڕ وەرن ، :
سەرچۆپی لەگەڵ بلێسەی ، زەماوەندی ،
زاوای ناو دۆزەخا .. بگرن .
وەرن لەبەر :
مانگەشەوی ، هەڵهاتوو لەناو پەنجەرەی .. ،





کۆشکی .. هەورا
کە پۆپەشینی تریفەی زەردی داوە ،
بەسەر گوڵکۆی .. بووکی بەفرا .. ،
شیعر .. دانێن .
وەرن لەبەر :
کڵپەی بێشکەی ساواکانی .. گوندەکانا
لەبەردەمی هەتاوی کلاو ڕۆژنەی ..
ماڵ و پەستی ، ناو زیندانی بەندەکانا
شیعر .. بڵێن ..
وەرن لەبەر :
میکرۆفۆنی سەری بەنێزە هەڵگیراوی "ڤێت کۆنگ" ،
پێشمەرگەدا .. شیعرەکانتان بخوێننەوە !!
وەرن لەکۆڕی دڵدارە برسێکاندا ،
لەژێر کەپری ، بێ سێبەری ماندووەکاندا ،
تێ چرپێنن ..
چەخماخە بن .. بگرمێنن ..
لێزمەی بارانی شۆڕشێ .. ببارێنن .

●

ئاوی .. تینووم ..
ئەو چیرۆکەم ، بارانی بەهار ، داینام
لافاو : لە شاری خنکاوا ناوی نام
ئاوارەکانی سەر زەمین ،
بۆ یەکتریم ئەگێڕنەوە .
ئاوی تینووم ..
هیوایەکم : ئەترسێیم پێش خۆم خستووە
بێداریم : بۆتە ڕابەرم ،

له هه‌ر شوێنێ شه‌هیده‌کان بمخوێنه‌وه .
له هه‌ر شوێنێ که «چوارچرا» و .. ،
«قاشلی» و «ڕوان»یلی .. لێ بێ ،
له هه‌ر جێیه‌ك وه‌کوو ئێره :
گڕ .. تیماری برین بکات ..
برین به پیر زه‌رده‌خه‌نه‌ی ،
هه‌ڵپڕوکاوه‌وه .. بچێ .
له هه‌ر جێیه‌ك :
قوربانی : به شوێن چه‌قۆدا ڕا بپێرێ .!
ده‌غڵ : له دوی داس بگه‌ڕێ ..
مل .. به شوێن په‌تی سێداره‌وه ،
قه‌ناره‌ی خۆیدا .. بنێرێ ..
له هه‌ر جێیه‌ك .. قه‌ڵه‌م ببێته مناره‌و ،
پێش مه‌رگه .. بانگی تیا بدا ..
له هه‌ر جێیه‌ك .. سێبه‌ری خۆر ،
ده‌ستی به‌رپاوی «گێفارا»ی هه‌ق هه‌ڵبڕێ
له هه‌ر شوێنێ .. مردن : بمرێ !

ئاوی تینووم :
خواره‌ی خوێنی مێژووی هه‌ڵچووم
ئه‌وه‌نده‌ی هه‌م ، له تینوێتیم ئه‌خورێته‌وه‌و ،
خۆڵم هه‌ر تینووم .
داری .. به‌ڕووم :
هه‌زار ته‌ورم خسته گریان !
من به‌ پێوه‌ زامه‌کانی خۆڵم ڕاوه‌ستان
من به پێوه .. من به ڕێوه ،
ئه‌بێ بمرم .. ئه‌ی : ته‌وره‌کان !





ئاوی تینووم :
ئه‌ورۆزێکم : هێشتاکوو .. نه‌کراوه‌ته‌وه .
ئێرگزێکم : هه‌تاکوو ئێسته نه‌ڕواوم
به‌فرێکم .. نه‌تواوه‌ته‌وه ..
پرسه‌یه‌کم : هه‌ڵ نه‌ستاوم !!
جۆگه‌یه‌کم : له‌که‌ناریا خه‌م شین ئه‌بێ
ئازار ئه‌ڕوێ و گوڵ ده‌رئه‌کا
چڵ .. تاجی گڕ .. له سه‌ر ئه‌کا
خوێن بولبوله‌و .. بۆی ئه‌خوێنێ .

شێرکۆ بێکه‌س
سلیمانی
١٩٧٢/٢/٢٠.

(٨) چه‌م خۆرك : به‌و ئه‌رزه ئه‌وترێ که له‌ژێر پێدا ڕۆ بچێت .

**پەراوێز:**

**( ١ ) دواتر شیعرەکە لە لاپەڕە ( ٣٥ – ٤٥ ) ی ئەو کۆمەڵە شیعرەدا بڵاوکرایەوە کە هەر بەو ناوەوە لەلایەن وەزارەتی ڕاگەیاندن – بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی کوردی – یەوە، ساڵی ١٩٧٤ لە چاپخانەی ( دار الحرية/ مطبعة الحكومة ) دا لە بەغدا چاپ کراوە.**

**( ٢ ) میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکووک**

**دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی لە سەر پێشنیاری لیژنەی ڕۆشنبیری، بڕیاری دا لە ڕۆژانی ( ٢١ ، ٢٢ ) ی مارتی ١٩٧٢ دا لە شاری کەرکووک، وە لە ژێر درووشمی ( شیعر و نەورۆز و ئازار ) دا، یەکەم مەهرەجان بۆ شیعری کوردی پێك بهێنێ. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی تایبەتی دانا لە مامۆستایان: ( عەزیز عەقراوی، حسەین عارف، دوکتۆر مارف خەزنەدار، دوکتۆر ئیحسان فوئاد، سەعید ناکام، سادق بەهادین، جەلالی میرزا کەریم، محەمەد بەدری، فەرەیدوون عەلی ئەمین ). دواجار لیژنەکە خۆشی مامۆستایان ( جەمال خەزنەدار، عوسمان خۆشناو، تاهیر سادق ) ی کرد بە ئەندام لە خۆیدا.**

**سەرچاوە:**

**نووسەری کورد – گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد – ژمارە ( ٦ ) مارت – نیسان ١٩٧٢ – سەرنووسەر: دوکتۆر مارف خەزنەدار – چاپخانەی ( الزمان ) بەغدا ١٩٧٢ – لاپەڕە ( ٩٢ – ٩٣ ).**



د. عادل گەرمیانی

# کێشەکانی ناسنامەی دەقی ڕۆمانی کوردی

هەمیشە ڕۆمان ، وەك بەرهەمێکی ئەدەبی ، هەروەها وەك هونەرێك لە هونەرەکانی گێڕانەوە ، خاوەن پانتاییەکی بەرفراوانی خۆیەتی بەهۆیەوە لە سالأنی دوورو درێژی تەمەنی خۆی توانیوویەتی چەندین کێشەی مرۆڤایەتی لە چەندین قوژبنی جیهاندا بەرجەستە بکات ، هەروەهاش تووانیوویەتی نەمریی بۆ هەندێ ڕۆماننووس تۆمار بکات .

هونەری ڕۆمان لە ماوەی زیاتر لە چوار سەدەی تەمەنیدا ، ئەگەر ڕۆمانی ( دۆن کیخۆت )ەی سیرفانتیس لە سالّی ١٦٠٥ بە نۆبەری ڕۆمان لە ئەدەبی جیهانیدا دابنەین ، تووشی چەندین گیروگرفت بووە لەڕووی پۆلێنکردنی ڕەگەزیی ، چونکە هەندێ دەقی ڕۆمان لە گێڕانەوەی خودنامە دەچێت و ، هەندێ دەقی دیکەی ڕۆمان لە گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوی مێژوویی ڕووت دەچێت و ، هەندێکی دیکەیان زۆر لە دەقی شانۆ نزیك دەبێتەوە بەحوکمی ئەوەی پانتایی دانساندن تێیدا زۆر زیاترە لە پانتایی گێڕانەوە کەوا بربڕەی هونەری ڕۆمانەو ، هەندێ دەقی ڕۆمانیش هەیە نزیکترە لە سروشتی هونەریی چیرۆکی درێژو ، هەندێ دەقی ڕۆمانیش هەیە بە دەست کێشەی زمانی دەقەوە دەناڵێنێ بە تایبەتی لەو ولأتە داگیرکراوەکانە کەوا سڕینەوەو پاشگوێ خستنی زمانی نەتەوەییان لەلایەن داگیرکەرەوە دیاردەیەکی زەقی فەرهەنگیانە ، وەك لە ولأتانی ڕۆژئاوای عەرەبی بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت . باشترین نموونەش ڕۆمانەکانی کاتب یاسین و ڕەشید بۆجدرەو ئەلتاهیر بن وەتارو ئەلتاهیر بن جەلون ، کەوا بە زمانی فەرەنسایی ڕۆمانیان نووسیووەو ، نە ڕەخنەی ئەدەبیی فەرەنسایی ئاوەڕیان لێدەداتەوە لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆماننووسانە بەڕەچەڵەك فەرەنسایی نین و ، نە ڕەخنەی ئەدەبیی عەرەبیش ئاوەڕیان لێدەداتەوە لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆمانانە بە زمانی عەرەبی نەنووسراونە . لەم دیاردە خراپتر بەرهەمی ئەو هۆنیارو چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە کوردانەیە لە سووریاو عێراق کە بە زمانی عەرەبی بەرهەمیان نووسیووەو ، لەلایەن ڕەخنەگرو لێکۆڵەرانی عەرەبەوە بە ئەنقەست ئەم جۆرە بەرهەمانە پشتگوێ خراونە لەبەر ئەوەی نووسەری ئەم جۆرە بەرهەمانە عەرەب نین . بۆ نموونە لە سالأنی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن سلیم السامرائی ئەنتۆلۆجیای چیرۆکی عێراقی و ئەنتۆلۆجیای شیعری عێراقی دەرچوو ، لەهەردوو ئەنتۆلۆجیاکە ناوی ئەو هۆنیارو چیرۆکنووسە کوردانەی تێیدا نییە بە زمانی عەرەبی بەرهەمیان نووسیووە . تەنانەت ڕۆماننووسێکی داهێنەری وەك سەلیم بەرەکات بە ئەنقەست ڕۆمانەکانی فەرامۆش و پشتگوێ دەخرێن لەو کتێب و نووسینە ڕەخنەییانە لەبارەی ڕۆمانی عەرەبییەوە چاپ و بلأوکراونەتەوە ، لە کاتێکدا ئەم داهێنەرە کوردە بەزمانێکی عەرەبیی ئەوتۆ دەنووسێت ڕۆماننووسە عەرەبەکانی سەرسوورمان کردووەو ، لەو باوەڕەدام هیچ ڕۆماننووسێکی عەرەب نەیتوانیووە وەك سەلیم بەرەکات تەلیسمەکانی ڕیالیزمی سیحراوی و جوانیەکانی فانتازیا لەنێو ڕۆمانەکانیان بەکار بهێنن . بۆیە ئەم جۆرە کێشەی زمانی دەق لە ڕۆمانی کوردیدا پێویستی بە چەندین هەڵوێستی نەتەوەیی و ڕەخنەیی هەیە بۆ ئەوەی داهێنانی سەلیم بەرەکات و یەشار کەمال و عەلی ئەشرەف دەروێشیانی و د. بورهان شاوی و ئەستێرەکانی دیکەی ئاسمانی ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخ زیاتر ببنە مایەی

دەرەوشانەوەی هونەری ڕۆماننووسینی کوردی ، نەك بە ئاسانی لەبەر زمانی دەق بخرێنە دەرەوەی بازنەی ناسنامەی دەقی ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخ .

ڕۆمان ، وەك دەق و ڕەگەزێکی ئەدەبی ، خاوەن ناسنامەی تایبەتیی خۆیەتی لەڕووی نەتەوەیی و جۆری ڕەگەزی ئەدەبیی لەبواری تیۆری ئەدەبدا ، کە بەهۆیەوە لە دەقەکانی دیکەی ئەدەب وەك شیعرو چیرۆك و شانۆ جیا دەکرێتەوە . هەندێ لایەن هەیە وەك زمانی دەقی ڕۆمان و ڕەچەڵەکی نووسەری دەق و کەشوهەوای دەق وەك سروشتی ڕووداوەکان و ناوی پاڵەوان و کەسێتەکانی ، گشت ئەمان بەلامانەوە دەبنە ناسنامەی نەتەوەیی بۆ دەقی ڕ‌ۆمانەکە ، کەوا لەبواری بەراوردی ئەدەبیدا گرنگی خۆی هەیە لەنێو قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبیدا ، کەواتە هەموو دەقێکی ئەدەبی دوو ناسنامەی ئەدەبی و نەتەوەیی هەیە .

ئەدەبی کوردیی نوێ و هاوچەرخ ، هەروەك زمانی کوردی ، بەدەست چەند کێشەیەکەوە گرفتارە ، بە تایبەتی ڕۆمانی کوردی ، کەوا هەر لەگەڵ یەکەم هەنگاوی سەرهەڵدانی کێشەی ناسنامەی دەقی بۆ دروستبوو ، چونکە خودی ئەحمەد موختار جاف لەسەر بەرگی ڕۆمانەکەی ( مەسەلەی وێژدان ) ، کە لە ساڵی ١٩٢٨ دەسنووسەکەی نووسیووە ، جۆری ڕەگەزی دەقەکەی یەکلا نەکردۆتەوەو نەینووسیووە ڕۆمانە یان چیرۆکی درێژە . هەر ئەم لایەنە بوو هەندێ لێکۆڵەر بە چیرۆکی درێژ ( پۆفسێت ) دایبەنێن وەك د. ئیحسان فوئادی پارێزەرو چاپکەری ئەم دەقە لەساڵی ١٩٧٠ بۆی دەچێت و ، هەندێ لیکۆڵەری دیکە پشتگیری بۆچوونەکەی دەکەن وەك حوسێن عارف لە کتێبەکەی ( هونەری چیرۆکی کوردی )و دڵشاد عەلی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە ناونیشانی ( مەسەلەی وێژدان وەك بەرهەمێکی بزووتنەوەی ڕوناکبیری ) . هەندێکی دیکەیش ئەم دەقەی ( مەسەلەی وێژدان ) بە کورتە ڕۆمان ( نۆڤلێت )ی دادەنێن وەك د. عەبدوڵلا دەباغ لە لێکۆڵینەوە عەرەبیەکەیدا بەناونیشانی ( نقره جديده على روايه مسأله القمير )و د. ئیبراهیم قادر لە نامەی ماستەرەکەیدا ( ڕۆمان کوردی لە عێراقدا )و بەندەش لە نامەی ماستەرەکەمدا ( ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا ) . لەهەموو سەرنجڕاکێشتر بۆچوونەکەی د. عیزەدین موستەفا ڕەسووڵە ، کەوا لە پێشەکییەکەی بۆ وەرگێڕانە عەرەبییەکەم بۆ ئەم کورتە ڕۆمانە ئاماژە بەوە دەکات





مەسەلەی وێژدان لەڕووی جۆرەوە کەرەسەیەکە بۆ نووسینی ڕۆمانێکی درێژ لە کورتە چیرۆکێکدا کۆکراوەتەوە ..

دەقی کورتە ڕۆمانی ( مەسەلەی وێژدان ) ، وەك نۆبەری ڕۆمانی کوردی لە ساڵی ١٩٢٨ نووسراوەو لەساڵی ١٩٧٠ چاپکراوە ، لەڕووی نەتەوەییەوە کێشەی ناسنامەی دەقی نییە ، چونکە نووسەرەکەی کوردەو ، زمانی دەق کوردییە و سروشتی ڕووداوەکانی و کەشوهەوای دەقەکە لە ناوچەیەکی کوردیدایە ، بەڵام وەك لەسەرەتا باسمان کرد تا ئەم ڕۆژگارە کێشەی ناسنامەی ئەدەبیی هەیە ، چونکە سروشتی جۆری دەقەکە لەڕووی تیۆری ئەدەبەوە وەکو وتمان یەکلا نەکراوەتەوە ، هەرچەندە هەبوونی ڕووداوی سەرەکی ( لەدەستدانی ویژدان )و چەندین ڕووداوی لاوەکی لەلایەك و ، لایەنەکانی کەشو هەوای دەقەکە شایەتی بە ڕۆمانبوونی ئەم دەقە دەدەن .

ئەم جۆرە کێشەی جۆری ڕەگەزی ئەدەبی لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەشێوەیەکی دیکە لەنێو ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا ڕەنگیدایەوە ، چونکە کۆمەڵێ دەق بڵاوکرانەوە لەڕاستیدا کورتە چیرۆکن کەچی لەسەر بەرگەکانیان نووسراوە نۆڤلێت ، یان چیرۆکی درێژن کەچی لەسەر بەرگەکانیان نووسراوە ڕۆمان . ئەم زاراوەی ڕامان بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٣٦ لەلایەن محەمەد عەلی کوردی یەوە لەسەر بەرگی دەستنووسی کورتە ڕۆمانەکەی ( نازدار ) تۆماری کردووە ، کاتێك دەڵێت : ( ڕۆمانێکی خیالیە لە ١٠٠ لاپەڕەیە ) ، مەبەستیشی سەد لاپەڕەی دەفتەری بچووکی قوتابیانی سەرەتایی ئەو سەردەمە بوو ، چونکە دەقی ئەو ڕۆمانە لەناو ئەو جۆرە دەفتەرە نووسراوبوو ، بەڵام ئیسماعیل ڕۆژبەیانی بە یەکەم نووسەری کورد دادەنرێت زاراوەی ڕۆمانی بەشێوەیەکی دروست لەسەر بەرگی ڕۆمانەکەی ( نازە )ی بەکارهێنا ، کەوا لە ساڵی ١٩٨٠ چاپیکرد . ئەم کێشەی نێوان پۆڤیست و نۆڤلێت ، یان لەنێوان چیرۆکی زۆر درێژو ڕۆمان ( نۆڤل ) تا ئەم ڕۆژگارە بەردەوامەو لەنێو جیهانی ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا یەکلانەکراوەتەوە .

هەروەها لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ کێشەی ڕۆمانە شیعرمان بۆ پەیدابوو ، چونکە هەندێ هۆنیار ( شاعیر ) بەبێ وردبوونەوەی لە سروشتی دەقەکەی ئەم جۆرە زاراوە تازەیە لە جیهانی ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا بەکاردەهێنن ، کەوا زۆر جار خوێنەری هاوچەرخ تووشی چەواشەکاری دەکات لەبواری دیاریکردنی ڕەگەزی دەقەکەدا ، چونکە پانتایی

گێڕانەوەی ئەم جۆرە دەقانە ، كەوا بەشێوەی شیعر نووسراونە ، هاوشانی گێڕانەوەی نێو ڕۆمان نییە ، هەروەها سروشتی بینای ڕووداوی نێو ئەم ڕۆمانە شیعرییانە هاوشانی بینای ڕاستەقینەی ڕووداوی نێو ڕۆمان نییە لەڕووی هەبوونی تانوپۆو هەبوونی ڕووداوی سەرەكی و چەند ڕووداوێكی لاوەكی .

گەورەترین كێشەی ڕۆمانی كوردیی هاوچەرخ نووسینی دەقە بە غەیرە زمانی كوردی ، كەوا زیاتر بۆ فاكتەری ڕامیاری دەگەڕێتەوە بە حوكمی ئەوەی خاكی كوردستان دوای پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ بەسەر چوار دەوڵەت ( عێراق و سوریاو توركیاو ئێران ) دابەشكراو ، لە ئەنجامدا كێشەی نووسینی ئەدەبیی كوردی بە سێ زمانی عەرەبی و توركی و فارسیمان بۆ دروستبوو ، جگە لەنووسین بە زمانی كوردیی دایك . لەم بوارەدا كۆمەڵێ ڕۆماننووسی كوردمان هەیە لە عێراق و سووریا بە زمانی عەرەبی دەنووسن وەكو ( محیدین زەنگنەو لوتفی عەبدولمەجیدو تەحسین گەرمیانی و دكتۆر بۆرهان ئەلشاوی و دكتۆر عەبدواعەباس عەبدولعەزیم و حەسەن كاكی و ئەزهار ڕەحیم ) لە عێراق و ( سەلیم بەركات و عەبدولحەلیم یۆسف و محمد محمد اسماعیل ) لە سووریا . هەروەها یەشار كەمال و محەمەد ئۆزۆن لە توركیا و ، عەلی ئەشرەف دەرویشیان و مەحموود دەوڵەت ئابادی و ئیبراهیم یۆنسی و محەمەدی قازی و مەنسوور یاقۆتی و ڕەحمان فازلی و ڕەزا خەندان و د. محەمەد تەقی ئیبراهیم پور لە ئێران و شێركۆ فەتاح لە ئەڵمانیا .

بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیەی ڕۆمانی كوردی وامان بە لاوەوە باشە ڕەچاوی یەكێك لەم دوو خاڵەی خوارەوە بكەین :

١- ئەو ڕۆمانانەی بە غەیری زمانی كوردی نووسراونە ، بەڵام ڕەچەڵەكی نووسەركانیان كورد بێت و مەرجەكانی كەشوهەوای دەقەكان كوردەوارییە ئەوا بۆ دەوڵەمەندكردنی گەنجینەی ڕۆمانی كوردی واباشترە بە ڕۆمانی كوردییان دابنەین ، تا ئەم جۆرە ڕۆماننووسانە تووشی سەرگەردانی ئەدەبی نەبن لەلایەك ، هەروەهاش بۆ دەوڵەمەندكردنی گەنجینەی ڕۆمانی كودیمان .

٢- ئەو ڕۆمانانەی بە غەیری زمانی كوردی نووسراونەو ، ڕەچەڵەكی نووسەركانیان كورد بێت ، بەڵام مەرجەكانی كەشوهەوای دەقەكان كوردەواری نییە ، ئەوا تەنیا بۆمان هەیە شانازی بە ڕەچەڵەكی نووسەرەكانیان بكەین و ، وەك درەختێك





ڕەگ و ڕیشەی لە خاكی كوردستانەو بەروبوومەكەی خەڵكی ولاتێكی دیكە سوودی لێ وەربگرن .

٣- بۆ چارەسەركردنی هەردوو دیاردەكەی سەرەوە وامان بەلاوە پەسەندترە ئەم جۆرە دەقانە بكریتە كوردی تا خوێنەری ڕۆمانی كوردی سوودیان لێ ببینن و بەهۆیەوە ئاشنا بن بە جیهانی ڕۆماننووسینی ئەم جۆرە ڕۆماننووسە كوردانە .

٤- زۆر بە داخەوە ، جگە لە كێشەی زمانی دەق ، ڕۆمانی كوردی لە هەموو پارچەكانی كوردستاندا بەدەست ڕێنووسەكانی دەقەوە دەناڵێنێ ، كەوا یەكێكە لە كێشەكانی ناسنامەی دەقی ڕۆمانی كوردی ، بە حوكمی ئەوەی هەر یەك لەو سێ جۆرە ڕێنووسە ( عەرەبی و لاتینی و سلاڤی ) سەر بە ولاتی نا كوردییە . بۆ نموونە لە هەردوو پارچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی كوردستان بە پیتی عەرەبی دەنووسرێت و لە هەردوو پارچەی باكووری ڕۆژئاوای كوردستان بە پیتی لاتینی دەنووسرێت و كوردەكانی ولاتانی یەكێتی سۆڤێیتی جاران بە تیپی سلاڤی دەنووسرێت . بەلامەوە زۆر جێی نەنگییە ئەم كێشە نەتەوەییە بەبێ چارەسەر بمێنێتەوەو ، جێی شەرمەزارییە هەندێ بۆچوونی ناوچەگەری و ئایینی ببێتە لەمپەرو كۆسپ لەبەردەم داخوازییەكی نەتەوەیی ڕەوای میللەتەكەمان بۆ یەكخستنی ڕێنووسیی كوردیمان . لێرەدا ئەگەر لێكدانەوەی ئەقڵ و لۆچیك بكەینە سەنگی مەحەك ئەوا بە حوكمی ئەوەی زۆرینەی خەڵكی كوردستان بە ڕێنووسی لاتینی دەنووسن و دەخوێنن ، هەروەها بە حوكمی ئەوەی ڕێنووسی لاتینی باشتر لەلایەن ڕۆژهەلاتناسەكانەوە دەخوێنرێتەوەو ئەوەندەش زەحمەت نییە بۆ خەڵكی ئەوروپا فێری خوێندنەوەی ببن . بۆیە بەڕاشكاوی ڕایدەگەیەنم هەڵبژاردنی ڕێنووسی لاتینی باشترین كارە بۆ چارەسەركردنی كێشەی خوێندنەوەی ڕۆمانی كوردی لەلایەن زۆرینەی خوێنەرانی ڕۆمانی كوردیی هاوچەرخەوە و ، ئەوەیشی بەهەردوو ڕێنووسی عەرەبی و سلاڤی نووسراونە بە ئاسانی دەتوانین سەرلەنوێ بە پیتی لاتینی بینووسین و چاپی بكەینەوە .. هیوادارم سەرجەم نووسەران و ڕۆشنبیران و خوێنەرانی كورد لە ئاست ئەم داخوازە نەتەوەییە بن بۆ چارەسەركردنی هەندێ لە قەیرانەكانی ڕۆمان و ئەدەبی كوردیی هاوچەرخمان .

**تێبینی : ئەم بابەتە لە دیداری ڕۆمانی كوردی لە ڕۆژی ٢٠١٢/١١/٢٣ خوێنرایەوە .**



لەتیف سەعید نوری

# بۆ گوڵی لاولاو "TO DAFFADILLS"
# سوود لێوەرگرتنی ئایدیایە ،یاخود وەرگێڕانە

پێشەکی

گۆران وەکو شاعیرێك و نووسەرێکی باڵا لە مەیدانی بەرینی ئەدەبی کوردیدا زەمینەیەکی پتەو و شکۆداری دروست کردووە . کاتێ ناوی گۆران دێ ئەوا بە بێ دوو دڵی مەبەست قوتابخانەیەکی ئەدەبی تایبەتییە لە ئەدەبی کوردیدا . ئەم قوتابخانەیەش پێویستی بە مەلەوانزانێکی لێ هاتوو و شارەزا هەیە بۆ پشکنینی گەوهەر و لێکۆڵنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی، شارەزایانی ئەدەبی کوردیش بێ وچان دەکۆشن و درێغییان نەکردووە، بەڵام گۆران وەکو دەریایەکی بێ بن گەوهەری لە بن نایێ، هەرچەنی لێ هەڵگۆزی هەر دەوڵەمەند ترە. ئەم باسە کورتەش بریتییە لە لێکۆڵینەوە و بەراورد کردنی هەڵبەستێکی گۆران لەگەڵ هەڵبەستێکی هونەری ئینگلیزی ((رۆبەرت هەرك))دا، بە نیازی دەرخستنی لایەنی وەرگێڕان لە هەڵبەستەکەدا و بەراورد کردنی واتای هەردوو هەڵبەستەکە و ڕوون کردنەوەی گرنگی ئەم هەڵبەستە وەکو نموونەیەك لە هەڵبەستی وەرگێڕاو و کار تێکردنی بینای شیعری ئینگلیزی لە سەر شیعری گۆران.





نووسەر هەر چەندە پتر ئاگادار ئەدەبی گەلانی تر بێت، ئەوە بێ گومان ئەو ئاگادارییە دەبێتە هۆکارێکی دی بۆ دەوڵەمەند کردنی بیری ئەو نووسەرە و بیرۆکەکانی فراوانتر و قوڵتر دەبن، بگرە پتر فەلسەفەی خۆی دەنوێنێ، بۆی هەیە ئەوەش ببێتە زادەی ئیاهامی بیرێکی نوێ و بەرهەمێکی نایاب، یچونکە هەر ئەو ئاشنایەتییە دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی بەر بڵاو و فراوان لە ئیلهام و سۆز و تاقی کردنەوەی وێژەیەکی نوێ بۆ نووسەر، خۆ ئەگەر ئەو نووسەرە شاعیربێ و زانیارییەکی تەواوی لەو زمانە بێگانەیەدا هەبێ کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەوا دڵنیابە دەتوانێ هەوڵی بەکارهێنانی تەکنیك و هەموو شێوە شیعری و جونکارییە زمانەوانییەکانی ئەو زمانە بە شێوەیەك بهێنێت یان بیگۆڕێتە سەر زمانی زگماکی خۆی کە مۆرکێکی نوێ بە سەر هەڵبەست و بزوونەوەی وێژەیی سەردەمەکەی خۆی بچەسپێنێ. گۆرانیش وەکو ڕۆشنبیرێکی هەستیار و ئەدیبێکی زرنگ و شاعیرێکی بلیمەت هەمیشە ڕۆحی تینووی بیرۆکەی قووڵ و فراوان و بە سوود بووە، نەسرەوت بە دوای دۆزینەوەی واتای تازە و بەرهەمی سوود بەخشدا وێڵ بووە. دەیویست چاوی ڕۆشنبیران و تازە قوتابیانی ئەدەبی سەردەمەکەی بە کلی بەرهەمی ڕۆشنبیران و ئەدیبانی گەلانی وڵاتانی پێشکەوتوو برێژێ. بۆیە وەکو ئەدیبێکی مولتەزم بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوە و وڵاتەکەی دادەنرێت، لە کاتێکدا کە نەخوێندەواری ڕەشماڵی بە سەرتاپای وڵاتەکەماندا کێشابوو، گۆران هەوڵی ئەوەی دەدا لە ئەدەبی گەلانی ترەوە کورتە چیرۆك و وتار و هۆنراوە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، بەڵکو ببێتە هۆیەکی پاڵپشت بۆ ڕابوون و هۆشیار بوونەوەی نەتەوەکەی. لەساڵی ١٩٥٣دا نۆ چیرۆکی لە بەرهەمی قەڵەمی چیرۆکنووسە بە ناو بانگەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ژێر ناوونیشانی ((هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانەدا))[1] چاپی کردوون کە چوار چیرۆکیان لە زمانی عەرەبییەوە و ئەو پێنجەکەی لە ئینگلیزییەوە وەریانی گێڕاوە. خۆ لە لایەنی هەڵبەستیشەوە ئەوا گۆران هەوڵی باشی داوە و لە شیعری فارسی و ئینگلیزییەوە گەلێ سوودی وەرگرتووە و چەندەها پارچە شیعری نایابی لێیا ن وەرگێڕاوەتە سەر زمانی خۆمان .[2]

کاتێ بە وردی سەرنجی ئەو بەرهەمانە ئەدەین بە ئاشکرایی بۆمان دەرئەکەوێ کە گۆران زمانزانێکی لێهاتوو بووە و بێ

وچانیش وێڵی دوای خوێندنەوەی بەرهەمی چاك بووە. زمانی ئینگلیزیش یەکێکە لەو زمانانەی کە توانایەکی باشی تێدا هەبووە، ئەمەش لە بەراورد کردنی ئەو بەرهەمانە کە لەو زمان وەری گێڕاوەنەتە سەر زمانی بە ئاشکرا دەرئەکەوێ تا ڕادەیەکیش زۆر زیرەکانە توانیویەتی سوود لە نووسینی هەڵبەستی ئەو زمانە وەر بگرێ و، بە شێوەیەك ئەوتوانایەی هەبووە بە وردی وێنە شیعرییەکان و شێوەی نووسینە شیعرییەکەی بهێنێتە سەر زمانی شیعری خۆی، بێ ئەوەی جوانکاری ئەو وێنانە بشێوێنێ یاخود لەنگی پێ بگات.

II

ئەم باسە لێکۆڵینەوەیەکە لە هەڵبەستێکی مامۆستا گۆران، بە ناونیشانی ((بۆ گوڵی لاو لاو)) کە وەکو لە دیوانە چاپکراوەکەیدا ئاماژەی بۆ کراوە بنەڕەتی بیری هەڵبەستەکە لەو شیعرێکی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە. بەو نیازەی ئەوە ڕوونکەینەوە کە گۆران تا چ ڕادەیەك لەم هەڵبەستەدا سوودی لە هەڵبەستە ئینگلیزییەکە وەرگرتووە و ئایا تەنیا بنەڕەتی بیری شیعرەکە وەرگیراوە یان لەوە پتر ؟ لەگەڵ بەراورد کردنی واتای هەردوو هەڵبەستەکە هەوڵمان داوە توانای شیعری زمانەوانی گۆران لە مامەڵە کردنی دا لەگەڵ هەڵبەستە ئینگلیزییەکەدا وە دەربخەین و لە کلاو ڕۆژنەی ئەم ڕێگەیەوە پەردەیەکی تر لە سەر لایەنێکی تری شاعرایەتی گۆران لابدەین. بۆ گەیشتنە مەبەستیش باسەکە لێکۆڵینەوەیەکی دەقی هەردوو هەڵبەستەکە دەکات.

ئەمە دەقی هەڵبەستەکەی مامۆستا گۆرانە وەکو لە دیوانەکەیدا چاپکراوە .

بۆ گوڵی لاولاو [٣]

به کوڵ گریان لە چاوم دێ، گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ !

لە بەر چی وا زوو سیس ئەبی؟ چی یە ئەسبابی ژاکانت ؟

هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێ دەنگ

ئەژاکێی؟ توخوا، ئەی گوڵ، صەبر دەستم بە دامانت !

صەبر، تۆبی خوا ! تاوێی تر راوەستە، تا عومرم

وەکوو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوابێ !

منیش هاوڕێی سەفەرتم، ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم !

منیش خیلقەت، وەکو تۆ، وا نەبێ زۆرم لەگەڵ چابێ !





منیش، وەك تۆ، بەقام کورتەو بەهارم تیژ و کەم فرسەت

گەشەم مەیلە و زەواڵە چەشنی تۆ، چەشنی هەموو دنیا

وەکوو بارانی هاوین زوو فەنایە عومری بێ مروەت !

تەبەخخور مایەیە، هەیهات، بە چەشنی شەونمی سەر گیا ! ...

لە دیوانەکەی گۆران دا پەنجە بۆ ئەو هەڵبەستە ڕانەکێشراوەکە بنەڕەتی ئەم هەڵبەستەی لە سەر دانراوە، تەنانەت ناوی شاعیرەکەش نەهاتووە.

لە راستیدا ،کە پارچە شیعرێکی هونەری ئینگلیزییە (( Robert Herrick ))[٤] ١٥٩١_١٦٧٤ ، لە ژێر ناونیشانی (( To Daffodils )) کە دەقە ئینگلیزییەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

To daffodils [٥]

Faire daffodils , we weep to see

:away so soon You hase

As yet the early-rising sun

Has not arrained his noon

، Stay , stay

Until the hasting day

Has run

" But to the even-somh

And , having prayed together , we

. Will go with you along

We have short time to stay , as you ،

We have as short a spring

"

As quick a growth to meet decay ،

. As you , or anything

هەروەکوو گوتمان لە پەراوێزی دیوانەکەی گۆران دا ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە کراوە کە بنەڕەتی بیری ئەم هەڵبەستەی گۆران لە سەر هەڵبەستێکی ئینگلیزی دانراوە، بەڵام کاتێ دەقی هەڵبەستی ناوبراو بەراورد دەکەین لەگەڵ هەڵبەستەکەی هەرك دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەگۆران نەك تەنیا بنەڕەتی بیری هەڵبەستەکەی وەرگرتووە، بەڵکو بە توانایەکی شاعیرانە و زمانزانێکی زۆر لێهاتووەوە هەڵبەستەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەمەش لە بەراورد کردنی ناونیشانی هەردوو هەڵبەستەکەوە بە ئاشکرا دەرئەکەوێ. گۆران تایتڵی هەڵبەستەکەی ((هەرك))ی ((To Daffodils))ی وەرگێڕاوە بە ((بۆ گوڵی لاولاو)) کە نزیکترین واتایە بۆ ئەم دوو وشە ئینگلیزییە کە لە فەرهەنگی ( Oxford Advanced Dictionary of Learner's

Current English)دا واتاکەی بەم شێوەیە هاتووە :

Daffodils: Yellow flower with long narrow leave growing from a blub.

واتە گوڵێکی زەرد کە گەڵای باریك و درێژی هەیە لە ڕووەکی پیازییەوە سەوز دەبێ. وە وەکوو لە فەرهەنگی (المورد)دا هاتووەواتای ( النرجس البری، النرجس الکاذب) دەگرێتەوە. واتە گوڵە نەرگزی خۆمان ناگەیەنێ کە پێی دەگوترێ(Narcissus). جا دەتوانین بڵێین وشەی To Daffodils تەواوەتی بە واتای ((بۆ گوڵی لاولاو)) دەگرێتەوە پڕ بە واتای هەڵبەستەکەی (هەرك)ە

لە ڕاستیدا گۆران هێندە شاعیرانە هەڵبەستەکەی وەرگێڕاوە و ئەوەندە بە توانایەکی باڵاوە بیر و وێنە هونەرییەکانی داڕشتووە وا لە خوێنەر و گوێ گری هەڵبەستەکەی دەکات بە هیچ شێوەیەك بیری بە لای ئەوەدا نەترازێ کە ئەم هەڵبەستە وەرگێڕراوە. تەنانەت ئەو کێش و قافیەیەی بۆ هەڵبەستەکە دایناوە زیاتر وەهای پیشان دەدا کە وەرگێڕان نیە(6). ئەمەش نیشانەیەکی ترە بۆ بلیمەتی و تونای بەرزی هۆنەر . فەرموو دێڕی یەکەمی چەند جوان و شاعیرانە وەرگێڕاوە:

Faire daffadils , we weep to see

بە کوڵ گریان لە چاوم دێ، گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ

وشەی faire ( کە پیتی e ئێستاکێ بەکار ناهێنرێ لە نووسیندا ) لە بەکار هێنانی کۆندا (old use) بە واتای beautiful واتە جوان بەکار هێنراوە، گۆرانیش بە ((ڕەنگاوڕەنگ)) وەری گێڕاوە کە واتای جوانی و ڕەنگین دەگەیەنێ، ئەمەش هەمان واتای ((faire))ەو زۆر بە تەواوی جوانی و قەشەنگی گوڵەکە دەگەیەنێ. لەبەر ئەوەی گوڵی لاولاوی وڵاتی خۆمان گەلێ ڕەنگی هەیە ، شاعیریش ئەم گوڵە کێوییە وەسف دەکات . جا بەکارهێنانی ((ڕەنگاوڕەنگ)) بۆ وەسف کردنی گوڵەکە شاعر سەرکەوتووانە گشتی یەت بە سەر وەسفەکەدا دەدا بێجگە لە دەربڕینی جوانی گوڵەکە . بەم شێوەیە گۆران گیانێکی نوێ و زیندوو بە بەر وەرگێڕانی دەقەکەدا دەکات. لە هەمان دێڕدا وشەی weep کە واتای cry , let tears fall from the eye دەگەیەنێ، واتە گریان و فرمێسك هاتنە خوارەوە بە چاودا. دەبینین گۆران







بە هەمان واتا وەری گێڕاوە بەڵام وشەی ((بەکوڵ))ی خستۆتە سەر کە تام و چێژی کوردانە و ڕەسەن و هەست و سۆزێ گەرم ئەبەخشێتە هەڵبەستەکە، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات هەست بەوە بکات کە ئەو سۆز و هەستەی لە هەڵبەستەکەدا دەربڕاوە سۆز و هەستی ڕاستەقینەی هەڵقوڵاوی گۆرانە و بەس. ئەمەش مۆرکی زیرەکی یە لە وەرگێڕانی هەڵبەستەکەدا و توانای بلیمەتی هۆنەر دەر ئەبڕێ. دێڕی دووەمی هەڵبەستەکەی هەرك کە بەم شێوەیەیە:

You haste away so soon

تەمەن کورتی و زوو سیس بوون و بە سەر چوونی گوڵەکە دەگەیەنێ.

ئەم دێڕ شیعرەش ئەگەر چی بە شێوەی پرسیار نەگوتراوە، بەڵام شێوەی سەر سوڕمانی پێوە دیارە گۆرانیش زۆر زرنگانە هەمان بیری بەکار هێناوە، بەڵام لە چوار چێوەی زمانەوانی دێڕەکە هەندێ دوورکەوتۆتەوە، لە بەرگێکی تازەدا دێڕەکەی لە شێوەی دوو پرسیاردا ئاڕاستەی گوڵەکە دەکات بێ ئەوەی چاوەڕوانی وڵام بکات:

لەبەر چی سیس ئەبی وا زوو؟ چیە ئەسبابی ژاکانت ؟

واتە بۆچی هێندە تەمەنت کورتە؟ وەکوو بڵێی پرسیارەکە بە سەرسوڕمانەوە دەکات و تەوەقوعی ئەم تەمەن کورتی یە ناکات. چونکە ئەم تەمەن کورتە کورتی یە دەبەستێتەوە بە کەم خایەنی تەمەنی مرۆوە کە بە شێوەیە لە دەستی زۆرداری سروشت ئەیداتە قەڵەم و تەوەقوعی ئەوە ناکات کە ئەوە دەستی زۆردارییە گوڵە لاولاو بگرێتەوە کە بەشێکە لە سروشت خۆی.لە هەمان کاتدا دەبینین هۆنەر سوودی لە هەمان شێوەی دێڕی دەقەکەدا وەرگرتووە کە هەر یەك تیایدا گفت و گۆ لە گەڵ گوڵە لاولاودا دەکات، کە زیندوویەکی ئادەمیزادی دەبەخشێنێ.

دێڕی سێیەم و چوارەمی هەڵبەستەکەی هەرك:

As yet the early-rising sun
Has not attained his noon.

ئەوە دەگەیەنێ کە ڕۆژی تازە هەڵهاتوو هێشتا ئەوەندوە بەرز نەبۆتەوە تا ئەو ڕادەیەیتینی گەرمی گرتبێ و .. واتە نەگەیشتۆتە نیوەڕۆ کە نیوەی تەمەنی ڕۆژە. بۆیە هۆنەر داوا لە گوڵە لاولاو دەکات و دەڵێت:

Stay , stay ،
Until the hasting day
Has run

واتە: ئۆقرە بگرە گوڵی لاو لاو تا ڕۆژی کورت_تەمەن دەورەی خۆی تەواو

دەکات.

مامۆستا گۆرانیش هەمان بیری ئەو دێڕانەی سەرەوەی وەرگرتووە و بە توانایەك و بەهرەیەکی بەرزی هۆنەرانەوە وەریگێڕاوەتە شیعرێکی زۆر ناسکتر و لە دەقەکە دڵڕفێنتر.

هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێ دەنگ

ئەژاکێی؟ توخوا، ئەی گوڵ،

صەبر دەستم بە دامانت

ڕاستە گۆران وشو بە وشە ئەم دێڕانەی وەرنەگێڕاوە بەڵام نەك تەنها بیرۆکە تەنانەت نەغمە و ئاوازی محاوەرەی دێڕەکانیش وەرگرتووە. لە هەر دێڕێ کە وەری گێڕاوە جێ پەنجەی هۆنەرایەتی پتر بە دەر دەکەوێ و دەبینین بە چ شێوەیەکی ڕەسەن بیری ئەو دێڕانە ئەڕێژێتە قالبی شیعرەکەی خۆیەوە. کاتێ چوارینەکەی دووەمی هەڵبەستەکەی گۆران لەگەڵ هەڵبەستەکەی هەرك بەراوردەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم چوارینەیە تا ڕادەیەك لە هەڵبەستەکەی هەرك دوور کەوتۆتەوە.. ئەگەر چی وەرگێڕانێکی وشە بە وشە نی یە بەڵام گۆران هەمان بیرە سەرەکییەکەی هەرك بەکار دێنێ:

، Stay , stay

Until the hasting day

Has run

، But to the even-song

And , having prayed together , we

. with you a long Will ge

بێ گومان هەرك لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا دیسان دووپاتی تەمەن کورتی گوڵی لاولاو و مرۆڤ دەکاتەوە، واتە تەمەنی ئێمەی مرۆڤیش شێوەی تەمەنی گوڵی لاولاوە هەر چاو نوقاندنێکە و زۆر بە پەلە ئاوا دەبێ. گۆران هەمان بیری بەکار هێناوە و زۆر بە توانایەکی هۆنەرانەی بەرزەوە لە قالبێکی شیعریدا دای ڕشتووە.

صەبر تۆبی خوا ! تاوێکی تر ڕاوەستە، تا عومرم

وەکوو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوابێ،

منیش هاوڕێی سەفەرتم، ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم !

منیش خیلقەت، وەکوو تۆ، وانەبێ زۆرم لەگەڵ چابێ !

ڕاستە لە بەراورد کردنی ئەم چوارینەیەی گۆران دا بەرامبەر بە هەڵبەستەکەی هەرك دەبینین گۆران ئەم دوو دێڕەی دەقەکەی بە تەواوەتی لاداوە:

“But to the even-song

And , having prayed





together , we

واتە:

صەبر تاوێکی تر ڕاوەستە تا نوێژی ئێواریێ کە پێکەوە نوێژمان بەجێ هێنا ، منیش لەگەڵتا دێم

بەڵام گۆران هەمان بیری بەکار هێناوە : ئێمەدەزانین نوێژی ئێواریێ تەمەن کورتی دەبەخشێ گۆرانیش سوودی لە هەمان بیر وەرگرتووە بەڵام لەجیاتی ((نوێژی ئێواریێ)) ئەو ((ڕۆژی چلەی زستان))ی بەکار هێناوە کە هەمان بیرۆکەی تەمەن کورتی و کەم خایەنی دەچەسپێنێ. ئەمەش دیسان زانیەتی و بیر تیژی هۆنەر دەنوێنێ. هەمان بیر بەکار دێنێ بەڵام بە بەکار هێنانی نموونەیەك کە زیاتر لە بارودۆخی سروشتی کوردەواری و ناوچەکەوە نزیکە و لە تێگەیشتن و بیر کردنەوەی خەڵکی ناوچەکەوە نزیکترە . لە ناو شەختە و سەهۆڵ بەندان و ڕەشەبای ناوچەی سلێمانی و سەرمای کوشندەی چلەی زستان دا مرۆڤ پێویستی بە شتێ نیە بۆی ڕوون بکاتەوە کە ڕۆژی چلەی زستان چەند تەمەن کورتە؟

صەبر تۆبی خوا ! تاوێکی تر ڕاوەستە، تا عومرم

وەکوو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوابێ

بەڵام دەتوانین بڵێین دێڕی سێیەمیچوارینەکەی گۆران کە دەڵێ:

منیش هاوڕێی سەفەرتم، ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم

تا ڕادەیەکی زۆر لە شیعرەکەی هەرك وەری گرتووە:

، Will go with you along

بەڵام گۆران ئەم تەمەن کورتییەی مرۆڤ دەکات هەڵێ بۆ ئەوەی ناڕەزایی خۆی دەربارەی بوون دەربڕێ. وا دەر ئەکەوێ کە گۆران بیەوێ چەوساندنەوەی مرۆڤ بکاتە هۆی ئەم تەمەن کورتییە، ئەگەر چی هۆی سەرەکی ئەو چەساندنەوەیەش دەخاتە پاڵ ((زیندەگی)):

منیش خیلقەت وەکو تۆ ، وا نەبێ زۆرم لەگەڵ چابێ

ئەم فکرەیە ئەگەر چی زۆر بە کورتی لەم دێڕەدا باسکراوە.. لە سەرەتای ئەم چوارینەدا فکرەکەی خستۆتە ڕوو کە دەڵێ:

صەبر تۆبی خوا ! تاوێکی تر ڕاوەستە ، تا عومرم

وەکو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوابێ ،

واتە ڕۆژگاری عومری لە ژێر ستەم و مەینەتدا ئەباتە سەر . ئەوەی مەبەستی منە لێرەدا ئەوەیە کە بەم شێوەیە گۆران

بـیری هەڵبەسـتەکەی دەوڵەمەنـدتر دەر ئـەخا و تـا ڕادەیـەك سـەرکەوتوانە بیرۆکەکەی هەرك ڕووە و بەکار هێنانێکی فەلسەفەی دەبا. لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەتێبینی بکەین کە گۆران لە سەر هەمان شێوەی چوارینەی یەکەمی هەڵبەستەکی بەردەوامە لە وەرگێڕانی نەغمەی شیعری هەڵبەستەکەی هەرك وەکو بەکار هێنانیشێوەی گفتو گۆ کردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گوڵەکە و بەکار هێنانی گوڵی لاولاو لە هەمو هەڵبەستەکەدا و مامەڵە کردن لەگەڵی دا وەکو مرۆڤێك کە لە هۆنراوەی ئینگلیزی دا پێی دەگوترێ personification ، تەماشا چەند بە جوانیخۆی دەکاتە هاوڕێی سەفەری گوڵەکە و دەڵێ:

منیش هاوڕێی سەفەرتم ، ئەی گوڵی لاولاو

منیش ئەمرم جا ئەم چوارینەیەش هەر لە سەر بیرۆکە بنەڕەتی یەکەی ئەو چەند دێڕەی هەڵبەستەکەی هەرك بنیات نراوە ، ئەگەر چی وەرگێڕانی وشە بە وشەی دەقەکەی نەکردووە بەڵام واتای هەمان دێڕەکانی دەقەکەی بە شێوەی ((وەرگێڕانی تفسیری)) بەکارهێناوە . لەگەڵ ئەوەش دا هەندێك بیر و بۆچوون و دەربڕینی بەکار هێناوە کە لە دەقەکەدا بەدی ناکرێ و گۆرانیش بەم شێوەیە بیرۆکەکەی قووڵتر نوواندووە و توانیویتی بەم جۆرە لادانە لە دەقەکە بیرۆکە سەرەکییەکەی فراوانتر و بەهێزتر دەربخات. کاتێ لە سێهەم چوارینەی هەڵبەستەکەی گۆران ورج دەبینەوە و لەگەڵ دەقەکەدا بەراوردی دەکەین:

We have short time to stay , as you ،

We have as short a spring "

As quick a growth to meet decay ،

As you , or anything .

بە ئاسانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە گۆران نەك تەنها بیرۆکە سەرەکییەکەی چوارینە ئینگلیزییەکەی وەرگێڕاوە ، بەڵکو هەر هەموو دێڕەکانی بە شێوەیەکی زۆر لێهاتووانە کردۆتە کوردی:

منیش ، وەك تۆ ، بەقام کورتە و بەهارم تیژ و کەم فرسەت ،

گەشەم مەیلە و زەواڵە چەشنی تۆ ، چەشنی هەموو دنیا

وەکو بارانی هاوین زوو فەنایە عومری‌بێ مروەت ،

تەبەخوری مایەیە ، هەیهات ، بە چەشنی شەونمی سەرگیا

ئەگەر چی گۆران بە ناوی خۆیەوە لەگەڵ





گوڵەکەدا دەدوێت ، بەڵام ئەو وشەوەی ((منیش)) کە بەکاری دێنێ واتای مرۆڤ بە گشتی دەگرێتەوە ، واتا هەمان واتای ((we)) کە هەرك بەکاری دێنێ. ئەوەش تێبینی دەکرێ‌کە بۆ چەسپاندنی بیرۆکەی تەمەن کورتی ، کە یەکێکە لە بیرۆکە سەرەکییەکانی هەڵبەستەکە ، گۆران پەنا دەباتە بەر دوو وێنەی شیعری کە لە دەقەکەدا بەکار نەهاتووە، بەکار هێنانی ئەو دوو وێنەشیعرییەش هەر زیاتر لەبەر ئەوەیە چونکە هەردووکیان لە سروشتی کوردستانەوە وەرگیراون، بە گوێرەی ژیانی ناوچەکە هەر نامۆیی یەك بەدی بکرێ لە وێنە شیعرییەکانی تردا بەم شێوەیە دای دەپۆشێ. یەکەمیان چوواندنی تەمەنی کورتی بە گشتی کەم خایەنی ژیانی گەشی وخۆشی بە تەمەنی((بارانی هاوین)) کە هیچ ڕوون کردنەوەیەکی پێویست نیە.

III

تەنانەت بۆ جوتیارێکی نەخوێندەوارە، کە گۆران هەموو کاتێ ئەم چینانەی کۆمەڵی لە بیر بووە بە تایبەتی لە داڕشتنی هۆنراوەکانی دا. لە هەمن کاتدا گۆران بیرە فەلسەفییەکەی زیاتر دەچەسپێنێ کە دەڵێ ((گەشەم مەیلە و زەواڵە چەشنی تۆ ،،،،)) بەمەش تاکیدی تەمەن کورتی بەهاری ژین دەکاتەوە و دووپاتی ئەو ڕاستییە دەکا کە لەو ژیانە کورتەشدا لایەنی ناخۆشی پتر دەکرێ.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەسرەت بۆ ئەو تەمەن کورتییەی ژیان دەکێشێ و بە تەمەنی ((شەونمی سەرگیا))ی دەچوێنێ، ئەمیش دووەم وێنە شیعرییە کە بەکای دێنێ و لە دەقەکەدا بەدی ناکرێ، بەڵام گۆران بە بەکار هێنانی ئەم وێنەیەش دەیەوێ دوایین مۆرکی ڕەسەنی و شاعیرێتی خۆی لە هەڵبەستەکەدا بنوێنێ.

وەرگێران وەکو هەر لقێ لە لقەکانی ئەدەبی، هونەرێکی تایبەتی یە و هونەرمەندێکیش بە توانا و لێهاتوو نەبێ ئەوا بە ئاسانی سەرکەوتن بە دەست ناهێنێ لەم بوارەدا. گومانیشی تێدا نیە کە وەرگێڕان شێوەی زۆرە و ئەویش لە سەر توانای وەرگێڕەکەی خۆی ڕادەوەستێ (٧) . وەرگێڕانی شعریش ناسکترین شێوەی وەرگێڕانە چونکە ئەم شێوەیە پێویست بەوە دەکات کە وەرگێڕ چێژێکی تەواو لەو دەقە شیعرییە وەرگرێ و دەبێ بەهرەیەکی شیعری تایبەتی هەبێ. بەم شێوەیە دەبینین گەلێ جار وەرگێڕانی دەقی هۆنراوەیەك لە دەقەکە بەتام و چێژتر دەبێت، هەر وەکو لەم هەڵبەستەی گۆران دا بەدی دەکرێ. چونکە مەرج و کەرەستەی وەرگێڕانی شیعری وەرگێڕەکە تەواو بووە و لە هەمان

کاتدا ئەو دەقەش بووەتە هۆی ئیلهامێ بۆ هۆنـەر واى لێ کـردووە ئیلـهامی دەقـی هۆنراوەکە بە هەستێکی شاعیری ناسکەوە بچێژێ بەر لە دەست پێ کردنی بە وەرگێڕانی وشە و واتای دەقی هەڵبەستەکە کلۆکۆی دەروونی هۆنەر تاوی سەندووە و قەریحەی شیعری ئیلهامی سەندووە کە وەرگێڕانی دەقەکە بەوە دەچێ لە هەست و دەروون و ئەندێشەی خۆیەوە هەڵقوڵابێ. بەم شێوەیە وەرگێڕ توانیویەتی سەرکەوتووانە نەک تەنها وشە بە وشە یان واتای دەقەکە وەربگێڕێ ئاواز و سۆز و هەستی هەڵبەستەکەش. گۆران هەر وەکو لە بەراورد کردنی هەردوو هەڵبەستەکەدا بۆمان دەر دەکەوێ زۆر شاعیرانە دەقەکەی وەرگێڕاوە و گرنگی یەکی تایبەتی بە وەرگێڕانی واتا و بیرۆکەی دەقەکە داوە.

دەتوانین بڵێین ڕێگا و جۆری وەرگێڕان بە ژمارەی وەرگێڕانە و هەر وەرگێڕێ شێوەی تایبەتی هەیە بە خۆیەوە ئەویش لە سەر دەقەکە و توانا و سەلیقە و کەرەستەی وەرگێڕەکە ڕادەوەستێ.

زیاتر شێوەی وەرگێڕانی تفسیری گرتۆتە بەر لەم وەرگێڕانەدا و لە هەمان کاتدا مۆرکی شاعیرێتی خۆی دەچەسپێنێ بەو وێنە شیعریانەی کە دەیخاتە سەر دەقەکە و دەبنە سەر بارێکی قشت بۆ هەڵبەستەکە[٨] کە دەڵێین ئەم هەڵبەستە وەرگێڕاوە، ئەم وەرگێڕانە بە هیچ شێوەیەک لە نرخی هەڵبەستەکە کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم شێوە وەرگێڕانە سەرکەوتووە چەند خاڵێکی زۆر سەرەکی دەسەلمێنێ کە دەکرێ وەکو کۆڵەکەیەک بژمێردرێن لە تەک شاعیرێتی و زمانزانی هۆنەردا.ئەم ڕاستییە ئەوەمان بۆ دەچەسپێنێ کە گۆران زمانزانێکی زۆر لێهاتوو بووە و بێ شك لە دەقەکەدا ئیلهام و چێژی تەواوی وەرگرتووە ئەگینا وا سەرکەوتووانە دای نەئەڕشتەوە

ئەم چوار چێوە شیعرییە دڵڕفێنەوە.ئەم خاڵە گرنگی یەکی تایبەتی هەیە لە قۆناغی شیعری کوردی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، چونکە خوێندەوارانی قەتابخانە لەو سەردەمەی کوردستان دا زۆر کەم بوون. ئەم کارە هونەریەش ئەوە دەر دەخات کە ئەو گۆڕانەی لە شیعری کوردیدا گۆران ڕێی بۆ خۆش کرد و بەدی هێنا لە لایەکەو دەگەڕێتەوە بۆ ئاگاداری و ورد بوونەوەی هۆنەر لە ئەدەبی بێگانە و بە شێوەیەکی تایبەتی چێژ وەرگرتن و قوڵ بوونەوەی لە شیعری ئینگلیزی کە دیارە دەورێکی باڵای هەبووە لە خەملاندنی قوتابخانە شیعرییەکەی گۆران





دا. بە تایبەتی چێژ وەرگرتنی لە هۆنراوەی چەرخی ((ڕۆماشیکی))[٩] ئینگلیزی وەکو: Keats , Shelley , Coleridge , wordsworth

ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە هەڵبەستدا توانای بلیمەتی هۆنەر دەر ئەخات بە تایبەتی ئەو شێوە داڕشتنە نوسینە کە تەنها لە هەڵبەستێکدا وەری دەگرێ کە بە سەلیقەت داڕێژرابێ.چونکە وەرگێڕانی شیعر وەك ئەوە وایە بلوێر بە سەرەکەی دیکەی لێ بدرێ[١٠] .

ئەگەر بێت و وەرگێڕ مەرجە سەرەکییەکانی وەرگێڕانی شیعری لە باردا نەبێ. هەر وەك هارولد بلووم دەڵێ:

هۆنراوەی باش هەر دەم پشت بە دەقێکی کە دەبەستێ کە هۆنەرێ بەر لەو نوسیویەتی وە هۆنەر بۆ ئەوەی داهێنانێکی شیعری و وێژەیی بە نرخ وە دەست بێنێ دەبێ پشت بە تاقی کردنەوەیەکی شیعری پێش خۆی ببەستێت و داهێنانی ئەمیش لە سەریادا دەبێ کە دەیخاتە سەر تاقی کردنەوەیەکی هۆنەرەکەی پێش خۆی[١١].

داهێنانی گۆرانیش وەکو هۆنەرێك لەم هەڵبەستەدا شێوەی وەرگێڕانەکەیە و بەکار هێنانی وێنە شیعرییەکانی و جۆری گفت و گۆ کردن و ئەم مۆرکە ڕەسەنی یە کە لە ڕووی بەکار هێنانی مۆسیقا و زمانە شیعرییەکەوە بەکاری هێناوە. جا بوونی هەڵبەستەکە وەکوو هەڵبەستێکی وەرگێڕاو بە هیچ شێوەیەك لە باڵایەتی و توانای هۆنەر ناقرمێنێ. بەڵکو لایەنێکی تر لە شاعیرێتی گۆرانی مەزن دەچەسپێنێت

پەراوێز

١_گۆران، هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانەدا، ١٩٥٣ ،چاپخانەی معارف، بەغدا

٢_ مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی لە مەقالەیەکی دا بە ناونیشانی ((گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی ))دا بە دوو بەش لە گۆڤاری ((ڕۆژی کوردستان))دا لە ژمارەی ٤٢ تشرینی ٢ ی ١٩٧٦ و ژمارەی ٥٠ تەمووزی ١٩٧٨ دا چاپکراوە، هەوڵی داوە ئەو شاعیرە ئینگلیزانە دەست نیشان بکا کە مامۆستا گۆران سوودی لە بەرهەمەکانیان وەرگرتووە.

٣_دیوانی گۆران ، لاپەڕە ٢٢٣

٤_ڕۆبەت هەرك (١٥٩١_١٦٧٤) شاعیرێکی ئینگلیزی چەرخی هەڤدەیە، لە شاری لەندەن لە دایك بووە و لە خێزانێکی زێڕنگەرە و ژیانی ئابووریان زۆر باش بووە . هەرك لێهاتووانە توانی بڕوانامەی بکلوریوس و ماستەر لە ١٦١٦ دا لە کۆلیجی stjhone لە کمبرج وە دەست دێنێ وە لە ساڵی ١٦٢٣ دا دامەزرێنرا وەکوو کاهن پاشماوەی تەمەنی لەو کارەدا بردە سەر . لە ساڵی ١٦٤٨ دا دوو دیوانی شیعری چاپکرد: یەکێکیان بە ناونیشانی Hesperidins ( بێستانی سێوی زێڕین_بێستانێکی ئەفسانەییە لە لایەن ڕۆژ ئاوای جیهاندایە و گوایە سێوی زێڕین

ئەگرێ)، ئەم دیوانەبریتی بوو لە گۆرانی دلداری_ Pastoral poems and love lyrics_دووەمیان لە ژێر ناونیشانی Noble Numbers دایە کە بریتی یە لە کۆمەڵێ هەڵبەستی ئاینی . هەرك زۆری نووسینەکانی (Jonson)ی لا پەسەند بووە بۆیە لە (Lyrics)لیریکەکانی هەندێ جار لاسایی ئەو شاعیرە ئەکاتەوە، ئەگەر چی هەرك ئەو هەستە شیعرییەی ناگاتە ئاستی (جۆنسن) بە تایبەتی لە لایەن شێوەی شیعری و تەرکیز و قووڵی ماناوە. بۆیە بە دەگمەن هەڵبەستەکانی بیر فراوانی تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام شیعرەکانی وەسف دەکرێن بەوەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە جوانی و ڕوحێکی گەشی و خۆشی کاری تێ کردووە، ئەمە ڕاستییەکە دەدیگەیەنێتە ئاستی یەکێ لە هۆنەرە هەرە ناسراوەکانی ئەو چەرخە.

٥_ robert Herrick selected poems , p ١٠٥ .

٦_مامۆستا عومەر مەعرووف لە باسەکەی دا " گۆران وئەدەبی ئینگلیزی " هەمان را دەردەبڕێ ودەڵێ"کە ئێمە باسی دوا کۆپلەی ئەکەین ومۆرکی وەرگێڕانی پێوە ئەلکێنین وئەبێ لە کۆپلەی پێشودا هەندێ دێری لە وەرگێران ئەچێ بەڵام بە ئەندازەی دێڕەکانی دووای نییە"..لاپەڕە٤٢گۆڤاری ڕۆژی کوردستان .ژمارە ٤٢. تشرین٢ ١٩٧٦.

٧چەند ڕێگایەك دەست نیشان کراوە بۆ وەرگێڕان وەکو:

_وەرگێڕانی وشە بە وشە ( word for word translation) کە دەسکاری دەقەکەی تێدا ناکرێ لەم جۆرە وەرگێڕانەدا سادەیی و تەم و مژی لە واتاکەی دا بەدی دەکرێ.

_وەرگێڕانی سەربەخۆ (free translation) لێرەدا وەرگێڕ واتای دەقەکە وەردەگێڕێ بێ ئەوەی گرنگیەك بە وشەکانی بدات. ئەم وەرگێڕانەش ڕێگە ئاسان دەکات بۆ ئەوەی وەرگێڕ لە دەقەکە دوور دەکەوێتەوە، بە تایبەتی گەر یەکێ لە وشە سەرەکییەکانی بیر بچێ.

_وەرگێڕانی تفسیری ((explanatory)) کە وەرگێڕ تێیدا دەتوانێ دەسکاری دەقەکە بکات لە لایەن زمانەوانی یەوە بە مەرجێ لە واتا سەرەکییە دوور نەکەوێتەوە.

_جۆری وەرگێڕانی تر هەیە پێی دەڵێن ((imitation)) ئەمەش لە سنوری وەرگێڕانی وشە بە وشە و تفسیری تەنانەت مەعنەویش دەرئەچێ و لە دەقەکە دوور ئەکەوێتەوە.

د. صفاو الخلوصی ، فن الترجمە منشورات وزارە الپقافە والاعلام ١٩٨٢، لاپەرە ١٩_٢٥

J.C . CATFORD. A LINGUISTIC THEORY OF TRANSIATION. OXFORD UN . BRESS. ١٩٦٣.PP. ٢٦_٢٠.

٨_ د-عبداللە دەباغ هەمان ڕای دەر بڕیوە دەربارەی ئەم هەڵبەستە و لە باسێکیدا بە ناوونیشانی ((گۆران و کۆلدسمپ و تازە کردنەوە لە هۆنراوەدا)) کە تیایدا ئاماژەی بۆ ((بۆ گوڵی لاولاو)) کردووە دەڵێ:

چونکە بە ڕاستی شتێکی سەرنج ڕاکێشە کەوا ئەو هەڵبەستانەی گۆران تێیاندا کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی بیر یاخود چوار چێوە گشتی یەکەی





هەڵبەستێکی ئەدەبی ئینگلیزی هۆنراوەی گرنگتر و کار تێکەرترن لەوانەی بە تواوەتی وەری گرتوون، بەو ڕادەیەی پێویستە پێیان بوترێ وەرگێڕانی شیعری نەك هۆنراوەی ڕەسەن. لە ڕاستیدا تەنها نموونەی ئەم جۆرە وەرگرتنە هەڵبەستی (بۆ گوڵی لاولاو)ە کە دەتوانرێ پێی بوترێ وەرگێڕانێکی سەربەخۆی هەڵبەستەکەی ڕۆبەرت هەرك.

د-عبداللە دەباغ ((گۆران و کۆلدسمپ و تازە کردنەوە لە هۆنراوەدا)) ((ڕۆشنبیری نوێ)) ژمارە ١١٨ حوزەیرانی ١٩٨٨ ، لاپەڕە ١٠٠

٩_ئەم قۆناغەی ئەدەبی ئینگلیزی لە ساڵی (١٧٩٨)وە دەست پێ دەکات تا ساڵی ١٨٣٠ .

١٠_ئەمە وتەی پیرەمێردی نەمرە لە وتارێ جەزا عەلی ئەمین بە ناوی ((سەرەتایەکی پێویست بۆ ئەدەبیاتی مناڵنی کورد))وە وەرگێڕاوە ...گۆڤاری نووسەر کورد_ژمارە ٦ _خولی دووەم شوباتی ١٩٨١ ((لاپەڕە ١٨٢_١٨٥).

١١_Harold Bloom کە ڕەخنە گرێکی ناسراو و پرۆفیسۆری مادەی ئینسانیاتە لە ئەمریکا. چوار کتێبی نووسیوە دەربارەی تیۆری هۆنراوە نووسین و ڕەخنە سازی. ئەم دوو کتابەی:

The influence of anxiety (١٩٧٣)

A map of misreading (١٩٧٥)

بە تایبەتی دەربارەی تیۆری هونەری هۆنراوە نووسین و دروست بوونی شاعیرێتی دەدوێ.

سەرچاوەکان

١_دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق_بەغدا ١٩٨٠

٢_گۆران، هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانەدا، چاپخانەی مەعارف_بەغدا ١٩٥٣

٣_ Hayward, john, Robert Herrick selected poems. Middlesex: penguin books ltd ١٩٦١ ,..

٤_عومەر مەعروف بەرزنجی، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان،تشرینی دووەمی ١٩٧٦ ژمارەی (٤٢) و ژمارەی (٥٠) تەموزی ١٩٧٨

٥_د-صفاو خلوصی فن الترجمە فی چوو الدراسات الحچاریەو منشورات وزارە الپقافە و الاعلامو ١٩٨٢

٦_catford. j.c. A Linguistic Theory of “Translation. London Oxford University Press, ١٩٦٣.

٧_Harold, bloom. The Influence of Anxiety a Theory of Poetry. London; oxford press ١٩٧٣.

٨_A map of Misreading. London“ Oxford University Press . ١٩٧٥

٩_دکتۆر عبدالله دەباغ (( گۆران و کولدسمپ و تازە کردنەوە لە هۆنراوەدا)) ڕۆشنبیری نوێو ژمارە ١١٨ حوزەیرانی ١٩٨٨ و لاپەڕە ١٠٠_١٠٤

١٠_جەزا عەلی ئەمین ((سەرەتایەکی پێویست بۆ ئەدەبیاتی منداڵانی کورد)) نووسەری کورد_ژمارە ٦_ خولی دووەم شوباتی ١٩٨١ لاپەڕە ١٨٢_١٨٥

# گوتار و ئایدۆلۆجیا

# Ideology & Discourse

پ.ی.د. عبدالواحد مشیر دزەیی
بەشی کوردی کۆلیژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

ڤان دایك پێی وایە ئایدۆلۆجیا بنچینەی دکپێکـــــردن و رێکخـــــستنی بـــــارە کۆمەلایەتییەکانـــــە، بەشـــــێوەیەکی ناڕاســـتەخۆ کاریگـــەری دەکاتـــە ســـەر پێکهاتـــــەی دەوروبـــــەری گوتـــــار و شیکردنەوەی واتا بوونی چەند گوتارێك وا دەکـات بەربـەرەکانێ بکەوێتـە نێـوان ئایدۆلۆجیا و چەمکەکان، کـە تێروانینمـان بۆ رووداوەکان دەخاتەڕوو، بەربەرەکانێی ئایـدۆلۆجیا کرۆکـی ئـەم پێکهاتەیـە و هەولـــدەدات بۆشـــایی درکپێکردنـــی کۆمەلایـەتی و کەسـی پڕبکاتـەوە، جـا تێگەیـشتن لـە زمـان و گوتـار، پێکهاتـەی درکپێکردنی کۆمەلایەتی هاوبەش لە نێوان تاك و کۆمەلێ پێکدێنێت .

گوتار لە زاراوەی ئایدۆلۆجیا دەچێت کە زۆر بـــەکاردێت لـــە ئـــەدەبیات و زانـستەکۆمەلایەتییەکان، بـەلام بۆچـی گوتار زیاتر پەسندەکرێت لە ئایدۆلۆجیا ؟ میشێل فۆکۆ Mechal Fouco پێی وایە ئایدۆلۆجیا لە بنچینەدا پشت بە گوتارە راستییەکان دەبەستێت، کە پێی





دەگوترێـــت زانـــست و گوتـــارە هەلْخەلْەتێنەرەکان، لێرەدا زۆر گرانە بڕیار لەســەر گوتــارە سیاســی و ئــابووری و کۆمەلایـەتی و رەوشـتییەکان بـدرێت، کـە راستییە یان هەلْخەلْەتێنەرە، چونکە ئـەم گوتارانـە خـودی خۆیـان نـاتوانن بڕیـار لەسـەر راسـتی و ناڕاسـتی بـدەن، چـونکە ئـەم راسـتیانە فاکتـەرن و Facts بـە رێگای جیاواز بنیات نراون. فۆکۆ پێی وایە چـەند تەگەرەیـەك دێتـە رێـی چـەمکی ئایـــدۆلۆجیا و بەرکارهێنانـــەکانی لـــە شـیکردنەوەی کۆمەلایـەتی . بزوتنـەوەی دوای رۆنانکـــاری تـــوانی Poststructuralismرەخنـــە لـــە چەمکی ئایدۆلۆجیا بگرێت ئەمەش وایکرد گرنگـی زیـاتر بـە گوتـار بـدرێت وەك جێگرەوەیەکی ئایدۆلۆجیا .

فۆکۆ Mechal Fouco یەکێکە لە رابەرانی ئـەم ئاڕاسـتەیە و هەولْیـدا دووری بخاتەوە لە مارکسیەت و گوتـاری بـە هێـز Power بەســتەوە، ئــەوەی تێبینـــی دەکرێت لە فۆکـۆ دەربـارەی هێـز ئەوەیـە نەیخـستەسەر دەزگـاو دەولْـەت و تـاك و ئابووری وەك مارکسییەکان، ئەم پێی وایە هێز شـتێکە پیادەدەکرێت Exercised و خاوەنداری possessed ناکرێت .

فۆکۆ Mechal Fouco پێـی وایـە ئـــازادی تـــاك هـــیچ مانـــای نییـــە لـــە چوارچـێوەی تـۆڕی هێـزی کۆمەلایـەتی و بەرژەوەندییەکانی لەسەر تاك، فۆکۆ پێـی وانیـە هێـز لـە هـەموو شـوێنێك هـەبێت هـەوەك مارکـسییەکان بـۆی دەچـن، ئـەو پرسیاری ئەوە دەکات چۆن هێز لە رێگای ستراتیجییەتێکی دیاریکراو پیادە بکەین و چـۆن گۆڕانکـاری بنـەڕەتی بکـەین لـە کۆمـەلگای رۆژئـاوای نـوێ ؟ چـۆن تـاك هەلْسێت بە دۆزینەوەی رەهەنـدە سیاسـی و ئابورییەکانی گۆڕان لـە بوارەکـانی هێـز، فۆکـۆ پێـی وایـە کـێ بڕیـاری هێـزی بـە دەسـتە و کـێ دەتـوانی رێگـری لێبکـات، وەلامـی ئەمانـە هـەمووی بـە وەلامـی پرسیاری چۆن پیـادەی هێـز دەکـەی ؟ و کێ پیادەی هێز دەکات ؟ دەدرێتەوە .

ئەگەر نموونەیەك لە کوردستان وەرگـرین بۆ روونکردنەوەی تێکچڕژانی زمـان لەگـەلْ راستی کۆمەلایەتی کە گوزارشتی لێدەکات . ئـەو گەریلایانـەی کـە شـەڕ دەکـەن لـە پێناوی مـافی نەتـەوەی کـورد لـە بـاکوری کوردستان، دەبینین وەسفیان دەکرێت بـە تیرۆرســـت Terrorists یـــان بـــە شورشـــگێڕ و پالـــەوانی رزگـــاری Freedom Fighters ، ئەوەی راستە کە شەڕدەکەن و سـەرباز دەکـوژن، بـەلام شەڕ چی دەگەیـەنێت و چۆن ئـەم شـەڕە

وەسف دەکەین کە کردەی کوشتن دەگرێتەوە، بەکارهێنانی زمان بۆ وەسفکردنی ئەم راستیانە، جۆرە رەنگکردنێک دەدەنە ئەم راستیانە هەرچەندە راستیش نەبن خۆیان وا نیشان دەدەن راستن، چونکە خەڵك باوەڕی پێدەکەن و گومانیان نییە، هەوڵی فۆکۆ بۆ بەرجەستەکردنی چەمکی گوتار و ڕێبازەکەی بۆ چارەسەری کێشەی راستی و ناراستی گوتنە کۆمەڵایەتییەکان و زۆرجاریش تێیدەپەڕێنێت و پێی وایە ئەو قیەمە کۆمەڵایەتییەی کە هەڵمانگرتووە کاریگەری دەکاتە سەر چەمك و زانینمان دەربارەی جیهان، بەم پێیە زوربەی گوتنەکانمان دەکەوێتە ژێر باری ئایدۆلۆجیا، فۆکۆ پێی وایە زانینمان دەربارەی مەسەلەیەك یان بابەتێك یان بارێکی کۆمەڵایەتی دیار لە ئەنجامی پێشبڕکێی چەند جۆرە گوتارێك و هێزی راکێشانی هێزە کۆمەڵاتییە سەرکەوتەوکان دەبێت، ئەنجامی کۆتایی ئەم بەربەرەکانێیەش راستی و دروستی ئەم گوتارانە ساغ دەکاتەوە. فۆکۆ لە کتێبەکەیدا Power/Knowledge ، ئاماژە بەوە دەکات کە هێز وادەکات شتەکان راست بن و هەموو کۆمەڵگەیەك سیستەمێك لە راستی و سیاسەتی گشتی دەربارەی ئەو راستیانە هەیە کە ناوی دەنێین و دیاریدەکەین لە جۆری گوتار، بنیاتی گوتار پێکهاتووە لە کۆمەڵێك یاسا و دەستووری بە میراتگیراو کە شێوەی بەکارهێنانی گوتار و کرۆکی دیاریدەکات و بڕیار لەسەر سروشتی زانین و هێز و رەوشت دەدەن لەناو گوتار، هەر ئەوەشە کۆنترۆڵی ناوەرۆکی گوتار دەکات، فۆکۆ بانگێشەی ئەوە دەکات : خەڵکان بەرپرسیارییەتی دامەزراندنی مەرجەکانی گوتار هەڵناگرن، بەڵام پێکهاتەکانی گوتار Discourse formation پێناسەی کەس و شوێن لەناو کۆمەڵەکەی دەکات، لیتیلجان Littlejohn پێی وایە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تاکەکان گوتار بەرهەم ناهێنن ئەوە دەگرێتەوە کە کارێکی دیاریکراو بۆیان ئەنجام دەدەن بەواتایەکی تر ئەو بۆشاییانەی کە بۆیان دانراوە پڕدەکەنەوە هەر بۆیەش فوکۆ گوتار بە دانەر نابەستێتەوە، چونکە ئامرازن بۆ رۆنانی دەق .

وشە و واتاکەی لەناو زمانێك لە گوتارێکەوە بۆ گوتارێکی تر دەگۆڕێت بە پێچەوانەی بانگێشەی رۆنانکارە سوێسرییەکان، کە وای بۆ دەچن زمانەکانی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی و چینی یان عەرەبی ...هتد. بەشێوەیەك





لەیەك دەچن و هەموومان یەك زمان قسەدەکەن، چونکە یەك سیستەمیان هەیە و سروشتی واتا و شێوەی دەنگە بەکارهاتووەکان دیاریدەکات. گوتار سیستەمی گشتی زمان رەتناکاتەوە، بەڵام تەنها ئەو بیرە رەتدەکاتەوە لەزمانێکدا یەك سیستەم هەبێت، زمان بەپێی جۆری گوتار سیستەمی دیاریدەکرێت و گرنگترین بنەمای گوتار ئەوەیە کە واتا لەسەر بنەمای جیاوازی کۆمەڵ بەرهەم دێت. هەروەك بیتشو Pecheux، دەڵێت: گوتاری جۆراوجۆر خاوەن سیستەمی جۆراوجۆرە . هەر بۆیەش دەبینین دەزگا کۆمەڵایەتییەکان ژمارەیەك لە شێوازەکانی بیرکردنەوە و ڕێگاکانی دەربڕین بەرهەم دێنن لە بوارێکی دیاریکراو لە ژیانی گشتی کۆمەڵ، ئەم وشە و دەستەواژەی کە پەیوەستن بە سروشتی دەزگاکە و هەر دەزگایەك کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە و زاراوە دادەتاشێت و پەسند و ناپەسند و ئەستەمی کۆمەڵایەتی لەیەك جیادەکاتەوە کە کەی دەگوترێت ؟ و چۆن دەگوترێت ؟ وەك بابەتەکانی رەگەز و دەسەڵات و زانست و خێزان ...هتد، کە گوتاری تایبەتیان هەیە سەرەڕای گوتارەکانی سیاسی و کەلتووری و ئاین و پزیشکی و راگەیاندن و ئەدەب ....هتد. هەر یەکەیان گوتارێکی تایبەتیان هەیە، کە لە دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کەلتوورییەکان دارێژاون یان لە کاردانەوەی ئەوانەوە پەیدابوون .



*شیروان حوسێن خۆشناو

# کەموکوڕییەکانی (پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق) لەڕووی زمانەوانییەوە

کەموکوڕییەکانی (پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان - عێراق) لەڕووی زمانەوانییەوە

شیروان حوسێن خۆشناو*

زمان وەك هۆیەکی گەیاندنو دەربڕین، مرۆڤ بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاری دەهێنێت. لە هەر بەکارهێنانێکیشدا تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێ. زمانی یاسایش چەند تایبەتییەکی هەیە، کە پێویستە یاسادارێژەران ڕەچاوی بکەنو لێی لانەدەن. لەوانە، پێویستە دووربێت لە تەمومژو لێڵیو خوێندنەوەو لێکدانەوەی جیاواز. وەك زۆرجار دەبیستین بەهۆی شێوازی دارشتنی زمانییەوە هەندێ مادەی یاساییو دەستووریی لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێتو لایەنەکان بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان شرۆڤەی بۆ دەکەن. دەستووری هەرێمی کوردستان، کە ئێستا لە ناوەندی سیاسیدا، باس لە





گەڕانەوەی دەکرێت، بۆ پەرلەمان، هەندێ هەڵەو کەمو کوڕی زمانەوانی تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە وەك ئەرکێکی سەر شانمان بە پێویستمان زانی بەشێکی زۆر لە کاتی خۆمانی بۆ تەرخان بکەین، ئەم هەڵانەی ڕاست بکەینەوە. ئێمە تەنیا پشتمان بە دەقە کوردییەکە بەستووە. هەروەها ئەو چاپەی کە بەشێوەی نامیلکە چاپکراوە، بەکارمان هێناوە .

سەربارى هەڵەی زمانەوانی هەڵەی زۆری ڕێنووسیو کەمو کوڕی زۆری خاڵبەندی تێدایە، بۆیە هەندێکیان لێرەدا ئەمە دەخەینە ڕوو، بەشێکی تریشیان، بۆ بەشی دووەم تەرخان دەکەین. بەو هیوایەی کە پێداچوونەوەی بۆ کرا، ئەمانە لەبەرچاو بگیرێتو پێش چاپکردنی کۆمەڵێك زمانەوانو خاوەن سەلیقەی زمانیی پێیدا بچنەوە .

لە مادەی(١)دا، یەکەم دەستەواژەی (کوردستان ـ عێراق) دەستەواژەیەکی لێڵە لەڕووی زمانەوانییەوە، باشتروایە بنووسرێت (هەرێمی کوردستان ـ عیراق، .......) هەر لەو مادەیەدا دەستەواژەی (دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانە دەسەڵات) لێڵەو باشتر وایە وشەی (ئاشتیخوازانە) بکرێت بە(ئاشتیانە) چونکە پاشگری (-خواز) لێرەدا زیادەو زیاتر بۆ کەسێك یان میللەتێك بەکاردێت، نەك بۆ کردەو پرۆسەیەك. هەروەها دانانی نیشانەی (،) لە دوای وشەی (دەسەڵات). دواتر وشەی (دەوری) بکرێت بە (خولی)، چونکە ئەم وشەیە کوردی نییەو لە زمانەکەشماندا وشەی شیاوی بەرامبەر هەیە .

لە مادەی (٢) برگەی یەکەم، لەپێش دەستەواژەی (کوردستان ـ عێراق) پێویستە وشەی (هەرێمی) زیادبکرێت، چونکە لەمادەی (١)دا، بەهەرێم ناسێنراو پێناسە کراوە. لە دوای وشەی (پێك دێت لە) پێویستە نیشانەی (:) دابنرێت. لەم برگەیەدا پێویستە یان دەستەواژەی (بەسنووری کارگێڕی ئێستایەوەی) یان (قەزاکانی ئاکرێو شێخانو قەزاکانی تری سەربە پارێزگای دهۆك) لابرێن، چونکە دووبارەبوونەوەیان تێدا دەبێت بەوەی کە ئێستا هەندێك لەو قەزایانە سەر بەپارێزگای دهۆکن. هەروەها ڕاستکردنەوەی ڕێنووسی وشەی

(کارگێڕی) بە (کارگێڕیی). لەبڕگەی دووەمی هەمان مادەدا، باشتروایە، وشەی (بەشێك) لەسەرەتای بڕگەکە دابنرێت، چونکە بەشێکی زۆری سنووری سیاسی هەرێمی کوردستان دیاری کراوەو دوای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)یش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت .

لە مادەی (٣) بڕگەی یەکەمدا، دەستەواژەی (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەو ڕەوابوونیەتی،) لێڵەو چاکتر وایە بکرێت بە (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتو ڕەوابوونیەتی،) چونکە کراوەتە دوو ڕستەی لەناویەکی ئاڵۆز لەڕووی واتاییەوە. هەروەها دانانی نیشانەی (،) لە دوای وشەی (هەیە)و (فیدراڵییەکان) هەروەها گۆڕینی دەستەواژەی (بەدەرن لە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی (حصری) دامودەزگا فیدراڵیەکان) بۆ (بەدەرن لەو دەسەڵاتە تایبەت(حصری)یانەی دامودەزگا فیدراڵییەکان). لەبڕگەی دووەمدا، نیشانەی (،) لەدوای هەردوو وشەی (لەخۆگرت)و (کەم ناکاتەوە) دابنرێت. هەروەها ڕێنووسی وشەی (بر گەی) بکرێت بە (بڕگەی)و ڕێنووسی وشەی (دراوون) ڕاست بکرێتەوە بۆ (دراون) .

لەمادەی (٤)دا، نیشانەی (،) دابنرێت لە دوای وشەکانی (بۆی هەیە)، (بخاتەکان)، (فیدراڵی)، هەر لەو مادەیەدا، دەستەواژەی (بۆی هەیە) لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەدا بەتەواوی ناگونجێ، چونکە بەپێی ئەم دەستەواژەیە پەرلەمان سەرپشك دەبێت، لە خستنەکار یان نەخستنەکاری ئەو یاسایانە. بەڵام بەپێی دەقی عەرەبییەکەی بێت، پێویستە جێبەجێیان بکات. بۆیە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە باشترە لەڕووی زمانەوانیەوە: (پەرلەمانی کوردستان، هەر یاسایەکی فیدراڵی لە هەرێمدا دەخاتەکار، .(.......

لەمادەی (٥)دا، نیشانەی (:) لەدوای وشەی (پێك هاتووە) دابنرێتو نیشانەی (،) لەدوای هەردوو وشەی (کلدان)و (ئاشووری). هەروەها وشەی (دیکە) زۆر لەبار نییە، چونکە جێناوێکی نادیارە، و سەرچاوەی دروستبوونی لێڵیو نادیارییە، نازانرێت کێ دەگرێتەوە .

لە مادەی (٦)دا وشەی (ئیسلامی) بکرێت بە (موسڵمانیەتی). چونکە ئەم زاراوەیە لە ڕووی سیمایی واتاییەوە گونجاوترە. هیچ سیمایەکی وەرنەگرتووە،





بەپێچەوانەی وشەی (ئیسلامی) کە سیمای تری وەرگرتووە. هەروەها دەستەواژەی (ئەوانی دیکە) نادیاریو کۆتاییەکی کراوە دەبەخشێت، بەمادەکەو ئەمەش بۆ زمانی یاساو دەستوور گونجاو نییە. هەروەها (نەریتی ئایینی) بکرێت بە (نەریتە ئاینییەکان). دانانی نیشانەی (،) لەدوای دەستەواژەی (یاسایەك دابندرێت)، لەبڕگەی یەکەمو دووەمو سێیەمی ئەم مادەییە .

لە مادەی (٧)دا دەستەواژەی (مافەکانی تاكو کۆی مرۆڤەوە) زۆر ناڕێزمانییەو باشتر وایە بکرێت بە (مافە تایبەتیو گشتیەکانی مرۆڤەوە)، هەروەها دانانی نیشانەی (،) لە دوای وشەی (هەڵبژاردووە) .

لە مادەی (٨) بڕگەی یەکەمدا، وشەی (ئەگەر) بگۆڕێت بە (کاتێك) بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، لەگەڵ زمانی کوردیدا گونجاوتر دەبێت: (...... کاریان پێدەکرێت لە هەرێمدا کاتێك، کە پەرلەمانی کوردستان ــ عێراق بەزۆرینەی .......) لەبڕگەی دووەمدا، نیشانەی (،) لە دوای وشەکانی (ناکرێت)و (کوردستان)و (مۆریان دەکات)و (لەخۆبگرن)و (تایبەتیانە بن) دابنرێت. لە هەردوو بڕگەی دووەمو سێیەمدا ڕێنووسی وشەی (دیار کراوون) ڕاست بکرێتەوە بە (دیاریکراون). هەر لە بڕگەی سێیەمدا نیشانەی (،) بخرێتە دوای (مۆربکات). لەبڕگەی چوارەمدا، ڕاستکردنەوەی ڕێنووسی وشەی (ڕێککەتننامە). هەروەها دەستەواژەی (ڕەزامەندی لەسەرنەدان)، ببێتە (ڕەزامەند نەبوو لەسەریان)، جێبەجێ ناکرێن). لەو مادەیەو لەهەموو مادەکانی تری ئەم دەستوورەو هەموو یاساکان پێویستە ئەو وشە عەرەبیانەی بۆ ڕوونکردنەوەی وشە کوردییەکان دەهێنرێنەوە لە دوای وشە کوردییەکە بنووسرێن، نەك لەپێشەوەی، کە لەزۆر شوێندا دەبینرێت .

لە مادەی (٩)دا، لە سەرەتای مادەکەدا وشەی (مافێکی) بکرێت بە (مافی)، چونکە (ێك) نیشانەی تاكو نادیاری لەخۆدەگرێت، هەرچەندە مافەکان زۆرنو گشتین، بۆیە دەبێت ناوەکەش بەناوی گشتی دەربڕدرێت. هەروەها پاشبەندی (دا) لەسەر وشەی (فیدراڵیەکاندا) لابرێت، چونکە لێرەدا پێویست بە پاشبەند ناکات. لەبڕگەی

یەکەمدا (نێودەوڵەتیەکانەوە) بکرێت بە (نێودەوڵەتیەکانیشەوە). هەروەها لەبڕگەی دووەمدا، وشەی (شاندەکان) بکرێت بە (شاند) .

لەمادەی (۱۰)دا، وشەی (هەرێمی) بخرێتە پێش ناوی (کوردستان)ەوە، واتە بکرێت بە (......شارێکی دیکەی هەرێمی کوردستان بکاتە......)، هەروەها دانانی نیشانەی (،) لەدوای وشەی (هەیە) دابنرێت. هەروەها دانانی وشەی (دەنگی) لەدوای وشەی (بەزۆرینەی) .

لەمادەی (۱۱)ی بڕگەی یەکەمدا، وشەی (لەتەك) بکرێتە (هاوشانی) باشترە، چونکە (لەتەك) زیاتر بۆ تەنیشت بەکاردێتو کە مەرج نییە هەموو جارێك لەتەنیشت یەکتریەوە بن. هەروەها دانانی نیشانەی (،) لەدوای وشەی (هەیە). وشەی (ئەمەش) بکرێت بە (ئەمانەش) چونکە مەبەستەکە لە هەموو ئەوانەی پێشەوەیە، کە لەیەك زیاترن، (...... ئەمانەش بەیاسا ڕێك دەخرێن.) لە بڕگەی دووەمدا، دەستەواژەی (لەسەرەوە بۆ خوارەوە) لە دوای وشەی (ئاڵاکە) دابنرێت، چونکە ئەم داڕشتنە ڕیگە بەوە دەدات ئاڵاکە سەرەوبنیش هەڵبواسرێ، وەك لەهەندێ شوێندا دەبینرێت. دانانی نیشانەی (،) لەدوای وشەی (ناوەڕاستیەوە). لە بڕگەی سێیەمدا، پاشگری (یەك) لە وشەی (بەیاسایەك) لاببرێت، چونکە سنووری یاساکان بۆ تەنیا یەك یاسا دەبێت، ڕێگە بەیاسای جۆراوجۆر نادات .

لە مادەی (۱۲)دا، دەستەواژەی (بەیاسایەك ڕێك دەخرێن)، بگۆڕێت بۆ (بەیاسا ڕێك دەخرێن)، هەروەها وشەی (پێکبهێنرێن)، لە کۆوە بکرێت بەتاك چونکە وشەی پێش خۆی (میلیشیای چەکدار) تاکە، واتە بکرێت بە (پێکبهێنرێ) .

مادەی (۱۳) زۆر بە ناڕێزمانی ڕستەو دەستەواژەکانی بەدوای یەکدا هاتوون، بۆیە واتاو مەبەستەکەی بەڕوونی دیارنییە، بۆیە پێشنیار دەکەین، بەم شێوە دابڕێژرێتەوە: (ڕێگە بە دانانی یان هەموارکردنەوەی یان لێخۆشبوونی هیچ ڕەسمو باجێك لە هەرێمی کوردستاندا نادرێ، بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستانو پەسەند کردنی بەیاسا). هەروەها ئەگەر بەم داڕشتنەی پێشتریش بێت، پێویستە (یان)ی نێوان (ڕەسم)و





(باج) بکرێت بە (و) چونکە ئەو کەرەستانەی بە (یان) پێکەوە دەبەسترێنەوە تەنیا یەکێکیان هەڵدەبژێردرێت. بەڵام ئەوانەی بە (و) پێکەوە دەبەسترێنەوە هەردوکیان بەشداردەبن. بۆیە هەڵە ئەگەر یان بێت، لەم حاڵەتەدا دەکرێت یەکێکیان لە ڕەسم باج ئەو کارانەی پێشتری بەسەردا بکرێت، بەڵام کە (و) بەکارهات یەك پلەی یەکسان وەردەگرن. هەروەها لێکردنەوەی (یەك) لە وشەی (یاسایەك) چونکە لەم بارەدا ناکرێت، دوو یاسای جیاواز بۆ ئەو مەسەلەیە دەربچن، لەحاڵێکدا زۆر نزیکە ئەمە هەریەکەیان پێویستیان بە یاسایەکی جیاوازبێت. بەتایبەتی دانانی باجو ڕەسم، لێخۆشبوونی باجو ڕەسم. بەگشتی ئەم پاشگرە لەیەك کاتدا مانای تاكو نادیاری دەگەیەنێت، لە زمانی کوردیشدا تاك تەنیا یەك دەگرێتەوە، سنووری یاساکە تەسك دەکاتەوە .

لە مادەی (١٤) بڕگەی یەکەمدا، دەستەواژەی (ڕێککاریەکانی پەروەردەیی) بکرێتە (ڕێککارە پەروەردەییەکان). هەروەها دانانی نیشانەی (،) لە دوای وشەکانی (کوردستانن)و (دەستبەردەکات). لەبڕگە دووەمدا، دەستەواژەی (بەیاسایەك) بکرێت بە (بەیاسا) هۆکاری ئەمەش پێشتر ڕوونکراوەتەوە. لەبڕگەی سێیەمدا، نیشانەی (،) لە دوای وشەی (دەکرێت)و (فەرمیەوە) دانرێت .

لە مادەی (١٥)دا، دەستەواژەی (بەهەردوو ڕووی گشتیو تایبەتیەکەیەوە) بکرێت، بە (بەهەردوو ڕووە گشتیو تایبەتیەکەیەوە) .

لە مادەی (١٦)دا، وشەی (دواڕۆژەوە) بکرێت بە (دواڕۆژەو). هەروەها دەستەواژەی (ژینگەی مرۆڤیان) بکرێت بە (ژینگەی مرۆییان) .

لە مادەی (١٧) بڕگەی یەکەمدا، (ڕەفتار لەسەر کردنیان) بکرێتە (ڕەفتارکردن لەسەریان)، هەروەها وشەی (بەیاسایەك) بکرێت، بە (بەیاسا) وەك لەچەند شوێنێکی دیکەدا ئەمە ڕوون کراوەتەوە. هەروەها دانانی نیشانەی (،) لە دوای وشەی (ڕێکدەخرێن). لە بڕگەی دووەمیشدا بەهەمان شێوە، (ڕەفتار لەسەر کردن) بکرێتە (ڕەفتارکردن لەسەریان)، وشەی (بەیاسایەك) بکرێت، بە (بەیاسا) .

لە مادەی (١٨) بڕگەی یەکەمدا،

دانــانی نیــشانەی (،) لــە دوای وشــەی (کوردســـتان)و (هـــاتوون)، لەبڕگـــەی دووەمــدا، وشــەی (تاییــەت) بگۆڕێــت بــە (تایبەتن)، هەروەها دانانی نیشانەی (،) لە دوای وشەی (مافەکە). لەبڕگە سێیەمدا، وشـــەی (هـــاتوون) بخرێتـــە دوای دەستەواژەی (لەم دەستوورەدا)، هەروەها دانــانی نیــشانەی (،) لــە دوای وشــەی (کوردستاندا) .

لــە مــادەی (١٩) بڕگــەی یەکەمــدا، دانــانی نیــشانەی (،) لــە دوای وشــەی (پاراستنی). لەبڕگەی دووەمیشدا، دانانی نیــشانەی (،) لــە دوای وشــەی (بەیاســا نــەبێ)و (بێبــەش بکــرێ). لەبڕگـــەی سێیەمدا، وشــەی (لــەدژ) بکرێــت بــە (لــە دژی)و دانانی نیشانەی (،) لە دوای وشەی (نامرۆڤانــــە)و (ســـووکایەتی پێکـــردن بووبێ)و (بکرێتەوە). لە بڕگەی چوارەمدا، دانــانی نیــشانەی (،) لــە دوای وشــەی (نــەبێ)و (ناچــاربکرێ). لــە بڕگــەی پێنـچەمدا، دانـانی نیـشانەی (،) لـە دوای وشەی (ناسەپێندرێ)و (نەبێ). لـە بڕگـەی حەوتەمـــــــدا، دەســـــــتەواژەی (پێوەندیپێوەکردنــەکانی) بکرێــت بـــە (پەیوەندیکردنــەکانی)، وشــەی (نابــێ) بخرێتــە پــێش وشــەی (کــەس). لەبڕگــەی هەشتەمدا، دانانی وشەی (نەبێ) لـە پـێش وشــەی (ئــەنجام نــادرێ)، چــونکە یاسـاکە پێــچەوانەی مەبەســتەکەیەو ئەگــەر ئــەو وشــەیە دانــەنرێت. لــە بڕگــە دەیەمــدا، دەســتەواژەی (مــافی ئــازادیی دەربڕینــی) بکرێــت، بــە (مــافی ئــازادیی ڕادەربڕینــی)، هــەروەها دانــانی نیــشانەی (،) لــە دوای وشــەی (عێراقــدا). لەبڕگــەی یازدەهەمــدا، وشــەی (یاســایەك) بکرێــت بــە (یاســا). لەبڕگەی دوازەدەهەم دەستەواژەی (نابــێ چـاودێریان بخرێتـە سـەر) بکرێتـە، (نابـێ بخرێنـــە ژێرچـــاوەدێری). لەبڕگـــەی سێزدەهەمدا، دەستەواژەی (پێشوەچوونە زانــستیو.....) بکرێــت بــە (بــەرەوپێش چوونە زانستیو....)، دانانی نیشانەی (“) لــە دوای وشــەی (بــۆ دەرەخــسێنێ). لەبڕگەی چواردەهەم دەستەواژەی (هـانی بۆ بداو) بکرێت بـە (هـانی بـدات)و وشـەی (دامەزراوەکانی) بکرێت بە (دامـەزراوەی)، دانــانی نیــشانەی (،) لــە دوای وشــەی (هاوولاتیەکـە)و (کوردسـتانە). لـە بڕگـەی پازدەهـەم وشـەی (پـشتەوانی) بکرێت بە (پــشتیوانی). بڕگــەی هەژدەهــەم خــاڵی پێنــچەم، وشـــەی (دەبـــێ) بکرێتـــە (پێویستە)، بڕگەی نۆزدەهەم بـەم شـێوەیە دابڕێژرێتــەوە: (دەرکــردنو ڕاگواســتنی بــە کۆمــەڵ قەدەغەیــە). لــە بڕگــەی بیــستدا، لابردنــی پاشــبەندی (دا) لــە دوای وشــەی (ماڵو موڵکەی) .

لەمادەی (٢٠) بڕگەی یەکەمـدا، وشـەی (ولاتنامــە) بکرێتــە (ڕەگەزنامــە). هــەروەها وشـــەی (زمانەوانییـــەکان) بکرێـــت بـــە (زمانییەکان) چونکە زمانەوانی واتا زانستی زمـــان، بـــۆ پێکهاتـــە بـــەهیچ شـــێوەیەك بەکارناهێنرێت .

لەمادەی (٣٩)دا، پێویستە وشـەی (– عیراق) لەدوای وشەی کوردستان دابنرێت .

لــەمادەی (٤٠)دا، نیــشانەی (،) لــە دوای هەردوو وشـەی (عێـراق)و (بڕیاردانـە) دابنرێــتو هەرلــە و مادەیــەدا باشــتر وایــە دەستەواژەیەك هەبێت بۆئەوەی ئەرکەکـەی تــری پەرلــەمانی تێــدا جێبکرێتــەوە، کــە ئەویش بەدواداچوونو چاودێریکردنە .

لـــەمادەی (٤١) بڕگـــەی یەکەمـــدا، سەرەتاکەی بەم شێوەیە دابڕێژرێت لەڕووی زمانەوانییـەوە گونجـاوتر دەبێـت، (شـێوەو چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردســـتانو کـــاتی ئەنجامـــدانیو ......) لەبڕگـــەی دووەمـــدا، وشـــەی (ئەنـــدامان) لاببرێـت، بکرێـت بـە (پەرلـەمان) هـەروەها نیـشانەی (،)ی لــە دوا دابنرێــت، هــەمان نیـــشانە لـــە دوای وشـــەی (ڕێژەیـــەك) دابنرێــت. لەبڕگــەی ســێیەمدا، وشــەی (پێوەندیی) بکرێت بە (لایەنی) .

لـــەمادەی (٤٢) بڕگـــەی یەکەمـــدا، وشەی (هەر) بخرێتـە سـەرەتای ڕسـتەکەو بکرێـــت بـــە (هـــەر خـــولێکی پەرلـــەمان چوارساڵە،). هەروەها نیشانەی (،) لەدوای وشـــەی (کۆبوونەوەیـــەوە) دابنرێـــت. لەبڕگەی دووەمدا، وشەی (دوائاکامـەکانی) بکرێتە (دوائەنجەمەکان)، چـونکە لـەڕووی واتاییەوە لەزمانی کوردیدا ئاکـامو ئـەنجام جیــاوازن، ئــەنجام زیــاتر بــۆ ئــەو شــتانە دەبێت کە بەژمارەو ڕێژە دیـاری دەکـرێن، بەڵام ئاکام، بۆ باشیو خراپی سەرەنجامی شـــتێك بـــەکاردێت. هـــەر لـــەو بڕگەیـــەدا ڕێنووســـی وشـــەی (ئەگـــەر هـــات و) ڕاستبکرێتەوە بۆ (ئەگەر هاتوو) .

لـــــــەمادەی(٤٣)، پێویـــــــستە دەســتەواژەی (هــەر لــەو کۆبوونەوەیــەدا) بخرێتە پێش وشەی (سەرۆك). چونکە بـەو داڕشـــتنەی ئێـــستایەوە نازانرێـــت کـــەی پێویــستە ســەرۆكو جێگــرو ســکرتێری پەرلـــەمان هەڵبـــژێردرێن، دەشـــێ لـــە

دانیشتنی تردا هەڵبژاردنەکە بکرێت. بەڵام ئەگەر ئەم دەستەواژەیە زیاد کرا، ئەو یەکلادەبێتەوەو خوێندنەوەی جیاواز هەڵناگرێ .

لەمادەی (٤٤)دا نیشانەی (،) لەدوای وشەی (دەخۆم) دابنرێت‌و وشەی (ئەندامەتی) بکرێت بە (ئەندامێتی) چونکە ئەم دوو پاشگرە هەریەکەو سنووری واتایی خۆی هەیە .

لەمادەی (٤٥)دا، هەرسێ وشەی (فەرمانەکەی) بکرێن بە (کارەکەی) چونکە وشەی فەرمان لە زمانی کوردیدا زیاتر بۆ (قرار)ی عەرەبی بەکاردێت، وەکو دەوترێت فەرمانی دا، بەڵام بۆ وشەی (وچیفە) زیاتر کار یان ئیش بەکاردێت. هەروەها دەستەواژەی (پایەبەرزکردنەوەو قیدەم) بکرێت بە (پلەبەرزکردنەوەو پێشخستن) چونکە وشەی پایە بۆ مەبەستی پێگەی کۆمەڵایەتی‌و مەعنەوی بەکاردێت. هەروەها قیدەمیش وشەی پێشخستنی بۆ بەکاردێت .

لەمادەی (٤٨)دا، وشەی (نیسابی) بکرێت بە (ڕێژەی). هەروەها دەستەواژەی (دەقێکی یاسا) بکرێت بە (دەقێکی یاسایی). ڕێنووسی وشەی (هاتیێ) ڕاستبکرێتەوە بۆ (هاتبێ)و وشەی (ژمارەی)یش بخرێت پێش وشەی (دەنگەکانیش)، هەروەها وشەی (هەیە)، بکرێت بە (دەبێت)، چونکە حاڵەتەکە باس لەکاتی داهاتوو دەکات، نەك ئێستا .

لە مادەی (٤٩)دا، دەستەواژەی (پێشنیازی یاسایەك یان بڕیارێك) لەڕووی داڕشتنەوە نەگونجاوە، چونکە بەپێی ئەم دەربڕینە ڕێژەکە دیاری دەکرێت، بۆ پێوستە بکرێت بە (پێشنیازی هەر یاسایەك یان بڕیارێك .(......

لەمادەی (٦٩)دا، نیشانەی (،) بخرێتە دوای وشەی (کوردستان) .

لەمادەی (٧٣)دا، پێویستە پاشبەندی (دا)، بخرێتە دوای (وەزیران)و بەشی یەکەمی کاری لێکدراوی (ڕەچاودەکرێ) بێتە پێش وشەی (نوێنەرایەتییەکی)و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: (لەپێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیراندا، ڕەچاوی نوێنەرایەتییەکی دادپەروەرانەی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان ـ عیراق دەکرێ.(.

لەمادەی (١١٨)دا، وشەی (بەدەستهێنانی) بخرێتە پێش وشەی (ڕەزامەندی)، واتە (....... پاش





بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی........) هەروەها دانانی نیشانەی (،) لەدوای وشەی (کوردستان)و (گشتیدا) .

لەمادەی (١٢١)دا، دەستەواژەی (لە هەرێم دا) شوێنەکەی بگۆڕێت‌و لە دوای وشەی (ڕاپرسی بکەن) دابنرێت. دەبێت بە: (....دەتوانن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، داوای ڕاپرسی بکەن لە هەرێم دا.....)

لەمادەی (١٢٢)، برگەی یەکەمدا، وا باشە وشەی (جێبەجێکردنی) لەپێش وشەی (لە ئەستۆ دەگرێت) دابنرێت. هەروەها دەستەواژەی (ڕەزامەندی لەسەر دانی) بگۆڕێت بۆ (ڕەزامەندنی دان لەسەری). نیشانەی (،) لەدوای وشەی (گشتیەکەدا) بکرێتە ئامرازی (و). لەبرگەی دووەمدا، ناڕوونیەك دروست بووە ئەویش بەهۆی ئامرازی (لە)ی پێش وشەی (ڕۆژی)یەوەیە، بکرێت بەئامرازی (تا)و پاشبەندی (دا) لەسەر وشەی (دەستووره) لابرێت، لێڵیەکەی نامێنێت. دەستەواژەکە دەبێت بە: (ئەو یاسایانەی تا ڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستووره کاریان پێکراوه)

*خوێندکاری دکتۆرای زمان
Sherwan٩٨٢kh@yahoo.com



# عبدالمجید لوتفی

# پێشەنگی چیرۆکنووسانی عێراقە

**د.شهاب شێخ تەیب**
**کۆلێژی پەروەردە – زانکۆی ڕاپەڕین**

– پێشەکی :

شاری خانەقین وەك هەر شارێکی کوردستانی خۆشەویست، خاوەنی چەندین هونەرمەندو وەرزشەوانو ئەدیبی گەورەو پێژمەرگەی ئازاو بەجەرگو ...ە، هتد. هەر یەك لەمانەش لە بواری خۆیاندا خزمەتی کوردو شارەکەی خۆیان کردووە، چ بەزمانی کوردی، یان بە زمانی عەرەبی، یان بەهەر زمانێکی تر بووبێت. ئەمەش خۆی لەخۆیدا شتێکی دڵخۆشکەرەیە بۆ نەوەکانی دواڕۆژمان، تا لەسەر هەمان ڕێچکە بڕۆنو بتوانن نووکی خامەی بە بڕشتیان بخەنە کار، بۆ خزمەتکردنی گەلو نیشتمانە خۆشەویستەکەیان.





لەبەرئەوە بە باشمان زانی کە تیشك بخەینە سەر ژیانو هەندێ لە بەرهەمەکانی ( عبدالمجید لوتفی )و هەندێ لەو سەرچاوانەی باسیان لە کەسایەتیو لایەنەکانی ژیانی ئەو نووسەرو ئەدیبە گەورەیە کردووە.

– ژیانی:

ناوی تەواوی ( عبدالمجید عمر عبدالرحمن )ە، ئەدیبێکی ناسراوی کوردی عێراقییە، لە ساڵەکانی سییەوە لاپەڕەی بەشێکی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤاری عەرەبیشی لە بەرهەمی خۆی بێ بەش نەکردووە. هەرچەندە خۆی کوردەو بەرهەمی کوردی زۆر کەمە، بەڵام لە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیدا گیانێکی کوردانەی توند هەست پێدەکرێت. یەکێکە لە پێشەنگەکانی چیرۆکنووسانی عێراقو یەکێ لە ناودارە بەناوبانگەکانی ئەو بوارەبووە، لەو ناودارانەی ئەو بوارەش بۆ نموونە:( محمود احمد السید، جعفر الخليلي، عبدالحق فاضل، ذنون ايوب، سليم بطي، يوسف رجيب، عبدالوهاب الامين، سعيد عبدالله الشهابي، خلف شوقي الداودي، ...هتد).

لە سەرەتای ژیانی بەناوی ( عبدالمجید عمر ) وتارو بەرهەمەکانی بڵاودەکردەوە، دواجار نازناوی ( لوتفی ) بۆ خۆی هەڵبژارد. بۆ ئەوەی کەسایەتیەکی سەربەخۆی هەبێت دوور لە لەقبی خێزانەکەی، کە هەندێ لە خزمەکانی بەو لەقبە دەیاننووسی. وەك چیرۆکنووس ( زید خەلووسی ) و دکتۆر ( سەفا خەڵووسی ) برازایو ( ناتیق خەڵووسی ) خوشکەزایو شاعیرو وێنەکێش( صدی خەڵووسی) کچەزایو وێنەکێش ( جنان خەڵووسی) کچەزای خوشکەکەیو ڕۆژنامەنووسو پەخشەر (عەلا خەڵووسی) کوڕەزای براکەی[1].

لە ساڵی (١٩٠٥) لە شاری خانەقین لە دایکبووە بە منداڵی لە لای مەلا دەستی بەخوێندن کردووە، کە وانەی ئاینی لە تەکییەی نەقشبەندی لە خانەقین خوێندووە، کە خزمێکی باوکی سەرپەرشتی ئەو تەکییەی دەکرد. لەسەردەمی منداڵی خۆیدا بۆ چەند مانگێك لە دووکانێکی بچووك پێڵاوی دروست دەکردو خەریکی فێربوونی بووە[2]. هەر لەم بارەیەوە ئەدیبی گەورەمان دەڵێت :بەڵێ کە منالْ بووم چەند مانگێك لە دووکانێکی بچووکی پێڵاو دروستکردندا کارم ئەکردو خەریکی فێربوونی بووم. لەبیرمە هەندێ دەزووم لەگەڵ خۆم هەڵ دەگرتو ئەچووم بۆ ماڵی هەندێ لە گەورە پیاوانی شارەکە هەتا ئەندازەی قاچی ژنەکانیان یا خوشکەکانیان بگرمو وەستاکەم لەسەر

ئەو ئەندازەیە پێڵاویان بۆ دروست بکات، ئەوانە لە ماڵ دەرنەئەچوون. جا کە هەندێ جار پێڵاوی جوانم هەڵ دەگرتو دەمبرد بۆ قاچوقول جوانەکان بەخششیان دەدامێ. جاروباریش هەندێ ماچ ئاگری بەردەدایە روومەتەم! ئێستە دەزانم کە ئەو ماچانە چ ئاگرێ بەردەدەنە گیانی پیاوان[٣].

باوکی ( عبدالمجید لوتفی ) پارێزەری شەرعی بووەو لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا شەهید کراوە. پاش ئەوە دایکی پەروەردەی کردووەو باوکی زۆر دەست بلاوبووەو لە نیشان پێکاندا دەستی زۆر راست بووە. باوکی عبدالمجید لوتفی شیعری هەجووی بە چوار زوبانی رۆژهەلاتی دادەناو لەو جۆرە شیعرانەدا زۆر سەرامەدو سەرکەوتووبووە. زۆر جار ئاغاکان لێی نزیک دەبوونەوەو دۆستایەتیان لەگەڵ دەکردو خۆیان لە شمشێری شیعری دەپاراست[٤]. پاش مردنی دایکی لەلای مامی دایکی لە بەغدا لەوێ دەمێنێتەوەو برەو بە بەردەوامی ژیانی خۆی دەدات.

لە ساڵی (١٩٣٢) قوتابخانەی پیشەسازی بەشی میکانیک لە بەغدا تەواو دەکات، ماوەیەک لە مینای بەسرا کار دەکاتو پاش ئەمەش لە کۆمپانیای نەوت لە شاری کەرکووک کار دەکات، چونکە برا گەورەکەی لە کەرکووک دادوەر بووەو لە دادی کەرکووکو بەهۆی پەیوەندی براکەی بە پارێزگاری(موتەسەریف) کەرکووکەوە کارێکی وەکوو ( کاتب)ی لە لەیلان ساڵی (١٩٣٤) بۆ دۆزیوەتەوە[٥]. پاشان لە لەیلانەوە چووە بۆ بەغداو لە ساڵی (١٩٣٨) لە وەزارەتی دارایی کاری کردووە و تا گەیشتۆتە پلەی سەرۆکی چاودێران.

مایەوە ئەوەی بڵێین ئەدیبی ناوبراومان لە ١٩٩٢/١٠/٢٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لەسەر خواستی خۆی لە ( باوە مەحموود ) نێژراوە*.

هەندێ لە بەرهەمەکانی :

سەرەرای ئەوەی ( عبدالمجید لوتفی ) زۆربەی بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە نزیکەی (٤٠چل) کتێبێکی هەبووە، بەلآم لەچەند جێگەیەکیشدا بەو زمانە هەندێ بەرهەمی دەربارەی کورد و زمان و ئەدەبیاتی کوردی نووسیوە. توانیویەتی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی بەرهەمەکانی بنووسێت، یەکێ لەهەرە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئەدیبەمان ئەوەیە کە بۆ ماوەی چل ساڵ بە بەردەوامی دەستی لە نووسین هەڵنەگرتووە. هەندێ لەو بەرهەمانەی کە ئێمە زانیاریمان لەبارەیانەوە هەیە بەپێی





ساڵی بلاوبووەنەوەیان دیاری دەکەین:

١- اصداء الزمن، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٣٨.مجموعة قصص قصيرة وشعر منثور.

٢- قلب الام، مطبعة الصباح، بغداد، ١٩٤٠.رواية.

٣- خاتمة موسيقار، مطبعة الصباح، بغداد، ١٩٤١. مسرحية.

٤- نظرات في الادب الكردي(مشاركة مع الاديب: عبدالسلام حلمي )، بغداد، ١٩٤٨.

٥- عفيفة، شركة الطباعة والنشر، بغداد، ١٩٥٣. خواطر أدبية وعاطفية.

٦- في الطريق، بغداد، ١٩٥٨. قصة.

٧- انشودة تموز، بغداد، ١٩٥٩.

٨- عيدفي البيت، بغداد، اتحاد الادباء ،١٩٦١، قصة حوارية.

٩- الامام علي رجل الاسلام المخلد ، النجف، مطبعة النعمان ،١٩٦٧.

١٠- الجذرة والريح ،بغداد ، دار الجاحظ، ١٩٦٩، قصص.

١١- الرجال تبكي بصمت ، بغداد ، دار الجمهورية ، ١٩٦٩، رواية .(باس لة دؤزى فةلَةستين دةكات)

١٢- تصابي الكلمات ، النجف ، مطبعة النعمان ، ١٩٧١، شعور منثور.

١٣- الخطأ في العد التنازلي، بغداد ، دار الحرية ، ١٩٧١، مسرحية.

١٤- ضجة النهار ، النجف ، مطبعة العربي، ١٩٧١، مسرحية.

١٥- خمسة ايام في مدريد، بغداد ، مطبعة شفيق، ١٩٧٢، دراسة .

١٦- مسؤولية الاديب الكردي الكبرى ، جريدة (التآخي ) ، بغداد، العدد( ١٢٠٦) الصادرة بتاريخ ١٩٧٢/١٢/٧.

١٧- المتنبي، شاعر الفكر العربي، بغداد، ١٩٧٧، دراسة.

١٨- فتحة اخرى للشمس، بغداد، ١٩٨٠، رواية.

١٩- خليج المرجان، بغداد، ١٩٨٤.

٢٠- من هموم المصايف، جريدة العراق، العدد(٢٦٠٦) الصادرة بتاريخ١٩٨٤/٨/٢٧.

٢١- اللغة الكردية الموحدة ، جريدة (العراق)، بغداد،العدد(٢٦١٨)الصادرة بتاريخ١٩٨٤/٩/١٣.

٢٢- توقعات حفيدة العجوز ، جريدة (العراق) ، بغداد، العدد(٤٢٠٥)الصادرة بتاريخ ١٩٨٩/١٠/٧.

٢٣- عبدالمجيد لطفى شتێك دەربارەی ژیانم ،رۆژنامەی (هاوکاری)،بەغدا ،ژمارە(١٢٦٦)،١٩٨٩/١١/١٣.

٢٤- من اخريات رحلتي ، جريدة،(العراق)، بغداد، العدد(٤٣٢٤)الصادرة بتاريخ١٩٩٠/٣/٢٧.

٢٥- نبووه العرافه الغجرى.

ئەمە سەبارەت بە بەرهەمەکانی ، بەڵام دوای مردنیشی (١٦)، دەستنووسی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە و تائێستاش هیچ کامیان بە چاپ نەگەیاندراوە کە ئەمانەن:

رۆمان:–

١– اللوحة والسرير.

٢– مزرعة الملح.

٣– ربيع الخريف.

٤– بيدر الحلاق.

٥– ثوب الافعى.

٦– القمر والمستنقع.

شانۆطةری:–

١– الريح الرمادية.

٢– كرة الثلج.

٣– ملح على بعير.

٤– مقطوع الاذن.

٥– الكياسة الخرقاء.

٦– المقصلة المتجولة.

چیرۆکی منداڵان :–

١– اجراس القصب.

٢– البطة البنفسجية .

دیوانی شیعر:

١– روابي الاقحوان[٦] .

وتەی جۆراوجۆر لەبارەی (عبدالمجید لوتفی)ەوە:

بێکەسی شاعیرو عبدالمجید لوتفی چیرۆکنووس:

– لەبارەی ئەو زانیارییەی سەرەوە ( حسێن جاف )، دەڵێت: لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامە نووسیدا، خوالێخۆشبوو نووسەری پایەبەرزی کوردمان ( عبدالمجید لوتفی ) ئەم ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە و وتی: کاکم:( عبدالعزیز افندی خلوصی ) لەناوەڕاستی چلەکاندا ( باشکاتبی) دادگای ناحیەی ( چەمچەماڵ ) بوو...ئەم برایەم ئاشنای شاعیری ناسراوی کوردمان ( فایق بێ کەس ) بوو، کەوا ناوناوێك لە سلێمانییەوە ئەچووە چەمچەماڵ بۆ دیدەنی کاکم و دوو سێ ڕۆژێك لەوێدا ئەمایەوە و جارێکیان کەسی خۆم وەك مامۆستا عبدالمجید وتی بەدیداری بێ کەس شادبووم و پێکەوە لە ( چەمچەماڵ ) یەکمان گرتەوە و هەر لەوێشدا هۆنراوەیەکی بۆ خوێندینەوە کەوا بەتەواوی لەبیرم نەماوەتەوە، بەڵام بیرۆکەکەی ئەوە بوو:

خۆشەویستیت ئەی وتەن ....

تاییێك بەلەشمدا ئەکات ، کەوا هەموو ڕووبارەکانی دنیا ..نایکوژێنێتەوە .

ئەوجا جارجارێکیش عەینی پرسیاری لە کاکم ئەکردەوە ئەرێ پێت نەوتم ئەم رادەرە کێیە؟ ئەویش پێی ئەوت: ئەی پێم





ەوتیت ئەمە ( عبدالمجیدی ) برامە. شایەنی اسیش ئەوەیە کە مامۆستا عبدالعزیز خەڵوسی... باوکی نووسەری عێراقی اسراو( **د.صفا خلَوصي** )یە ئەوجا وەك لەو چاوپێکەوتنە مامۆستا عبدالمجید لوتفی یێمی وت:کاکم (عبدالعزیز خڵوصی ) هەر ەو کاتەوە (محاچر)ی دادگاکەی بە زمانی کوردی دەنووسییەوە[٧].

– دەربارەی ڕۆمانی ( نبۆە العراف الغجری ەوە، فوئاد عبدالرزاق الدجیلی، دەڵێت: ەکێك لەهەرە باشترین ڕۆمانەکانی، کە بە زمانی عەرەبی نووسیبێتی ڕۆمانی( نبۆە لعراف الغجری )یە، کە بۆ زمانی کوردی ەڵبژاردووەو ناوەرۆکەکەی لە بارەی کوردستانەوە دەدوێ وئەدیبی ناسراومان ( شوکر مستەفا ) وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی.

هەروەها کتیبێکی تری بەناوی ( نظرات في الادب الكردي ) بەهاوبەشی لەگەڵ ئەدیبی کۆچکردوو ( عبدالسلام حلمی ) نووسیوە، کە هەوڵدانێکی سەرەتاییە بۆ ئەوەی شیعری کوردی بە خوێنەری عەرەبی بناسێنیت، هەروەها شتێك لەبارەی مێژووی کورد پێشکەش بە خوێنەری عەرەبی بکەیت.

یەکێك بووە لە پێشەنگەکانی شیعری نوێ، بە بیست ساڵێك پێش شاعیرانی، وەك: ( بدر شاكر السياب و عبدالوهاب البياتی و نازك الملائكە) کەوتووە[٨]. کە ئەوانە پەخشانی شیعریان نەهۆنیوەتەوە ، وەك چۆن ئەو لە سەرەتای سییەکاندا هۆنیویەتیەوە.

– دۆزینەوەی سێ پارچی شیعری (عبدالمجید لوتفی ) لەلایەن نووسەری ئەم بابەتەوە لە کتێبخانەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق لە بەغدا، کە بە زمانی کوردی نووسیویەتی، ئەو شیعرانەش بە قەڵەم جاف بە دەست خەتی خۆی لە سەر چەند لاپەڕەیەکی سپی گۆڤاری ( ڕۆژی نوێ )* ژمارەکانی ( ٣ ) و ( ٤ ) و ( ٥ )ی ساڵی ١٩٦١ نووسیوە. واتە – ئەو شیعرانە بلاۆنەکراوەتەوە و چاپ کرابێت، بەڵکو کە ئیلهامی شیعرەکەی بۆ هاتووە قەڵەمی دەرکردووەو بۆ ئەوەی بیرۆکەکەی لەبیر نەچێت لەسەر لاپەڕەی گۆڤارەکە شیعرەکەی نووسیوە، بەندەش نموونەی ڕەشنووسی ئەو سێ پارچە شیعرەم کۆپی کردووە و لە لای خۆم پارازتوومە[٩]، کە نووسیویەتی :

ذکری تأریخیة:أول شعر نظمته باللغة الكردية في صباح الاحد الموافق ١٩٦٣/٥/١٩ :

یەکەم شیعری ناوی خۆی لەسەری نووسیوە و واژووی خۆشی پێوەیە، کە

بەم جۆرەیە :

ئەی فەلەك، هاتم مەترسە
تیغو و قەڵغانم نیە !
من مرۆڤی وێژەوانم
گوڵ و شمشالم هەیە
وەکو تۆ قەت نا ئەسووزم
هەر دڵی خۆش و جوان
من ئەزانم تیغی تۆ بۆچی
خوێن خوارو و زگ دڕان.

پاشان لە کۆتایی شیعرەکەدا نووسیویەتی ( المأمون – بغداد ) پێش کۆچکردنی لەو گەڕەکە کە ناوی ( مەئموون )ە دەژیا.

دەربارەی ئەو شیعرەی سەرەوەش هەر چۆنێك بێت نابێت بە چاوی ڕەخنە لێ گرتنەوە سەیر بکرێت، چونکە مامۆستا ( عبدالمجید لوتفی ) زۆربەی بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، بەڵام وادیارە کە توانیبێتی بۆ یەکم جار بە زمانەکەی خۆی شیعری نووسیبێت ، ئەویش ئەوەی بە یادگارییەکی مێژوویی لەقەڵم داوە.

– ( عبدالمجید لوتفی ) بێجگە لەوەی خاوەنی چەندین کتێب و وتارە، هەروەها کاری ڕۆژنامەنووسیشی لە گۆڤاری ( قرندل ) کە خاوەنەکەی ( صادق الزدی ) یە و ( الزهراء ) کە خاوەنەکەی ( محمود شوکت )و ڕۆژنامەی ( الهاتف )یش کە خاوەنەکەی ( جعفر الخلیلی ) بوو، وتاری بڵاوکردۆتەوە.

کاتێ چیرۆك و هۆنراوەکانی دەخوێنیتەوە هەست بەوە دەکەیت، کە بایەخێکی زۆری بە ئافرەت دابێت. لە چیرۆکەکانیدا ئافرەت لە بابەتە هەرە گرنگەکانێتی، کە بایەخی پێدابوو، ئەم بایەخ پێدانەشی پێوەندبوو بە گیروگرفتەکانی جیابوونەوە و فرەژنی و خیانەتی هاوسەرێتی و ...هتد.



عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

# (گوڵە) و ڕۆڵی لەململانێی خۆشەویستی لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا

ڕەنگە لەپانتایی مێژووی فۆلکلۆری کوردیی هیچ کاراکتەرێك هێندەی (گوڵە) دووچاری سووکایەتی و بێرێزی کۆمەڵایەتی و کەسێتی نەبووبێتەوە. (گوڵە) هۆکارێك بووە لەنێوان عاشق و مەعشوقدا ڕۆڵی کەسێکی پەڕپووت و بێدەسەڵات، بەڵام هەمیشە براوە دەبینێت. ئەگەر سەرنجێکی خێرای تێکستی ئەو بەستە و حەیران و گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییانە بدەین کەباس لە (گوڵە) و عاشق و مەعشوق دەکەن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (گوڵە) لەزەمەنی ئێستای تێکستەکەدا براوەی کیژەکەیە و کیژە ئێستا لەباخەڵی (گوڵە) دایە. واتە شینێك کە تێکستەکان دەیکەن شینی بێبەشی عاشقە لە مەعشوق. ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵ دەگێڕن لەدروستبوونی ئەو هاوکێشەیە ڕەنگە هۆکاری کۆمەڵایەتی بن وەك خزمایەتی





کەلەڕابردوودا وەك پەیوەندییەکی بنەماڵەیی کچ دەبوایە بدرێتە ئامۆزا یا کەسی خۆ وەك برازا یان خاڵۆزا و ..تاد نەك بدرێتە کەسێکی دوور لەبنەماڵە . وەیان هۆکاری خێڵایەتی بووە ئەوەش دەبێ ژن و ژنخوازی لەنێوان ئەندامانی ئەو خێڵە بێت و کچ نەدرێتە کەسانی دەرەوەی بازنەی خێڵ واتە بێگانەیە، یانیش هۆکاری دووژمنداری بووە کەکچیان لەبری خوێن داوە بۆ چارەسەری کێشەکانیان، لەمەشدا کچ نامورادی و بەدبەختی ڕووی تێکردووە و ئەوکات زەبری خەنجەر و تفەنگ و ترسی کوشتن کچەی ناچار کردبێت ڕازی بێت بە پیاوێك کە قەت خۆشی نەویستووە و خۆشی ناوێت. ئیتر ئەو کچانەی کە لەچوارچێوەی ئەو هاوکێشەیەدا ژیاون و بەشێکیان لەپەیوەندی خۆشەویستی دابوونە لەگەڵ دڵخوازەکانیان... هەندێکیان بەدڵنیاییەوە بوونەتە خۆراکی ئاگر و بەڕێگەی جیاواز خۆیان لەناو بردووە و خۆکوژیان کردووە و هەندێکیشیان ملیان بە بڕیاری ستەمکارانەی خێڵ و بنەماڵە داوە و درێژەیان بەژیانێك داوە کە هەر ساتێکیان مردنێك بووە. لەم نێوەشدا (گوڵە) بێئاگا لەو کەین و بەینەی نێوان عاشق ومەعشوق خەریکی چنینەوەی لەزەتەکانی کەسێتی خۆیەتی.

دەچمە وڵاتی سەندووسێ
ڕوومەت قەندی عەروسێ
تەلەبی لەخودا دەکەم
چارەت لە (گوڵە)ی نەنووسێ

کاراکتەرەکانی ئەم هاوکێشەیە هەم ناسراون و هەمیش نەناسراون، واتە دەتوانرێت گشتی (تەعمیم) بکرێنەوە و لەهەر جێگایەك ڕوداوێکی لەم چەشنە ڕوویدا دەتوانرێت کاراکتەرەکان بناسرێنەوە و لەهەمان کاتیشدا لەجیهانی فۆلکلۆردا ئەم کاراکتەرانە نەناسرێن و نازانرێت کەی و چۆن و لەکوێ کارەساتەکە ڕوویداوە و کێ بوون بەقوربانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە. چونکە فۆلکلۆر دەماودەم بیستراوە و دواتر خراوەتە سەر کاغەز و وەك دەشزانین گۆرانی وەك کۆنترین ئەدەبی فۆلکلۆری بەرهەمی تاکە کەسێك نییە وبەڵکو بەرهەمی هەموو میللەتە﴿١﴾. بەمشێوەیە گۆرانی فۆلکلۆری گۆرانی خەڵکانێکی کلتوورێك یان هەرێمێکە کەڕەنگدانەوەی تێڕوانینیانە بۆ ژیان"﴿٢﴾. فۆلکلۆری کوردیش خاوەنەکەی هەموو میللەتی کوردە و کاراکتەرەکانیشی هەر کوردن و ناولێنانەکانیش کوردانەیە، بۆیە ناوی (گوڵە) یان باشتر بڵێم سیفەتی (گوڵە) بەخشراوە بەو مرۆڤە بێتاوانە —

قوربانییەی ئەو سیستەمە زاڵمانەیەی کەناوەڕۆکێکی چەوسێنەرانەی هەبووە.

وەستانەوە دژ بە (گولە) خۆی لەچەندین شێوازی جیاجیا دەبینێتەوە هەر لە دوعاکردن لە(گولە) تا دەگاتە ئامادەبوون بۆ لەناوبردنی جەستەیی ئەو کاراکتەرە کەلەبنچینەدا هیچ ڕۆڵێکی چارەنووسسازی نییە لەخولقاندنی ئەو دۆخە تراژیدیایە،

یا سەیدی سادیق ئامین یا موسای کازم
مێردە(گولە)ت بمرێ ئامین بۆ خۆم
دەتخوازم

لەگۆشەیەکی ترەوە گەر بروانینە ئەم کێشەیە دەبینین کاراکتەری (گولە) بەهیچ شێوەیەك بواری پارێزگاریکردنی لەخۆی نییە یان پێی ڕەوا نەبینراوە. مەعشوقیش لەدۆخی بێدەنگی دایە و ئەوەی هەیە و دەیبیستێن هەر دەنگی عاشقە کەلەتاو ئازاری دووری مەعشوقەکەی هاواری لێ هەڵساوە و خەریکە لەتاو قرچەی دڵی کارەسات بخولقێنێت. ژیانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای دەرەبەگایەتی زۆر لەبار بووە بۆ ئەم جۆرە تراژیدیایانە، یان بەزمانێکی تر بڵێین ئەو کارەساتانە ڕەنگدانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتییە و لەگەڵ گەشەکردنی مانیفاکتۆرە و فراوانتربوونەوەی شار، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و ئەم کێشانەش بەرەو کاڵتربوونەوە چوونە و تەنانەت ئێستاش لەم سەردەمی تەکنەلۆژیا و سەرەتای سەدەی بیست و یەکە هێشتا کۆتایی پێنەهاتووە.

(گولە) و بێڕێزییەکان بەرامبەر بە (گولە)

بەپێی ئەو وەسفانەی لە تێکستەکاندا هەیە (گولە) کەسێکی کورتەباڵا (کورتە بنە) ی ڕەش تاڵە و ناشرین و ڕەزا قورسە. بۆیە بەپێی پێوەری جوانی و دیمەنە دەرەکییەکانی هەردوو کاراکتەری مەعشوق و (گولە) ئەم دوانە بەپێی لێکدانەوەکانی عاشق گوناهە و نابێت بۆ یەك بن و ئەگەریش ئێستا مەعشوق لەباخەڵی (گولە)دایە ئەوا خەسارەتێکی گەورەیە و تەنانەت کارەساتێکە کەخوێن لەدڵی عاشق دەچۆڕێنێت.

بەڵام سەد حەیف و مەخابن ئازیز
ئازیزەکەی من ئەو هەموو جوانییە و
نازدارییەی
بەدەستی مچەی سەگباب و (گولە) خەسار
بووینە
دەوەرە ....دەوەرە.... دەوەرە
یان
زێنەبی وەی زێنەبێ
زێنەبێکەی زراری
ڕەببی باوانت شێوی
ئەتوو لە (گولە)ی خەساری







ئەم شین و لاڵانەوەیەی عاشق هیچ نییە جگە لەنائومێدییەکی کۆمەڵایەتی گەورە کە چارەسەرەکانی لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەمە. جووڵانی هەستی جوانی لای مەعشوق بەوەی کە زۆر جوان و نازدارە و (گولە)ش بەو شێوەیەی ڕەزا قورس و ناشیرینە جۆرە کارکردنێکی حەسودی و دڵ کرمێکردنی مەعشوقە لە (گولە)...لێرەوە عاشق هیوادارە بتوانێت بەهۆی ئەم ئامرازەوە گرفت لەنێوان مەعشوق و (گولە) دروست بکات و پەیوەندییەکانی نێوانیان بەساردی ڕابگرێت یان هەر تێکبدات...لێرەشەوە ئومێدی ئەوە هەیە کەکەمترین پێوەندی سێکسی لەنێوان (گولە) و مەعشوق دروست بێت. ئەم حەسودییە (ئیرەییە) ئەگەرچی وەك غەریزە لەگەڵ مرۆڤدا بوونی هەیە بەڵام لەم کێشانەدا زەقتر دەبنەوە.

عاشق و مەسەلەی تۆڵە

عاشقی چاو بەگریان و فرمێسك و لەمەعشوق دابڕاو جگە لەوەی دەسەڵاتی بەرپەرچدانەوەی یاساکانی جەنگەڵی بنەماڵە و خێڵی نییە ناچارە و دەیەوێت پەنا ببات بۆ تۆڵە کردنەوەی تاکیانە ئەویش ئەگەر مەعشوق ڕازی بێت (گولە) دەرمانخوارد بکات و بەو شێوەیە لەدەست (گولە) ڕزگاریان بێت و کچەکە(مەعشوق) بێوەژن بکەوێت و بچێتەوە ماڵە باوانی و دوایی ئەمیش بچێتە خوازبێنی و بگەن بەیەك وەیان هەڵی بگرێت (ڕەدووی بکەوێت) و ژیانێکی پڕ لەترس بەڵام بەختەوەر بژین.

عەمرەکەم چاوەکەم
تەگبیرە و بۆ تۆی دەکەم
ئەگەر بۆ خۆت ڕازی بی
من (گولە)ی دەرمان خوارد دەکەم

(٣)

دوای ڕازی نەبوونی مەعشوق بەم داوایەی عاشق، هیچ ڕێگەچارەیەك لەبەردەم عاشقدا نامێنێتەوە جگە لەهەوڵدان نەبێت بۆ ڕازیکردنی مەعشوق و خیانەتکردن لە (گولە). عاشق ئامادەیە سەرباری هەر مەترسییەکی کۆمەڵایەتی لەسەر خۆی و مەعشوقەکەی و تەنانەت بنەماڵەکەشی، بچێتە سەر جێگای مەعشوقەکەی و دەستلەملانێی یەکتر بن و ئەگەریش (گولە) بەسەردا هاتەوە و ئەو حاڵەی بینی مەعشوق عاشق لە لانك بنێت و ڕایبژەنێت و بە(گولە) بڵێت ئەوە هیچ نییە منداڵە و ژێری دەکەمەوە.

لەبەر ئەو ژنە ڕەشتاڵە
قەدی دەڵێی شمشاڵە
من سەر کەمە سەر ڕانت
پێمداتە بەو دەسماڵە
گەر (گولە) پرسی کێیە
ڕامژێنە و بڵێ منداڵە

بمشێله و بڵێ بێحاڵه

لێرەدا سیفەتێکی تر بۆ (گوله) زیاد دەبێت ئەویش سیفەتی گەمژەیی و دەبەنگییە...واتە (گولە) هێندە دەبەنگە پیاوێك(عاشق) لای خێزانەکەی(مەعشوق) ببینێت و بەکۆڵێ ڕیش و سمێڵەوە هەستی ئەوەی نەبێت کەئەوە پیاوێکە هاتۆتە ژوانی هاوسەرەکەی و مەعشوق بڵێ هیچ نییە و ئەو منداڵە ژێر دەکەمەوە نیشانەی دیاریکردنی ئاستی بیرکردنەوە و عەقڵی سادە و ناتەواوی (گوله)مان بۆ دەردەخات.

عاشق هێندە بریندارە تەنانەت بچووکترین تولێرانسی لەبەرامبەر (گوله)دا نییە. عاشق تێناگات کە ئەوە (گوله) نییە مەعشوقەکەی بردووە و داگیر کردووە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەیە کە عاشق و (گولە) و مەعشوقیشی لەسایەیدا گوزەران دەکەن. نەبینینی ئەم هۆکارە بنەڕەتییە عاشق نابینا دەکات و لەبری دەستبردن بۆ هەتوان دێت کارەسات بەکارەسات چارەسەر دەکات. ئەمەش جگە لەقوڵترکردنەوەی برینەکان هیچیتری لەجێ شین نابێت.

لێسەندنەوەی مافی سەروەری لە (گولە)، بەتاڵکردنەوەی ناوەڕۆکی مرۆڤانەی کاراکتەری (گولە)یە لەهەموو چالاکییەکی پۆزەتیڤانە کەبتوانێ وەك هاوڵاتییەکی ئاسایی چێژ لەئازادییەکانی خۆی ببینێت.(گوله) جەللاد نییە بەڵکو قوربانییەکە لەژێر بەرداشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لەتێکشکاندایە. ئەو فۆلکلۆرەی ئەو ئیمتیازەی بەعاشق داوە و ئەو مۆرە نا مرۆییەی بە(گوله)وە ناوە فۆلکلۆرێکە تاسەر ئێسقان دژە مرۆیی و کۆنەپەرست. ئەو بەستە و حەیران و گۆرانیانەش کەلەسەر زاری هونەرمەندگەلێکی ناسراو و بەناوبانگەوە دێنە بیستن گۆرانیگەلێکن لێوانلێو لە ناهەقی بەرامبەر ئەو مرۆڤەی کە کۆمەڵگە بڕیاری داوە مافی هاولاتیبوونی ئاسایی پلە یەکی لێ بسەنێتەوە و وەکو مرۆڤگەلی زیادە و پلە دوو بەرخوردیان لەگەڵ دەکات.

ئەگەر جارێکیتر بڕوانینە سێکوچکەی (گوله) و عاشق و مەعشوق دەبینین نەئازادی هەڵبژاردن هەیە و نەلێبوردەیی، نەدەخاڵەتی مرۆڤ دەبینرێت و نە کۆشش و یاخیبوون لەدژی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ژیاریانەی سیستەمی دەرەبەگایەتی کەبچووکترین نەرمی نانوێنێت و زۆر بێبەزەییە لەبەرامبەر ئەو هێڵە سوورانەی کە مرۆڤەکان دووچاری بوونە.

کەوابوو (گولە)،بەپێی ئەو پێناسە





نامرۆڤانەیەی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیی مرۆڤێکی ناشرین و کورتەباڵا و ڕەزاقورس و بێمێشکە ، کاراکتەرێکی بێدەسەڵات و لاواز و هیچ لەبواردا نەبووە و لەهاوکێشەکەی نێوان عاشق و مەعشوقدا جگە لەقوربانییەکی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێڵ هیچیتر نییە و گۆرانی فۆلکلۆری کوردیش بێبەزەییانە ئەم کاراکتەرەی خستۆتە جەنگێکی لەپێشدا دۆڕاوەوە و بێ ئەوەی بچووکترین هیوا بە سەرکەوتن لەژیانیدا بەدی بکەین. حەلاڵکردنی خوێنی (گولە) جگە لە ستەم لەمرۆڤ مانایەکی تر نابەخشێت. (گولە) وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی ماف ژیان و خۆشەویستیکردنی هەیە بەڵام لەسەر حیسابی هیچ عاشق و مەعشوقێك نا، بەڵکو لەسەر حیسابی مرۆڤبوون، وەك هەر تاکێکی تری کۆمەڵ ﴿٤﴾

سەرچاوەکان :


- دراسة في ادب الفولكلور الكردي د.عزالدين مصطفي رسول١٩٨٧ من منشورات دار الثقافة والنشر الكردية بغداد- العراق.
- http://www.wisegeek.com/what-is-a-folk-song.htm
- گۆڤاری کاروان ژمارە ٢٩ ی ساڵی ١٩٨٥ دوا لاپەڕە کاریکاتێری هونەرمەند سمکۆ


- لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا چەندین بەستە و حەیران و گۆرانی فۆلکلۆری کوردیم بەشێوەزاری سۆرانی وەك نموونە هێناوەتەوە. گەرچی هەوڵمدا بەشێوەزارەکانی تری وەك کرمانجی و زازایی و هەورامی و لوڕی شتێکم لەسەر (گولە) چنگ بکەوێت بەڵام بەداخەوە دەستکورتیم لەبواری سەرچاوەی پێویست ئەو هیوایەی نەهێنامە دی. ئومێدم وایە لەداهاتوودا بتوانم ئەم لێکۆڵینەوەیە فراوانتر بکەمەوە.

ناوەڕاستی تەمموزی ٢٠١٢
ئانکۆڤەر – کەنەدا

# ڕوانینێک بۆ کۆترێک لەئاگر

د.هاوژین صلیوە

شیعر ئەو بەهەشتە پاك و بێگەردەیە دەروونەكان پاكدەكاتەوە، ڕووبارێكە لە شەپۆلی سۆز، بارانێكە لە خەیاڵ، هەناسەیەكە لە نەست، تەونێكی ئاوریشمییە لەپەیڤ.زمانی شیعر : زمانی ڕوحە، زمانی دەروونە، پەیامی شیعر : بۆ مرۆڤایەتییە، بۆ جوانییە.

دیوانی (كۆترێك لە ئاگر) كۆمەڵە شیعرێكە بەهەست و سۆزێكی جوان نووسراوەتەوە، (كۆترێك لە ئاگر)ناونیشانێكی زۆر شاعیرانەو جوانە، هەر چەندە (لەتیف هەڵمەت)پێش (فازیل شەوڕۆ) لە چەند شیعرێكی دا دەربڕینی لەم شێوەیەی هەیە بۆنموونە“ لەتیف هەڵمەت لەشیعری(شاعیر)دا دەڵێت:

هەر منالّ بووم
حەزم دەكرد بم بە شاعیر
هەر بەمناڵی سوێندم خوارد
بە گوڵێك چنگێ خۆری كوردستان
وشە بكەم بەئاگر
وا ئێستا كۆتری گڕ
پووش كڵپەی لە دڵمدا
كردووە بەلان
ئێستا دڵم
هەر ئاگرەو هەر ئاگردان

(دیوانی لەتیف هەڵمەت،ب١،ل٦٢٤)





لە ناوەڕاستی ئەم شیعرەدا دیارە كە لە گوتەی (كۆتری ئاگر)دا، ئەم وێنەیە دەبینرێت،هەروەها لە شیعری (پێنج گیتاڕ)دا دەڵێت:

مەمكەكانت
دوو كۆترن لە ئاگر
دەنوك بدەن لە ناو دەمی
گەمژەیەكیش
ئیتر دەبێ بەشاعیر

(دیوانی لەتیف هەڵمەت،ب١،ل١٠٢٢)

لێرەدا لەتیف هەڵمەت مەمكەكانی كچێكی بە دوو كۆتری لە ئاگر چواندووە،لەم نموونەیەش دا (كۆتری ئاگر) هاتووە.

هەڵبەتە بەر لەوەی لە دیوانی یەكەمی لەتیف هەڵمەت بڵاو بێتەوە،وێنەی یەكەم لە دیوانی (وشەی جوان گوڵە گوڵە)، وێنەی دووەمیش لەدیوانی (گورگەكانی لەتیف هەڵمەت)لە ساڵی ١٩٩٧ بڵاو بۆنەوە.

هەوڵ دەدەین بەكورتی لە چەند گۆشە نیگایەكەوە لێكدانەوەیەك بۆئەم دیوانە بكەین.

لەڕووی وێنەی شیعری یەوە :

وێنەی شیعری كرۆك و بنەمای شیعرە، چونكە لە باوەشی هەموو شیعرێكدا بوونی هەیە، ئێمە لەڕێی وێنەوە دەچینە نێو جیهانی شیعرێكەوە و ماناو مەدلولەكانی وەردەگرین.((وێنەی شیعری لە سادەترین مانای دا وێنە كێشانە بە وشە)) [1] وەك چۆن كەرەستەی وێنەكێش بۆیە و ڕەنگە، بەم شێوەیەش كەرەستەی شاعیر وشەیە بۆ دەربڕین و نەخشاندنی تابلۆی بیرۆكەكانی.

((وێنەش ڕنگدانەوەی بارێكی دەروونی دیاریكراوە، شاعیر دەوروژێنێت بەرانبەر هەڵوێستێكی دیاریكراو لەژیانی دا)) [2] جا چ هەڵوێستەكە خۆش بێت یان ناخۆش، واتا شاعیر لەگەڵ دەروونی خۆی دەدوێ، دەروونیش هۆكارە دەرەكییەكان كاری تێدەكەن. درایدن (Drayden) بەم شێوەیە گرینگی وێنەمان پیشان دەدات و دەڵێت: ((وێنە خۆی لە خۆیدا شكۆمەندی و ژیانی قەسیدەیە)) [3] (فازیل شەوڕۆ) هونەرمەندانە سوودی لە بەشێكی وێنەی شیعری وەرگرتووەو توانیویەتی وێنەی نوێ بدۆزێتەوەو ئیلهامەكانی لە وێنەكان بتوێنێتەوە، ئەوەتا لەم كۆپلە شیعرەدا دەڵێت:—

ئیمشەو سەرم بەلەمێكی
تێكشكاوە،
گێژەنی زەریای ئەم خەمە
دەیسوو ڕێنێ،
خۆت دەزانی ئەم گێژەنەش
چۆن دەمگرێ و دەمگرێنێ.ل ٣٥٢

شاعیر وێنەیەكی تاكی بەشێوازێكی

خەیاڵاوی جوان دروست کردووە، ئەوەتا سەری خۆی لە شێوەی بەلەمێکی تێکشکاو پیشان داوە، خەمی خۆشی کردووە بەزەریایەکی پڕ گێژەن ئەوا بەلەمە تێکشکاوەکەی تێکەوتووەو بە ئارەزووی خۆی دیهێنێو دەبیا، وێنەکان وێنەی جوڵاون و بەهەستی بینین و بیستن وەردەگیرێن.

لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:-

لە دوور ڕا دەمناسینەوە،
قرچە قرچی کوڵەگەکان
نەغمەی ڕەنگاڵەی زامم بوون
لە دوور ڕا
دەمناسینەوە،
بۆ کرووزی هێلانەکەی بن
سوواندەکان،...
ڕەشە ڕیحانەی ناو شەدەی
شێخ مەحمود و پێشەوا
بوون.

ئەم وێنەیە بەشێوازی وێنەی کۆپلەیی دروست بووە، (لە دوور ڕا دەمناسینەوە) بووە بە ناوەندێك بۆ بەیەکگەیاندنی پارچە شیعرەکان و مۆسیقایەکیش بە شیعرەکە دەبەخشێت و بەردەوامی پێدەدات، شاعیر هەرجارەی پەنجەرەکەی بەرەو ڕووی وێنەیەکی نوێ دەکاتەوە، وێنەکانی ئەم شیعرەش وێنەی وەستاون و بەهەستی بیستن وەردەگیرێن، لە گوتەی (نەغمەی ڕەنگاڵە)دا وێنەیەکە بە شێوازی هەست گۆڕکێ دروست بووە، قرچە قرچی کوڵەگەکان بە نەغمەی ڕەنگاڵەیی زامەکانی چواندووە، لە کۆپلەی دووەم دا وێنەکە بەشێوازی لێکچواندن دروست بوون، چونکە شاعیر بۆ کرووزی هێلانەی بن سوواندەکانی بەڕەشە ڕیحانەی ناو شەدەی شێخ مەحمود و پێشەوای چواندوون، واتا ئەم شیعرە بەشێوازی هەستگۆڕکێ و لێکچواندن خۆی نمایش کردووە.

شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:-

کوشتن...،
لە وڵاتی مندا،
بازی پاشایە،
خوا بچکۆڵەکان
ڕۆژی چەندجاران
تیژ هەڵیدەدەن،
دەسوڕێتەوە...
دەسوڕێتەوە...
دەسوڕێتەوە...
تاشانی سپی
ژنێ، منداڵێ،
جوانێ، دەلالێ،
نەدۆزێتەوە
نانیشێتەوە.





بازەکان کوێرن
لە وڵاتەکەی من !ل٦

شاعیر لە داڕشتنی ئەم شیعرەدا سوودی لە داب و نەریتێکی دێرین وەرگرتووە، لەزەمانی کۆن دا، لەنێو هەندێ نەتەوەدا، کاتێ پادشایێ دەمرد کوڕەکەیان نەدەکردە پادشا، بەڵکو (باز)ێکیان دەهێناو لەنێو ئاپۆڕەی جەماوەردا هەڵیان دەدا، بازەکەش لە سەر شانی هەر کەسێك بنیشتایەتەوە، ئەوا ئەو کەسە دەکرا بە پادشا، بەڵام شاعیر زیرەکانە بەکاریهێناوەو وێنەیەکی جوانی لێدروست کردووە، کوشتنی بە (باز) چواندووە، لە شێوەی شتێکی بیندراو پیشانمان دەدات، بۆ ئەوەی زەینمان زیاتر پەی پێببات. ئەو کەسانەی ئەو بازەش هەڵدەدەن باڵا دەستن شاعیر (خوا بچکۆڵەکانی) بە ڕەمز بەکارهێناوە، (شانی سپی)شی کردووە بە ڕەمزی پاکی و بێگەردی، وێنەکان بە هەستی بینین وەردەگیرێن، جگە لە وێنەکانیش شیعرەکە مۆسیقایەکی ناوەکی جوانی لە خۆگرتووە.

شاعیر سوودی لە بەشێکی دیارو بەرچاوی جۆرەکانی وێنەی شیعری وەرگرتووە، بەڵام هەندێك جۆری وێنە هەیە هێشتا تاقی نەکردوونەتەوە لەوانە : (وێنەی بازنەیی، وێنەی کاریکاتێری، وێنەی دووبارە بوونەوەی هەرەمی، وێنەی شێوەکاری...) خوازیارین لەبەرهەمی لە مەودوای ئەم جۆرە وێنانەش تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەزموونی شیعر نووسینەکانی دەوڵەمەند تر بێت.

لەڕووی مۆسیقای شیعرییەوە :

مۆسیقا بەشێکی دانەبڕاوە لە شیعر، بەڵام لە هەرسەردەمێك دا شاعیران بە شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، واتا شیعری نوێ زیاتر بە دوای وێنەدا عەودالە، بەڵام کەم و زۆر هەست بە ئاواز و ترپەی وشەکانیش دەکەین. مۆسیقاش دابەش دەبێت بۆ ئاوازی ناوەوە و ئاوازی دەرەوە، ئاوازی ناوەوە ئەو مۆسیقایەیە کە لەئەنجامی پاتبوونەوەی پیتەکان هەستی پێدەکرێت، ئاوازی دەرەوەش زیاتر خۆی بەکێش و سەرواوە دەبەستێتەوە.

ئاوازی ناوەوە ((بریتییە لە نەغمەی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجاندنیان و پاش و پێش خستن و بەکارهێنانی هەندێ لە ئامراز... بە جۆرێکی ئەوتۆ زۆر جار لە کێشەکان کاریگەر تر دەبێت))[٤]، چونکە شیعری ئازاد خۆی بە کێش نابەستێتەوەو هێندەش گرینگی بەسەرواکان نادات، بۆیە قورساییەکە دەکەوێتە سەر ئاوازی ناوەوەو زۆر جاریش

دەکەوێتە سەر وێنەی بەهێز. (فازیل شەورۆ)ش گرینگی بەلایەنی مۆسیقا داوە، مۆسیقا بەمانا کلاسیکییەکەی نا، بەڵکو بەشێوازی نوێ و لە بۆتەی شیعری نوێدا دایرشتۆتەوە، ئەوەتا لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت:–

ژووان،
بەپەنجەی گوڵ
لە دەرگای دا،
دەرگا بوو بە پیانۆ و بولبول،
زەنگوڵ.....
زەنگوڵ.....
نەغمەی پیانۆ و
نۆتەی بولبول،
دادەبارین لە پەنجەی گوڵ.ل ٢٤

شاعیر وێنە شیعرییەکانی ئاوێتەی زمانێکی پەتی و پڕ مۆسیقای کردووە، زرینگانەوەی پیت و وشەکان چێژ بەخشن، چونکە ((مۆسیقا هەست کردنی خوێنەر یا گوێگرە بەو ئاوازانەی کە دەنگی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەکانە لە ئەنجامی ترپەی برگەکان و پێکهاتنی پێیەکان دا بەکێشی هەڵبەستەکەی دەدەن))(٥). ئەوەتا لە دووبارە بوونەوەی وشەکاندا هەستی پێدەکەین، چونکە (دەرگا) دووجار بەکار هاتووە، (زەنگوڵ) دووجار، (گوڵ) دووجار، (بولبول) دووجار، لەنێوان وشەکانی (زەنگوڵ) و (بولبول) و (گوڵ) وشە ئاراییەکی جوان هەیە، چونکە چەند دەنگێکیان هاوبەشن، هەندێك دەنگیشی تێدایە کە لە ڕووی فۆنۆلۆجی و جۆری ئاوازەکەیانەوە لێکدی نزیکن، لەوانە (ب – پ، ۆ – و) ئەمانەش ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە بەخشینی مۆسیقا بە شیعرەکە.

لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:–

دەمگوت دەبێ !
سەر بووردەی تۆ،
لەگەڵ بسکی ئەستێرەکان
بهۆنمەوە
نیازم وابوو،
بۆ ئەمشەوەم
بتکەم بە پێکە شیعرێك و
بە بێنێکا بتخۆمەوە.ل ١٣٦

لەم کۆپلەیەدا مۆسیقای دەرەکی زاڵترە بەسەر مۆسیقای ناوەکی، پێکهاتەی کێشی شیعرەکەش لە چەند برگەیەکی هاوشێوە دروست بووە، ئەگەر سەیری هەریەك لەم دێڕانە بکەین (دەمگوت دەبێ) چوار برگەیە، (سەربووردەی تۆ) چوار برگەیە، ئەوانی تریش چوار برگە چوار برگە دێنە خوارێ، لەدوا دێڕی کۆتایی دا هەریەکەیان لە هەشت برگە پێکهاتوون.

مۆسیقا دەرەکییەکەش لە گوتەی





(بهۆنمەوە) و (بتخۆمەوە) دا خۆی دەبینێتەوە، هەر چەندە ئەم دوو گوتەیە لەنێو شیعرەکەدا لە نزیك یەکترەوە بەکارنەهاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی لەڕووی کێشەوە هەریەك لەم دوو گوتەیە چوار برگەن و لەپیتەکانی (ب، ۆ، م، ە، و) شدا هاوبەشن، واتا لە پێنج دەنگدا پێکەوە پەیوەست دەبنەوەو دەنگ و سەدایان یەکانگیری یەکدی دەبنەوە.

نامۆیی لە شیعرەکاندا :

شیعر دواندنی دەروونە، بەڵام هێندێك شیعر زیاتر بۆ ناخ و قوڵایی دەروون شۆڕدەبنەوە. نامۆیی لە لاتینیدا لە گوتەی (Alienere) هاتووە بەواتای نا ئارامی دەروونی دێت.هەرچەندە لە زمانی عەرەبی دوو زاراوەی هەیە (الغربە) بەواتای دوورکەوتنەوەی کەسێك لە سنوری جوگرافی وڵاتەکەی خۆی دێت، بەڵام (الاغتراب) واتای دوورە پەرێزی کەسێك لە نێو کۆمەڵ دەگەیێنێت.

نامۆیی ((وشەیەکی دێرینی ڕەسەنی کوردی یە، کە بەکەسێك دەوترێت کەڕێو شوێنی لێ گۆڕدرابێت و کەوتبێتە نێو کۆمەڵگایەکەوە کە ئاکارو نەریتی میللەتەکانی تیادا جیاواز بێت و خۆی لەو نێوەندە نەبینێتەوە))(٦).

نامۆیی تەنها ئەم مرۆڤانە ناگرێتەوە کە زێدی خۆیان چێ هێشتبێت، بەڵکو دەشێ مرۆڤ لە وڵاتی خۆشی بژێت و هەست بەغەریبی بکات، هەست بکات ئەو مرۆڤانەی دەوروبەری کە هاوزمان و هاو نەتەوەی ئەون بەو نامۆن، هەست بکات ئەو دارو بەردو دیمەنانەی دەیبینێت بە ئەو نامۆن، هەست بکات ئەو هەوایەی هەڵیدەمژێت بۆ ئەو نامۆیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیش زیاتر لە نێو بەرهەمی ئەو شاعیرانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە زێدی باب و باپیرانی خۆیان جێهێشتووە، شاعیر دەیەوێت بە خەیاڵ بگەڕێتەوە تەمەنی بەسەرچووی و وڵاتی بە جێهێشتووی و دایك و باوك و خزم و کەس و شاخ و کێو و... هتد.

(فازیل شەورۆ) لەتەمەنی گەنجی دا ئەم وڵاتەی بەجێهێشتووەو ساڵانێکی زۆر لە وڵاتانی دەرەوە ژیاوەو لە ژیانی خۆشی تووشی کارەسات و خەم و خەفەتی زۆر بووە، بۆیە لە شیعرەکانی دا هەست بە بۆنێکی نامۆیی دەکرێ، ئەوەتا لە شیعری (هاورێ غەریبەکەم تۆش)دا لە کۆپلەیەکی دا دەڵێت:–

...وا شەوێکی تریشم
بەسەر داهات و
لەگەڵ کۆچی پڕو بارگەی
عیشق و غوربەت

بەختی خۆم و بەختی یارم
لەجریووەی ئەستێرە یێ
دەگرمەوە.ل ٣٤٨

شاعیر بە هەناسەیەکی زۆر غەریبانە ناخی دەروونی خۆی بە چەند زاراوەیەکی نامۆ دەردەبڕێت لەوانە (شەو، کۆچ، غوربەت).

شاعیر لە شیعرێکی تردا کە بۆیەکەم ساڵرۆژی کۆچی کورە جوانە مەرگەکەی (ڕەندی) نووسیوویەتی، کاتێ کوڕی شاعیر بەکارەساتێك کۆچی دوای دەکا و هەر لە وڵاتی غەریبی دەینێژێت، دوور لە سۆزی براو خوشك و خزم و کەسەکانی ئەوەندەی تر سۆزێکی لە کوڵ دایدەگرێت و ئەوەتا چەند بە غەریبی لەم کۆپلەیەدا دەڵێت:—

لە وڵاتی غەریبیدا
خەمی دڵی نسکۆ داران،
ژانی دەروونی شاعیران،
گۆزە شەڕابێکی تاڵە
تا بە جەنگی ڕۆژگارەوە
پیرتر ببێ،
تاڵتر دەبێ...
خەستر دەبێ...
هەتا ئەتۆ
پیاڵەیەکی لێهەڵدەدەی،
ئەو بەڕووخاوی دەروونی
برژاوتەوە
دووپیاڵەی نوت
بۆ پڕاپڕو دەکاتەوە. ل١٧٠

شاعیر هەست بەوە دەکا لەو وڵاتە ئەوندەی تر نامۆ ترەو ئەوەندەی تر هەست بەغوربەت دەکا، ئەوەتا ژانی دەروونی خۆی بە گۆزە شەڕابێکی تاڵ دەچوێنێ، شەڕاب تاوەکو بمێنێتەوە خەستترو سەرخۆشکەرتر دەبێت، بەلام ئەم شەڕابەی شاعیر تاڵەو هەتا زیاتریش بمێنێتەوە شاعیریش شەڕابی نامۆیی تاڵ دەنۆشێ، ئەوەتا لە وشەکانی (غەریب، نسکۆ، دەروون، تاڵ، خەست، برژاو) دا بەدەر دەکەوێت.

شاعیر هەر بۆ مەرگی کورەکەی لەشیعری (کۆڕی عاشقان)دالە کۆپلەیەکدا دەڵێت :

نیگەرانم
داروخاوم
سەر شێواوم
دەروونم یەکپارچە گڕە
کێڵگە گڕە...
باخە گڕە...
چۆمە گڕە...ل٢٩٧

هەریەك لەوشەکانی (نیگەران، داروخاو، سەرلێشێواو)، یەکێکن لە سیماکانی نامۆ بوون : شاعیر دەروونی دەسووتێ و هەڵدەقرچێ ئەوەندە خەم و خەفەتەکەی





گەورەیە، بووە بەیەکپارچە گڕ، دواتر زیاتر هەڵدەکشێ و تاوەکو دەبێت بەکێڵگەی گڕو باخچەی گڕو چۆمی گڕو هەموو لایەك دەتەنێتەوە.

دەربڕینی وێنەی (چۆمەگڕ)لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا دەبینرێن هەڵمەت دەڵێت:

..من بارانم دەوێ
ئەوان چەمی ئاگرم بۆ دێنن..

(دیوانی لەتیف هەڵمەت،ب١،ل٧٣٨)

لەنموونەیەکی تردا هەڵمەت دەڵێت:

...دێوەلولکەی ڕەشی گۆگرد
سوتاو وەری لق و گەڵای داری شیعر
هەر پزیشکەی گەڵایەکی
لە شارێکدا...بوو بە زێی گڕ

(دیوانی لەتیف هەڵمەت،ب١،ل٧٨٧)

لەنموونەیەکی تریش دا هەڵمەت دەڵێت:

...ژیلەمۆکەم نێرگزجارەو
نێڵە نێڵم زنەی گۆرانی تووڕەیە
تەماشاکەن..کێ دەڵێ من چەمی ئاگر نیم..!

(دیوانی لەتیف هەڵمەت،ب١،ل٩٦٣)

شاعیر لەشیعری (هەیبەسوڵتان)دا دەڵێت:—

دەباوەشی ئەڤینداری و
پڕ لە سۆزی
خوداوەندی گەرمی خۆتم
بۆ بکەوە،
خوا دەیزانێ (هەیبەسوڵتان)،
لەوەتەی هەم،
لەم گەردوونە سەرە خۆرەو
جەنجاڵەدا
هەرکانیاوی
خۆشەویستی
چاوەکانی تۆ شك
دەبەم... !ل ٣٥٧

لەم کۆپلەیەدا سۆزی غەریبی شاعیر بۆ سروشتە، بۆ نیشتمانە بۆ زێدی لە دایك بوونیەتی، شاعیر لەو هەموو گەڕان و سورانەی دا، بە دەیان شاخی ڕەنگاو ڕەنگی پڕ لە جەنگەڵی خۆشی بینیووە، بەڵام هیچیان لای شاعیر لە شاخی (هەیبەسوڵتان) جوانتر و پڕ سۆزو میهرەبانتر نییە، شاعیر بەشێوازی بەکەسکردن ئەم وێنەیەی دروست کردووە، هەیبەسوڵتان لەشێوەی کەسێك پیشانی دەدات و داوای لێدەکات باوەشی بۆ بکاتەوەو بەچاوێکی بەسۆزەوە ئامێزی بۆ بکاتەوە.

شاعیر لەپۆستەرە شیعری (شەهید)دا دەڵێت:—

لەو ڕۆژەوە کە ڕۆیشتیت
گشت تاوێری ئەو شاخانەی
لەتۆ دەچن،
وەکو خەنجەر
چەقیونەتە
دڵی نامۆم
نەدەمکوژن
نەدەردەچن !ل ١٢٤

تلانەوەی شاعیر لە نێو ئازارەکانی دا، هەست کردنە بە ئازارو ژانێکی بێ کۆتایی بۆ شەهیدان، بۆ ئەوانەی شەهید بوون و لە نەستی شاعیر ماونەتەوەو ناوە دێنەوە یادی، نامۆیی لەم شیعرەدا سیمایەکی دوورە وڵاتی پێوە دیار نییە، بەڵکو سۆزو خۆشەویستی شاعیرە بۆ شەهید، شاعیر هەست بەنامۆیی و خەمێکی زۆر دەکات.

لە چەندان شیعری تری دا دیاردەی نامۆ بوون بەدی دەکرێ، بەڵام ئەوانەی زۆر بەزەقی دیارن (بانگەوازی ژمارە هەزاری ڕۆح، کارتە لێو) و لە چەندان کۆپلە و جومگەی تریش دا دەبینرێن.

شیعرە لاوازەکانی ئەم دیوانە:

ئەم دیوانە چەپکێ شیعری جوانی لەخۆگرتووە،بەڵام بێبەشیش نییە لەشیعری لاواز، کۆمەڵێ وێنەو شیعری لاوازی تێکەوتووە، ئێمەش چەند نموونەیەك دەهێنینەوە لەوانە :

فازیل شەورۆ دەڵێت:
کە پەنجە گوڵێ دەچێنی...،
دەفرێ هەنگوین،
بۆ منداڵی هەنگدارەکان
زامن دەکەی.ل ٧٤

لە دەربڕینێکی تردا دەڵێت:
خوێندکارێکی گەوجی لاسار،
گڵۆپێکی پۆلی شکاند،
مامۆستاکەی
مشتێ نمرەی
لە ڕەوشتا لێداشکاند ! ل١٢٠

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:
من عاشقم
من عاشقی بزن مشك و
حەجەو مەجەو شەیتانۆکەم
من عاشقی پەپوولۆکەو
فندەگولەو
خاڵخاڵۆکەم. ل١٨٧

لە دەربڕینێکی تردا دەڵێت:
مێگەلە بزنێکی برسی،
تەیمانی باخێکیان بەزاند،
باخەوان لە حەشمەتا،
گێلە شوانەی،
لەگۆلاوی سەگا گەوزاند ل١٢٠

کە سەیرێکی ئەم چەند نموونەیە دەکەین، دەبینین کەوا بە زمانێکی سادە





نووسراونەتەوەو لە نێو وێنەی نوێ و ئاستی زمانێکی بەرزی شیعری نە ڕەخساون، بەڵکو زمانێکی سادەی ڕاپۆرت ئامێزە، زمانێکی زۆر شاعیرانە نییەو قولبوونەوەی تیا نابینرێت،چونکە زۆر جار لە شیعرێك دا هەست دەکەین بە زمانێکی سادەی کاریگەر نووسراوە، زمانی سادەی کاریگەر وەك مانی بەشێگ لەشیعرەکانی گۆران کە ئەم زمانە سادەیە ئەوەندە ڕۆچۆتە نێو وێنەی نوێ و مۆسیقاو لایەنەکانی تری شیعرەوە داهێنانیان لێدەچۆڕێتەوە، بەڵام لەم چەند نموونەیەی شەورۆ دا، زیاتر زمانێکی لاوازی شیعرییە، شتێکی تر کە لەم دیوانە بەدی دەکرێ ئەوەیە(فازیل شەورۆ)ڕێکەوت و ساڵی بە شێکی زۆری شیعرەکانی نەنووسیوە، خۆزگە ئەم دیوانەی بە چەند نامیلکەیەك پێشتر بڵاو بکردایەوە،تاوەکو ئەزموونی کۆن و نێی تێکەڵ نەکردایە.

لە کۆتایی دا دەڵێم : دیوانی هەر شاعیرێك وەربگرین هەموو شیعرەکانی لە ئاستێکی هونەری زۆر بەرزدا نابن، بەڵکو باش و باشتر و باشترینی تێدەکەوێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم کۆمەڵە شیعرە دیارییەکی جوانە بۆ کتێبخانەی کوردی.

سەرچاوەو پەراوێزەکان :

*- فازیل شورۆ،کۆترێك لە ئاگر، چ١،چاپخانەی شەهاب،هەولێر،٢٠١١.

(١)- سی - دی - لویس، ت. د. أحمد نصیف الجنابی مالك میری - سلمان حسن ابرهیم، الصوره الشعریه، دار الرشید للنشر، بغداد، ١٩٨٢، ص ٧٦.

(٢)- د.حسین الحاج حسن، أدب العرب في عصر الجاهلیة، الطبعة الثالثة، المؤسسة الجامعیة الدراسات و النشر و التوزیع، بیروت، ١٩٩٧، ص ٢١.

(٣)- جەبار ئەحمەد حەسەن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی - کوردستانی عێراق (١٩٥٠ - ١٩٧٠) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٥، ل ٥٩.

(٤)- د. دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوری دا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٨٩.

(٥)- عبدالرزاق بیمار، کێش و هەڵبەستی کوردی، چ ١، چاپخانەی دار الحریه، بغداد، ١٩٩٢، ل ١١.

(٦)- ئەحمەد سالار، هونەری ژیان، چ ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٩.



ستار ئەحمەد

# دیوانی تەنیایی ..لەتیف فاتیح فەرەج

رامان خولیای دۆزینـەوەی بـەها پیرۆزەکـان دەدا بە کۆلاّو لەکۆڵوانەی هەور شـابالّێك بـۆ بێچووی شیعرەکانی دروستدەکات، لەبەرزی ئاسۆدا گەردانەی پرشـنگ دەبنـە گەردانـەی پـەیڤی شـرینی ئـەو شـاعیرەی لـەگرفتاری خەمەکانـدا نـەبێت، پێڵـووی ماچـی نمـەی سـۆزیان نەچێـشتووە.برینـی تـەنیایی، غوربــەت، ورەو کۆڵنــەدان..ناســنامەی بەستەکانێتی و لەدڵنـەوایی شنەی بـەیان و لەوردە ئاورێـشمی بـەفری کوێـستانا نـەبێت چاوەکانی لێکنانێت، دەستی قەدەر ناتوانن خۆزگـەو ئاواتـەکانی بنێنـە چـالّ و بەگـژ ناهەموارییـەکانا دەچـێت. لەهـەموو شـتێك رادەمێنـێ و دەتوانێـت نەخـشەی (خـەم، تەمەن، سووتان، پێکەوە نەگونجانی ناخ و رووکەشەکان)بکێشێ، وەلیّ لەهەموو شتێك زیاتر لەخۆی رادەمێنێ، ئـەویش.،(لـەتیف فـاتیح )ی شـاعیرە کەلـەدیوانی تەنیاییـدا دەلێت:.

تەنیاتر لەتەنیایی بیردەکەمەوە
بیرەوەری دەسووتێنم
لەشتێك راماوم
خۆمم

شـاعیر خـەمی کوردسـتانێکی هـەڵگرتووە، سەراپای دەریـای خوێنـەو کسپەی نـاخی هەڵەبجە لەدڵیدا سـارێژ نابێـت و دەبینێـت بازرگانی بـەخوێنی گەلەکەیـەوە دەکرێـت، هــەوای ژهــراوی بــەدیاری بەســەردا پەخـشدەکەنەوە، هـەر نالّـەو سـووتانی کوردە کەس گوێی لێناگرێ.







تەنیاین لەو شەوانەدا
کە بێ هودە دەستمان بەرزکردووەتەوە
بێ ئەوەی کەس گەزۆیەکمان بداتێ

شـاعیر سـۆفیەکە لەخـەڵوەتگای خواوەنـدا سۆز دایدەگرێت و بیر لەنهێنیەکانی ئاسمـان دەکاتــەوە، موریــدی رێگــای عاشــقانەو شـەیدایەکی سەرشـێتی جـوانی و پیرۆزییـە، بــەلاّم لــە لانکــی خواوەنــدو کۆشــی دەزگیرانەکەشـیدا تـەنیایی بـەرۆکی بـەرنادا، هەمیـشە غـەرقی دونیـای غوربەتـە، چـونکە جەسـتەی دەزگیرانەکـەی لـەلمی عەرعـەردا زینــدە بەچــاڵکراوە، رۆحیــشی لــەبارەگای خــوادا دەنــاڵێنێ و مــافی دووســەد هــەزار پەپوولە بەگوێی ئەودا دەدات.

هەمیشە تەنیایی لەگەڵمە
تەنانەت ئەو کاتانەی کەلەئامێزی
دەزگیرانەکەمدا بیر لەخوا دەکەمەوە

لەتیفی رەنجەڕۆ و دێوانـە نەگبـەتی بـەرۆکی بــەرناداو ئــاوارەیی رچــەرێی ئۆردۆگاکــانی پێنیــشاندەدات.وێنــەی گوڵەنێــژراوەکانی عەرعــەر هەمیــشە داوای مــاقی لێدەکــەن و خۆی بەبەرپرسی میللەتێك دەزانێـت دەنگـی لەسـینەی زامـداری خاکـا تاسـێنراوە، ئـیتر چۆن بەئەشکی سوور گولّ و خاك ئاو نەدات

گوڵــەکانی عەرعــەر لەگوڵــەکانی ئۆردوگــا
تەنیاتر
گوڵــەکانی ئۆردوگــا لەگوڵــەکانی عەرعــەر
تەنیاتر
گوڵەکانی خوا لەگوڵەکانی کورد تەنیاتر
گوڵەکانی کورد لەگوڵەکانی خوا تەنیاتر

شاعیر بۆ بێکەسی کورد دەبێت بەپەروانەو بــەدوای چــرای ئــەو ماڵانــەدا عەوداڵــە، دەســتی خــوێنینی جــەلادەکان نــاڕەوا کوژانیانــەوە، حــاجی ئاســا لەعەشــقی شارەکەی دابڕاوە، بۆیە تەنانەت جەستەی بــەرۆحی نامۆیــە، نــاخی تەلبەنــدەو دڵــی مەلێکی دیلە لەقەفەسی سنگیا بۆ هێلانەی نۆغرۆ و چڵی سووتاوی رەزە بێبــەرەکان دەخوێنێ، ئەوەتا دەڵێت:.

کۆیە وەك حاجی تەنیایە
حاجی وەك کۆیە
من لەحاجی تەنیاتر
حاجی لەکورد بێکەس تر

بەقەد رامانی شاعیر ئیحاو بۆچوون و وێنـە شیعرییە ناسکەکانی رامانی دەوێـت و هـەر گوڵە شیعرێکی بەدوای گەردنێکا دەگـەڕێن بۆ ئەوەی ببنە گەردانەی گـەردن ئـازادی و لــە تارمــایی تاســەیەکا زریــوەی ئەستێرەیەکی خۆزگە هەڵبمژن.

**سەرچاوە:.دیوانی لەژیان خەمتر**

# خەڵەف شەوقی داودی (گاندیی عێراق)



ئا: نەبەرد تۆفیق





لە پارێزگای کەرکوك ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و شاعیر و زانا سەریان هەڵداوە، بە توانا و داهێنانەکانی خۆیان زانست و رۆشنبیرییان دەوڵەمەند کردووە، ژمارەیەکیان بایەخ و گرنگییان پێدراوە لە لایەن ئەو نووسەرو مێژوونووسانەی کە لە دوای ئەوان هاتوون، بۆیە ناویان لە تۆماری مێژوودا نووسراوە، بەڵام هەندێکیان گرنگی پێ نەدراوە و بەرهەمەکانیان لەناوچوون و ناویان تەنها لە چەند سەرچاوەیەکی کەم و لە پەراوێزی دەستنووسەکاندا ماوەتەوە، کە پێویستی بەوەیە کەسانێك هەبن، توێژینەوەیان لەسەر بکات و لەناوچوون بیانپارێزێت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا کۆمەڵێك ئەدیب و زانا هەیە کە بایەخیان پێ نەدراوە و رۆشنبیری و زانست لە توانا بەرزەکانیان بێ بەش بوون.

یەك لەوانەی کە پارێزگای کەرکوك پێی گەیاندووە و خەریك بوو لەبیر بکرێت ئەویش شاعیر و نووسەر و رۆژنامەنووس و وەرگێڕ (خەڵەف شەوقی داودی)یە. خەڵەف کوڕی ئەمین داودییە و لە هۆزی داودەی سەر بە پارێزگای کەرکوك و دەورووبەری نیشتەجێن، بنەماڵەی خەڵەف شەوقی سەرەتا لەسلێمانییەوە کۆچیان کردووە بۆ شاری رومادی و پاشان بۆ شاری سۆیرە، خەڵەف شەوقی دوای چاوەڕوانییەکی زۆری باوکی هاتۆتە دنیاوە چونکە باوکی پێش ئەو حەوت منداڵی تری هەبووە، بۆیە لەدایکبوونی خەڵەف خۆشی و شادی خستە نێو خێزانەکەیانەوە.

خەڵەف شەوقی لە ساڵی ۱۸۹۸ لەدایك بووەو لەساڵی ۱۹۰۵ چووەتە قوتابخانەی تورکی لە شاری سوێرە و ساڵی ۱۹۱۲ قوتابخانەی تەواو کردووە، ئەوەی کاریگەری هەبووە لەسەر پێگەیاندنی خەڵەف شەوقی ماڵی خوشکەکەی بووە کە قوتابی بووە لە قوتابخانەی رووشدییەی عوسمانی، بۆیە خەڵەف شەوقی لەو رێگایەوە توانیویەتی هەندێك کتێب و چیرۆك بەدەست بێنێت. پاشان خەڵەف شەوقی قوتابخانەی رووشدیە تەواو دەکات و دەچێتە خانەی مامۆستایانی تورکی لە بەغدا و دواتر لە شەڕی یەکەمی جیهانی بەشداری دەکات لە بەرەی تورکیا و عێراق و بەدیل گیراوە، پاشان نیردراوە بۆ هند، لەوێ فێری زمانەکانی ئینگلیزی و هندی بووە، و خۆیشی زمانی تورکی و فارسی زانیوە جگە لە زمانی کوردی کە زمانی خۆیەتی.

ئەو ژینگەیەی کە خەڵەف تێیدا دەژیا یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی کە تواناکانی خۆی پەرە پێ بدات، بۆیە بووە یەکێك لەوانەی کە کۆمەڵێك بەهرەی تێدابوو،

خەڵەف شاعیر و بڵاوکار و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس بوو، بۆیە بە هۆی بەهرەکانییەوە بوو بە سەرنووسەری بەشی عەرەبی لە ڕۆژنامەی (ئەوقاتی عێراقی) لە بەسرە و بەغداد، خۆیشی کۆفاری (شط العرب )ی دەرهێناوە لە ساڵی ١٩٢٣، تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە دواتر ڕۆژنامەی (شط العرب )ی دەرهێنا لە بەغدا لە ساڵی ١٩٢٤ کە شەش مانگ بەردەوام بوو.

لە ساڵی ١٩٢٦ لە وەزارەتی دارایی دامەزراوە، دواتر بووە بە سکرتێری دارایی لە وەزارەتی ئابووری و گەیاندن لە ساڵی ١٩٣٥، لە ساڵی ١٩٣٩ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە.

لە ساڵانی سییەکاندا لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی عێراق دا وێنەیەکی خەڵەف بڵاوکراوەتەوە کە لەگەڵ گاندی دا قسە دەکات، بۆیە مەلیك غازی نازناوی ( گاندی عێراق)ی پێی بەخشی کاتێك کە ئەو وێنەیەی بینی.

خەڵەف شەوقی هەر لە منداڵییەوە کەسێك بوو کە ڕووخۆش و هەزەلی بوو، بۆیە دواتر بوو بە نووسەرێك کە ڕەخنەی لە کۆمەڵگای عێراقی دەگرت. خەڵەف شەوقی لەساڵی ١٩٣٩کۆچی دوایی کردووە لەبەغدا و لە ماوەی ژیانیدا نۆ بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە بریتین لە:

١–نقدات ملا نصرالدين، بغداد،١٩٢٢.
٢–زاد المسافر و لهفة المقيم و المحاضر، بغداد،١٩٢٤.
٣–قضية فلسطين، بغداد، ١٩٢٤.
٤–دكرى سعد زغلول فى العراق،بغداد، ١٩٢٦.
٥–مرشد العمال و اصحاب الحرف و المعامل، بغداد، ١٩٣٦.
٦–قصص مختارة من الادب التركى، القاهرة، ١٩٣٦.
٧–الفلقة،فطاحل اللغة و فحول الشعراْ ، بغداد، ١٩٣٨.
٨–وساوس السلطان عبدالحميد.
٩–ماة فكاهة و فكاهة.

ئەمە جگە لەوەی دوو کتێبی بڵاونەکراوەتەوەو لەلایەن خێزانەکەیەوە ماوەتەوە کە بریتین لە:
١–حقیبە الداودی، کە بیرەوەرییەکانی زیانییەتی
٢–سفینە نوح، کە کۆمەلیك چیرۆکەو بەشیکی کەمی لە رۆزنامەی (هاتف)دا بلاو کردووەتەوە.

نابیت ئەوەشمان لە یاد بچیت کە خەڵەف شەوقی یەکیك بووە لە دەستەی دامەزرینەری کۆمەلەی(پشتیوان) لەساڵی ١٩٣٧ لەکەل ئەم کەسانەدا(رەفیق حلمی،





مستەفا شەوقی، ئەحمەد خواجە، ئەمین رەواندزی، و کەسانی تر).

سەرچاوەکان:

١–میر بصری: اعلام الادب فی العراق الحدیث، ج٢، تقدیم: د.جلیل عطیة،الطبعة الاولی، دار الحکمة،لا ٣٦٧–٣٧٧.
٢–محمد علی قرداغی، هویة کرکوك الثقافیة والاداریة، الطبعة الطبعةثانیة، اربیل،٢٠٠٧، لا ١٥٥–١٥٧.
٣–مصطفی نریمان: شۆرشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، دار الحریه، ١٩٨٥، لا ٩٧.

مەحمود نەجمەدین

# پاکۆدی لوسیا.. ئەفسانەی گیتار



مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لەو کەسانەی کە لەداهێناندا تیژڕەوبوون، توانایەکی سیحرییان هەبووە لەداهێناندا، لەوانە ئارتۆر رامبۆ، ڤانکوخ، نیتشەپاگانینی و....هتد.. ئەمانە زۆر زوو وەك داهێنەر ناسران و لەمەودایەکی کورتدا بوون بەئەستێرەی درەوشاوە لەبوارەکەی خۆیاندا. هەڵبەتە خانەوادە و دەوروبەر و بارودۆخ دەوری گرنگیان هەیە لەداهێناندا. بەڵام توانای داهێنان پەیوەستە بەخودی کەسەکەوە. مرۆڤ بۆهەموو کارێك دەیکات پێویستی بەعەشق هەیە. شکست و سەرکەوتن لەدەسەڵاتی خودی مرۆڤ خۆیەتی. بۆ هەرکارێك کە دەستی بۆدەبەیت دەبێت رۆحی خۆتی بۆ بکەیت بەخۆراك. بەجۆرێك خودی خۆت ببیت بەو کارە کە دەستی دەدەیتێ. پاکۆدی لوسیای موزیکژەنی ناوداری ئیسپانیش یەکێکبووە لەو



داهێنەرە مەزنانە، ئەو عاشقی موزیکبوو، موزیکی بردە ناو رۆحی خۆیەوە، خودی خۆی بووبەموزیك، لەکەنار دەریاکاندا ژیا و ژیانی خۆی کردە ئاوازێکی بەردەوام و ئەبەدی.

پاکۆدی لوسیا، گیتار ژەنە سەرسوڕهێنەرەکەی دونیا ئەگەر خۆی کەسێکی داهێنەر نەبوایە باوکی هەرگیزنەیدەتوانی بیکات بەو مۆزیکژەنە ناودار و سەرسوڕهێنەرە. کە لەسەر ئاستی ئیسپانیا و جیهانیش ناو و ناوبانگی هەیە. پاکۆدی لوسیای بلیمەت ئەفسانەی فلامینگۆ زۆر زوو، هێشتا هەرزەکاربوو وەك موزیکژەنێکی بلیمەت دەرکەوتووە و بووەبە ئەفسانەی گیتار، بەباشترین و خێراترین گیتارژەنی جیهان دادەنرێت لەم سەردەمەدا پاکۆدی لوسیا، ناوی راستەقینەی فرانشسکۆ سانشیز جومیز ە لە دورگەی سەوز لە ناوچەی قادس باشووری ئیسپانیا لەساڵی ١٩٤٧لەدایکبووە. نازناوی پاکۆدی لوسیاشی لە خانەوادەکەیەوە بۆی ماوەتەوە. ئەم مۆزیکژنە ئەفسوناوییە یەکێکە لەناودارترین ژنیارەکانی گیتار، کوڕی ژنیار ئەنتۆنیۆسانشیزە. لەمۆسیقای فلامینگۆ و جاز و کلاسیکیشدا شارەزایە. بەڵام زۆرتر لەفلامینگۆدا شارەزاییە. زیاتر تێیدا قوڵبووەتەوە. لەساڵی١٩٥٨ لەتەمەنی یانزە ساڵیدا دەچێتە رادیۆی دوورگەی سەوز لەوێوە دەرکەوت و توانی لەپێشبرکێیەکدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ .

پاکۆدی لوسیا زیاتر لەسی بەرهەمی تۆمارکردووە. باوکی یەکێك بووە لە هاوکارەکانی موزیکی فێرکردووە، سەرەتای کارکردنی پاکۆدی لوسیاش وەك سابیکاس و میجل بروول و ماریۆ ئەسدیررو کاریگەری رۆشنبیریی ئیسپانی لەسەر بووە و موزیکی کلتووری ئیسپانی کاریگەری هەبووە بەسەرکارەکانییەوە.

ساڵی ١٩٥٩ خەڵاتی تایبەتی ڤێستیڤاڵی فلامینگۆی جیهانی لەئیسپانیا وەرگرت. ئەو کاتە منداڵترین ژنیاری نێو هاوەڵەکانی بوو، وەك گیتارژەنێکی بچکۆلە ئەو خەڵاتە وەردەگرێت، ئەمەش ویستگەیەکی دیکەی سەرکەوتنەکانی بوو .

دوای ئەوەی بنەماڵەکەی دەچنە شاری مەدرید، باکودی لوسیابەمەبەستی کاری موزیك روو لە کۆمپانیای دەنگی جوزی جریکۆدەکات، لەوێ یەکەم کاری هونەری خۆی تۆماردەکات ئەمەش لەساڵی ١٩٦٣بوو .

ساڵی ١٩٧٦ هونەرمەندی ناودار کامیرون دی ئیلسا دەناسێ، کە گۆرانیبێژی ناودای فلامینگۆ بوو. پاکۆدی لوسیا لەگەڵ




کامیروندا کۆمەڵێك ئەلبومی هێنایە بەرهەم. کە لە (١٠) ئەلبوم پێکدەهات، تا لە ساڵی ١٩٩٢ کامیرۆن دەمرێت پاکۆدی لوسیاش زۆر نیگەران دەبێت بەمردنی. مەرگی کامیرۆن توشی نائومێدی و غەمگینییەکی قوڵی دەکات .

لەساڵی ١٩٦٩ – ١٩٧٠ خاڵی سەرکەوتنی پاکۆدی لوسیا بوو، لە بەناوبانگترین گۆڕەپان و شانۆکانی وەك باڵاودی لاموسیکا و شانۆی بەرشەلۆنە بەئامادەبوونی جەماوەرێکی بێشوماری عاشق بەموزیکی فلامینگۆ ئاهەنگ دەگێڕێت

لەساڵ ١٩٧٥ دا لەسەر شانۆی ریاڵمەدرید کارێکی هونەری جوان و چێژبەخش لەبەردەم جەماوەرەکەیدا نمایش دەکات، کاریگەری و کاردانەوەی ئەم نمایشە بە ئیسپانیا و ئەمریکا دەگات. لێرەوە ناو و ناوبانگی پاکۆدی لوسیا سنوورەکانی





ئیسپانیا دەبڕێت و دەبێت بەئەستێرەیەکی مەزنی جیهانی مۆزیك. پەیوەندی پاکۆدی لوسیا و مۆزیکی جاز لەساڵی ١٩٧٧ەوە دەستی پێکرد و هەر ئەو کاتە دی میولا و جۆن مکلاین کە دوو مۆزیکژەنی ناوداری جازبوون و بوون بەهاوڕێی پاکۆدی لوسیا، بەرهەمی ئەم هاوڕێیەتییە چەند کارێکی هونەری بوو. ئەو بەرهەمانەی کە لەگەڵ ئەو دووهونەرمەندەدا پێشکەشی کرد تێکەڵکردنی موزیکی جاز وفلامینگۆبوو، ئەم جارەش پاکۆدی لوسیا توانی سەرکەوتنێکی تر تۆماربکات و بیسەرانی موزیکی سەرسام کرد .

پاکۆدی لوسیا بەعەشقەوە موزیکی دەژەنی و عەشقی موزیك لەسەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی دیکەی برد. توانای سیحر ئاسای ئەم موزیکژەنە ئەفسانەییە بەدونیای موزیکدا بڵاوبووەوە و توانی ناوبانگی ژەنیاری سەدە لە ئیسپانیا بۆخۆی دەستەبەربکات. پاکۆدی لوسیا چەندین ئاهەنگی گێڕاوە لە ئیسپانیا و ئەمریکا وئەوروپا و وڵاتانی دونیا.

لەساڵی ١٩٩١ مەلحەمەی مۆن ئامور کردە بەرهەمێکی مۆسیقی و پێشکەشی عاشقانی موزیکی کرد، ئەم کارە پارچەموزیکێکی قورس بوو، مەلحەمەیەکی جیهانی بوو، بۆیە ئەمەش وێستگەیەکی دیکەی سەرکەوتنەکانی پاکۆدی لوسیابوو.

پاکۆدی لوسیا گیتارژەنی ناوداری ئیسپانی و ئەستێرەی گەشی موزیکی جیهانی تا ئێستا لەژیاندایە و دەنگی موزیکی سیحر ئاسای دەگاتە گوێی گوێگرەکانی وئەو هێشتا لەکەنار دەریاکاندا عەشق لەگەڵ موزیك و دەریادەکات. دەنگی ژێی گیتار و دەنگی شەپۆلەکاندا دەژی .

# خەڵاتکردن سیمبولە ..یاخود پاداشتە؟؟

**ئامانج سەیدە**

پێشکەوتنی بوارەکان لە هەر وڵاتێکدا پاندە بە کۆمەڵێك بنەما ویاسا وشەنگستە،بی ئەوەش پێشکەوتن پەرە ناسێنێت، ئەو بنەمایانەش مەرجە بەلآنس وپێوەری ئەخلاقی وزانستی هەبێت ،یەکێك لەو بنەمایانەی کەدەمەوێ ئاماژەی پێبدەم ،خەڵات کردنە چ (مادی یان مەعنەوی) بێت ، گەر تماشای وڵاتانی ئەوروپابکەین هەست بەوەدەکەین ،کە بایەخێکی زۆری پێدراوە، لەوانە "نۆبڵ وپۆلیزەر وئۆسکار و ...هتد، ئەم خەڵاتانە وەك پاداشتێك بەرامبەر هەوڵەکانیان پێدەبەخشرێ ، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك خەڵاتمان هەیە وەك سیمبوڵێك وەکو ڕێزێك ناوی ئەو کەسانە هەڵدەگرێ، بۆ نموونە وڵاتی ئیسرائیل لە کاتی سەردانی هەر کەسێکی ناودار وپایەدار بۆ ئەو وڵاتە ناوی شوێنێك یاخود جێگایەك"قوتابخانە ،جادە ، تەلار..."بە





ناوی ئەو کەسەوە دەنێت.

لە نیو میللەتی کوردیشدا خەڵات قودسییەتی خۆی هەیە ساڵانە چەندین جۆر خەڵاتمان هەیە لە تەواوی بوارەکان دەبەخشریتە داهێنەرەکان ، لەوخەڵاتانەی لە بواری ئەدەب پێشکەش دەکرێت خەڵاتی گەلاوێژە،تێبینی ئەوە دەکەین کە جیاوازی هەیە لە دابەش کردنی ئەم خەڵاتە ئەمە بابەتی ئێمە نییە ، ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە تاکو ئێستا زۆر کەسی داهێنەرمان هەیە لە تەواوی بوارەکان بە تایبەت بواری هونەری ، کەچی هەمیشە پەراوێز دەکرێن٬.

هونەرمەند "عەدنان کەریم" وەك هونەرمەندێك ڕۆڵیکی بەر چاوی هەیە لە پاراستنی وزیندوو ڕاگرتنی هونەری ڕەسنی کوردی ، بەڵام تا ئێستا شەقامێك یاخود پارکێك یان هەر شتێکی تر نەمان بینییوە ناوی "عەندنان کەریم " ی لیێ بنرێ ، ئەمە کەم تەرخەمییەکە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەرهەق بە هونەرمەندان دەیکات .

دەبینین زۆر لە نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکان و زۆر شوێنی تر ناو ی شەهید وپێیشمەرگە دێرینەکانی لێنراوە ئەمەکارێکی جوانە وجێگای خۆیەتی،بەڵام زۆر جار لە پاش کۆچکردن پاداشتی ئەو کەسە دەکرێت ، خەڵاتێك لە پاش مردن بێت نەبوونی باشترە، هونەرمەند کەریم کابان پەیکەری بوکرا ئەوە جێگای خۆشحاڵییە وئومێدی دووبارە بوونەوەی ڕێزلێنانی لەو جۆرە دەکەین ،بەڵام دەبێت بەڵانسێك هەبیت بۆ چۆنێتی و چەندێتی ودابەش کردنی ئەو جۆرە خەڵاتانە،چونکە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان گرنکن وهونەر یەکیکە لە گرنگترین ئەو بوارانە وهونەرمەند عەدنان کەریم شایستەی ئەوەیە ڕێزی لیٚ بگیریت وەك وەفاداریك بو هونەر نەك بۆ عەدنان .. بۆیە وەزارەتی رۆشنبیری ئەرکێکی نیشتمانی لەسەرە کە خەڵاتی مادی ومەعنەوی هونەرمەندانی وەك عەدنان کەریم بکات . ڕیزلێنانی لەو جورە وادەکات کەسانی تر بە هەمان دڵسۆزی وخۆشەویستییەوە هەوڵ پەرە بدەن بە هونەر وئەدەبیاتی کوردی ، ئەمەش وادەکات وڵات زیاتر پێشبکەوێت ولە تەواوی بوارەکان پەرە بسێنێت چونکە هونەر بەشێکی گەورەی شارستانی هەر وڵاتێکە ،گەرئەمرۆ شەقامێك بە ناو "عەدنان کەریم"ەوە بکرێت سبەی چەندەها عەدنان دروست دبێت پاش ئەوەی بزانن کە،ماندووبوونەکەیان جێگای ڕێزە ...



عەلی ئەشرەف درویێشیان

# گۆڕی گاور

لە فارسییەوە: شەهرام فاتحی

کوڕەکە جولایەوە. چاوەکانی بە ئارامی کردنەوە. روخسارە ڕەش هەڵگەڕا و سووتاوەکەی باوکی کە بە مووی رەش و سپی داپۆشرابوو، بەرامبەر بە خۆی بینی. ئەمجار زانی کە کاتی ڕۆیشتن بۆ سەر ئیشە. باوکی هیچی نەگوت، تەنانەت وەك ڕۆژانی پێشوش نەیگوت:"یاڵلا درەنگ بوو." بە بێدەنگی و ئارامی سفرەکەی هێنایە دەرەوە. چەند نانێکی پێچایەوە و هەریەکەو لەتکێکیشیان بە دەستەوە گرت و خەریکی خواردنی بوون، تۆزێك دۆشیان لە تورەکەیەك کرد بۆ ئەوەی ئاوەکەی بروات و خەست ببێتەوە و نیوەڕۆ بە نان بیخۆن. بوخچەکەیان پێچایەوە لە ژوورەکە دەرکەوتن، دایکەکەش حەوشەی ماڵەکەی دەماڵی.

پیاوەکە لە گۆشەیەکی حەوشەکە پاچێك و پێمەڕەیەکی لوتشکاوی هەڵگرت و خستنیە ناو گۆنیەکەوە. کوڕەکە دەیزانی کە نابێ کەس پاچ و پێمەڕەکە ببینێت. پیاوەکە کاتێك بە حەوشەکەیان دا تێدەپەری لە تەنیشت حەوزی ئاوەکە لایدا و لە سەر ئاوەڕۆیەکە دانیشت و سێ جار گوتی: " خەوم بینیوە، خێرم بینیوە، یا ئەڵلا، یا محمد، یا عەلی".

کوڕەکە بە دوای باوکیدا ڕۆیشت. لە دواوەڕا باوکی پشت چەماو دەهاتە بەرچاو، دەتگوت دڵی دێشێت. قۆڵی چاکەتە ڕەش و تۆزاویەکەی وەك دوو باڵی قەلەرەشکەی تۆپیو لەملا و لەولای هەڵاوەسرابوون. چیتر پێڵاوەکانی بۆنی گەنم و جۆیان لێ نەدەهات، ئێستا لە جیاتی گوڵە گەنم و گوڵە جۆ چەقڵی بیابانیان پێوە بوو قوڕاویش بوون.

کاتێك لە ماڵەوە هاتنە دەرەوە، پیاوەکە دوعایەکی خوێند و بە دەوری خۆیدا سووڕا و فوییەکیشی لە کوڕەکەی کرد.

ڕێگاکەیان گۆڕی بۆ ئەوەی بە بەردەم جەندرمەکاندا نەڕۆن، قەپە قەپی سەگەکان تەواو ببوو و نۆرەی کەڵبابەکان بوو گوند پڕ بکەن لە "قوقولی قوقو" ی خۆیان.

بە پەنا کانیاوی گوند دا تێپەڕین کە کۆمەڵێك ئافرەتی لێ بوو، بە خێرایی بە پەنایاندا ڕۆیشتن و ملیان دایە بیابان. کزەبای ئاخری پاییز هاوڕێ لە گەڵ تیشکی لاوازی خۆر پێستی دەموچاویانی دەکروزاندەوە. کوڕەکە هەستی بە سەرما دەکرد. باوکەکە بێدەنگ بوو، دوێنێ شەو کۆڵە مستێکی لە ژنەکەی دابوو و لاچاوی برینداربوو. کوڕەکە وەبیری دایکی کەوتبۆوە کە لاچاوی وەك بەهێیەکانی دووکانی"مام سمایل"یان لێهاتبوو، زەرد بە پەڵەی قاوەییەوە.

وەبیری کەوتەوە کاتێك دایکی دزی لە توورەکەکە دەکرد، بە هۆی ماندوویەوە دەستی لەرزی و تۆزێك دۆ ڕژایە سەر عەرز. باوکی هێچی نەگوت سەری توورەکەکەی بە هێواشی گرێ دایەوە و بە هەموو هێزی خۆی کۆڵە مستێکی لە دایکی دا. کوڕەکە هیچی نەگوتبوو بەڵام حەزی دەکرد بە هەموو هێزی خۆی بقیژێنێت، لەبەر ئەوەی ترسابوو. هەرکات باوکی هیچی دەست نەدەکەوت لەماڵەوە لێدان و پێکدادانی ساز دەکرد. بە تایبەت لەو کاتەیڕا لە گوندەکەیان لە ڕیزەی دەوڵەمەندەکانیان دانابوو.

ئیتر دوای ئەوە باوکی کەمتر قسەی دەکرد و پێکەنینیشی نەمابوو، دەتگوت زمانی گیراوە. تەنها کاتێك گۆڕی گاورەکانی هەڵدەقەندەوە زمانی دەکرایەوە قسەی دەکرد. گۆڕەکان وردە وردە وەدەر کەوتن. تیشکی خۆر گوندەکەی رووناك کردبوو بەڵام هێشتا نەگەیشتبوو بۆ نزییك

گۆڕەکان. چیای"چل پیاو" پێشی بە خۆر گرتبوو لە دوورەوە گۆمبەزی نەزرگەکە دیار بوو کە لەسەر لووتکی چیاکە هەڵکەوتبوو و دەیروانیە گوندەکە.

کاتێ گەیشتنە بەردە قەبرەکان لەوێ ڕاوەستان. پیاوەکە پشوویەکی دایەوە و توورەکەی توونتنەکەی دەر هێنا و جگەرەیەکی هەڵپێچا، کوڕەکەش پێڵاوەکانی داکەندن و تەکاندنی. لەدوورەوە جێبی جەندرمەکان دیاربوو کە بەرەو گوند دەڕۆیشت و لەدوای خۆیەوە هێڵێکی بە تەپوتۆز درووست کردبوو.

گۆڕەکان زۆر بوون، باوکی چەند رۆژ لەوە پێش ئەم کۆمەڵە گۆڕەی دۆزیبۆوە، تا ئێستا کەس بەم گۆڕانەی نەزانیبوو.

ماوەیەك بوو دانیشتوانی دەڤەرەکە خەریکی هەڵقەندنەوەی گۆڕی گاورەکان بوون. دەستە دەستە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بۆ گۆڕ هەڵقەندنەوە دەچوون بۆ دەشت و بیابانەکانی دەوروبەر. چەند جولەکە بە دوای کەونینە و عەتیقەدا دەگەڕان و پارەی باشیشیان پێدەدا و لە پاشان دەیان نارد بۆ شار، ئەوەش ببوو بە هۆی ئەوەی ئەم ئیشە پەرە بستێنێت و زۆربەی خەڵك روی تێکات. بەڵام لەهەمان کاتدا جەندرمەکان بە توندی بەرگریان لەم ئیشە دەکرد. چەند کەسیشیان دەست بەسەر کردبوو، لێشیان دابوون و تەسلیمی دادگاشیان کردبوون.

کوڕەکە سەیری باڵندەکانی دەکرد کە دەستە دەستە بە ئاسماندا تێدەپەڕین، ئاسمان پر ببوو لە دەنگی شەقەی باڵی باڵندەکان. دوای ڕۆیشتنیان دنیا ئارام بۆوە. پیاوەکە پاچ و پێمەڕەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە گۆڕهەلقەندنەوە، لە گەڵ یەکەم پاچ کە لە عەرزی دا هاواری کردە نەزرگەی چل پیاو و لێی پارایەوە دەسکەوتیان هەبێت .

کوڕەکە بەردەکانی لە ژێر پاچەکە لادەبردن، هەتاو لە پشت چیای چل پیاو دەرکەوت و یەك ڕاست لە روخساری ئەوانی دەدا، وردە وردە گەیشتنە گڵی سوور، کوڕەکە دەیبینی کە عارەق تك تك لە ناوچاوانی باوکیەوە دێتە خوارەوە. بۆ خۆشی هەستی بە گەرما دەکرد و لەشی دەخورا، پیاوەکە دەستی کرد بە قسەکردن:" چەندەم عەزیەت کێشا تا ئێرەم دۆزییەوە ! شوێنەواری شەش گۆڕی پێوە دیارە، دوێنی هیچمان دەست نەکەوت لەوانەیە ئەمڕۆ شتێك بە نووکی پاچەکەمانەوە گیر بکات. دوێشەو خەوم بینیوە ئەویش چ خەوێك" !

روی کردە کوڕەکە کە خەریکی هەڵکڕاندنی بن هەنگڵی بوو و سەیری هەڵۆیەکی دەکرد







کە بە ئاسمانەوە بوو، کوڕەکە زۆۆ سەرنجی دایەوە قسەکانی باوکی.

ــ دوێشەو خەوم بینیوە کە کەونینەیەکی گەورەم دۆزیبۆوە. لەم گۆڕە دابوو. نا، لەوانەیە ئەم گۆڕە بێت. نازانم کامەیان بوو. هەرچییەك بوو گۆڕێکی گەورە بوو. لە پەنای چیایەك پاچێکم لە عەرز دا دوو دەست وەدەر کەوتن و پەیکەرێکیان دامێ. پەیکەری پاشایەك بوو، شایەکی کۆن بە تاج و تەختەوە، وەك پەیکەرەکەی کاك مراد کە ماوەیەك لەمەوبەر جولەکەکان لێیان کریەوە. پەیکەرەکە زەرد زەرد بوو، ئاڵتونی نایاب بوو. پاشا لە سەر تەختەکەی دانیشتبوو. نازانی چەند خۆشحال بووم، بیرم دەکردەوە کە بە پارەکەی هەموو شتێك دەکڕم مانگا، زەوی، چوونەحەج، چارەسەر کردنی ژانی دڵی دایکت،...

رووی کردە هەتاو دەستێکی لە ملی خۆیدا و بە توندی پشمی، بۆ پشمینی دووهەمیش هەوڵیدا بەڵام بێفایدە بوو. درێژەی پێدا:" ئەوەش شایەتی خوا. ئەگەر شانس یارمان بێت و کەس لێمان تێنەگات زۆر باش دەبێت. بەڵام ئەو سەگبابانە دەڵێی دێون تا ناوت هێنان لە سەر سەرت حازر دەبن وەك ئەوەی مووت لێ هەڵپروزاندبن. لەوانەیە لەم شەش گۆڕەدا شتێکمان دەست کەوێت. دوێنی مام قاسم بە زۆری وەڵامی سڵاوەکەمی دایەوە، لەوانەیە پارەی چا و قەندەکەی بهەوێت، ئەوە بوو کە شەو توڕە بووم و لە دایکتم دا.

تۆش هەرکات گەورە بوی و ژنت هێنا ئەگەر پارەت پێ نەبوو و لای خەڵك شەرمەزار بوی لە ژنەکەت دەدەی. لە منیش پیستر لەژنەکەت دەدەی. ها، وامەزانە. بەڵام ئیشەکان ڕێك دەبنەوە شتێك وەدۆزین گرفتەکانمان کۆتاییان دێت و رزگارمان دەبێت. بەڵێ دەمگوت، پاشا لە سەر تەختی شاهانە دانیشتبوو، کێشیشی زۆر قورس بوو، زۆر قورس"!

بێدەنگ بوو، روی کردە کوڕەکەی کە بە پوشکەیەك یاری بە هێلانەی مێروەکان دەکرد، گوتی:" بلێ خێر دەبێ ئیشاڵڵا ! هەرکات کەسێك خەونی بۆ گێڕایەوە بلێ خێر دەبێ ئیشاڵڵا".

کورکە تفی قوتدا، دەمی ئەوەندە وشك ببوو دەتگوت کۆڵکە دارە، هۆشی لەسەر ئەو هێڵە سپییە بوو کە لە دوای فرۆکەکە لە ئاسمان دروست دەبوو.

باوکەکە دووبارە گوتی:" بلێ خێرە ئیشاڵڵا ! دەڵێی گوێت کەڕن، هەی هەتیوە سڵە".

کوڕەکە مێرویەکی بە شەڵوارەکەیەوە بوو خێرا لێی کردەوە و گوتی:" خێر دەبێت ئیشاڵڵا، خێر دەبێت ئیشاڵڵا".

پیاوەکـە گـوتی:" پـێم بڵـێ بـزانم تـۆ بـەم زووانە هیچ خەونێکت نەبینیوە؟"

کوڕەکە گـوتی:"بـا، بـا، خـەونێکم بینیـوە، لەخەوما پەڵـە هـەورێکی ڕەش کەوتـە سـەر ماڵەکـەمان، ماڵەکـەمانی رووخانـد و منـیش سەرم شکا ".

پیاوەکە گوتی :" خێرە ئیشاڵڵا".

بـەڵام لــە ناکــاو روخــساری تێکــچوو و گــوتی:"جــا ئــەوەش خەونــە! مرۆڤــی بەدبەخت، خەونەکەشی بەدبەختییە".

لــە پاشــان بــە دڵۆڤانییــە پێــی گــوت:" هەرکاتێك خەوت بینی جا چ چاك، چ خـراپ، بڕۆ سەر ئاوەڕۆیەکە و سێ جـار بڵـێ خـەوم بینیوە، خێرم بینیوە، باشە".

کوڕەکە بە دەنگێکـی بـەرز گـوتی:" باشـە، باشە".

پیاوەکە لە ناو قەبرەکـەدا لـە سـەر چۆکان دانیــشتبوو، جەســتەی لــەدەرەوە ڕا دیــار نەبوو گڵی تازەی دەر دەدایە دەرەوە کە لە ژێـر تیـشکی خـۆر بـڵاو دەبـۆوە. دۆیەکـەی لەتوورەکــەیان کردبــوو خەســت ببــۆوە، دەستیان لە ئـیش کـردن کێـشایەوە و نـانی نیـوە ڕۆیـان خـوارد. باڵنـدەش بـە حـەواوە نەبوو. ئاسمـانێکی سـاف و بێگـەرد. چیای "چل پیاویش" لە ژێر تیشکی خۆر وەنەوزی دەدان.

پیاوەکـە دەسـتەکانی بـەرەو نەزرگـەی چـل پیــاو درێــژ کــرد و هــاواری کــرد:" ئــەی نەزرگـەی چـل پیـاو کـۆترێکی دار و چـوار مۆم لە سەر شانم نەزر بێت ئەگەر شـتێکی باش لە ناو ئەم گۆڕانەدا بدۆزمەوە".

دەسـتەکانی بـە دەموچـاوی داهێنـا و بـۆ ماوەیــەك خــەریکی دوعــا خوێنــدن بــوو. کوڕەکــەش فرمێــسکەکانی مۆمەکــەی ماڵەوەی بیر هاتەوە کـە یـاری پێـدەکرد و شتی جۆراوجۆری پێ درووست دەکردن.

ڕۆژ بەرەو ئـاوابوون دەڕۆیـشت و پیاوەکـە هــەر خــەریکی هێنانــە دەرەوەی ئێــسك و پرووسـکی نـاو گۆڕەکـە بـوو. کوڕەکـەش ماندوو ببـوو و بـە لەشـگرانی گڵ و خـۆڵی دەوری باوکی لادەبرد. کەوتە بیری دایکـی کـە ئێـواران بـە چ هیوایەکـەوە لـە پـێش دەرکـەی ماڵەکـەیان چـاوە ڕێیـان دەبـوو. دەتگوت دەیهـەوێت لـەدوورەوە بزانێـت چ دەدۆزنەوە.

پیاوەکە دووبارە درێژەی بە خەوەکـەی دا :" پەیکەرێکی قورس بوو، کێشیشی چرکە بــە چــرکە زۆر دەبــوو، تــا ڕادەیــەك کــە نەمدەتوانی بە تـەنیایی هـەڵی گرم، تـۆ و دایکیشت بۆ یارمەتی دانم هـاتن.هەناسـەم بڕابوو دەتگوت شەبەحێك خۆی پێـداداوم، لەترسان لەخەو ڕاپەریم".

لەناکاو پیاوەکە بێـدەنگ بـوو. کوڕەکـەش سەری بە گۆڕەکە داگرت تا بزانی چ بووە.





مۆرەیــەکی دۆزیبــۆوە بــە قــەدرا قامکێــك دەبوو، تـۆزێکی تـف لێـدا و پـاکی کـردەوە. کۆرەکە لە خۆشیان شاگەشکە ببوو و خـۆی فڕێدایـە نـاو قەبرەکـەوە تـا لـە نزییکـەوە بیبینێت.

مۆرەیـەکی شـین بـوو هـەر دوو سەرەکەشـی ئــــاڵتوون بــــوو، هـــــەردووکیان بــــە سەرسـوورمانەوە تێـی ڕامـابوون. لـە سـەر مۆرەکە وێنی دوو سەربازی پێوەبـوو کـە بـە شمشێر و قەڵغانـەوە خـەریکی هێـرش کـردن بوون! چەند جوان بوو، ئەم مـۆرە مـوژدەی زۆرتــری پــێ بــوو. پیاوەکــە لەخۆشــیا مچوورکێکی(تەزوویەکی) بـە لەشـی داهـات و پشتی ڕاست کردەوە بۆ ئـەوەی هەناسـەیەك نوێ بکاتەوە.

بەردوچــکەیەك کەوتــە نــاو گۆڕەکــەوە:" نەجوڵێن، بێنە بزانم چیتان دۆزیوەتـە، هـەی دایـك سـەگینە." زۆریـان پـێ سـەیر بـوو. سەرنجیاندا و بۆیان دەرکەوت دوو جەندرمـە بە تفەنگەوە لـە سـەر سـەریان ڕوەسـتاون و بەرامبەر بە ئەوان میلیان هێناوەتەوە ...

# جیاوازیی واتای ڕەنگەکان لە نێوان گەلانی جیهاندا

و: رزگار جەباری

ڕەنگەکان لە کولتووره جیاوازەکاندا واتاگەلی جیاوازیان هەیە...هێماکان، ئاماژەگەلێکن کە لە هەموو کولتوورێکدا هەن و لە شێوەی ڕەنگ، شێوە و ژمارە و وشە و هتد...خۆیان دەنوێنن. لەم نێوانەدا ڕەنگەکان لە نێوان کولتووره جۆربەجۆرەکاندا واتاگەلی سیمبولیکی جیاواز دەگوازنەوە.

بە گوزارشتێکی نوێ، لە هەر کولتوورێکدا، پێناسی خەڵکی بۆ هەر ڕەنگێك، لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییانەدایە کە لە نێوان ڕەنگەکان و واتاکانیاندا دەیهێننە ئاراوە .

بۆ نموونە لە ڕۆژاوادا، سەوز بە واتای ئومێدوارییە، سپی بە دڵسۆزی، ڕەش بە پرسەداری، سوور بە ئەوین یان شۆڕش و زەرد بە دوژمنی و کینەدۆزییەوە پەیوەند دراون. لە کاتێکدا کە لە چین، سپی بە







زوهد و زەرد بە متمانە و ڕاستگۆیی و ڕەش بە بێتوانایی و بێتاقەتی پەیوەند دەدرێن. لە کولتووری هیندیدا، سوور بە واتای پێگەخوازی و ئارەزووە و هتد...بەم بۆنەوە ئێمە دەپەرژێینە سەر واتاناسیی ڕەنگە سەرەکییەکان لە کولتوور و گەلانی جۆربەجۆر.

سوور: ڕەنگی سوور کە بە جۆرێك ڕەنگی خوێنە، بە گوێرەی کولتووری گەلان گوزارشتی جیاوازی دەبێت. لە چین سوور ڕەنگێکی نەریتییە بۆ جلی زەماوەند. پاکەتی کاغەزی پڕ لە پارە، دیاریی نەریتی ساڵی نوێی چینییە بۆ منداڵەکانیان. لە کولتووری چینیدا، لەبەرکردنی ڕەنگی سوور یان یاقووتی هۆکاری درێژبوونی تەمەنە. بەڵام یەکێك لە واتا نەرێنییەکانی ڕەنگی سوور لە ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵاتدا ئەوەیە کە (ترحیم) نامەکان، بە شێوەیەکی نەریتی بە مورەکەبی سوور دەنووسرێنەوە. بەڵام

هەمان ڕەنگ لە تورکیادا ئاماژەی مردنە. لە یابان، ڕەنگی سوور هێمای لەخۆبردووییە و ڕەنگێکی گشتگیرە و لە هەموو شوێنێك ئامادەیە. لە میسری دێریندا، ئەو خوداوەندەی کە ئاسمانی لە زەوی جیا کردووەوە (شو)، سوور بووە، هەر بەم بۆنەوە بەردی سوور لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان و پارێزگاری لە ئاگر و هەورەتریشقە بە کار دەهات و کۆمەڵێك لاو بە پرچی سوورەوە، بۆ دڵنیابوون لە هەڵگرتنەوەیەکی باشی بەروبووم، قوربانی دەکران. هەروەها لە نەیجیریا ئەم ڕەنگە تەنها لە لایەن سەرۆکەکانی هۆزەوە لەبەردەکرێن، بەڵام لە گانا تەنها لە کاتی پرسەداری سوور لەبەردەکەن.

سپی: ڕەنگی سپی، لە وڵاتانی ڕۆژاوادا ڕەنگی لەدایکبوونە و هەروەها نیشانەدەری ڕووداوە شیرینەکانی ژیانە کە لە شێوەی جەژندا دەردەکەوێت. لە کاتێکدا کە لە چین ئاماژەی پرسەدارییە. لە میسری دێریندا، سپی هێمای ((ئوسیریس))، خوداوەندی مردن و پاکی بووە. هەروەها لە زۆرێك لە نەریتەکاندا سپی ئاماژەی لەخواترسان، بێ تاوانی، تازەیی، ئاشتی، پاکی، کەماڵ، مەعنەوی و سادەییە. ئێرانییە دێرینەکان لەو باوەڕەدا بوون کە فریشتەکان جلی سپییان لەبەردایە. لەم ڕووەوە ئەم ڕەنگە مایەی حەزی ئێرانییەکانە. سپی بۆ هیندۆسەکان ڕەنگی پرسە و تازێبارییە. لە چین ڕەنگی سپی بە واتای مردنە. لە بەرازیل ئەم ڕەنگە ئاماژەی مەزنێتی و شکۆیە. لە ئەمریکاشدا ڕەنگی سپی ئاماژەی پاکی و دڵسۆزییە. لە ئەفغانستانیش سپی ئاماژەی پاکی و سەفایە.

شین: ڕەنگی جێحەزی زۆرێك لە خەڵكی و خۆشەویسترین ڕەنگە لە نێوان خەڵکیدا. ڕەنگی شین، هەستی ئارامی بۆ زەین دەهێنێت و ئاسایی نیشانەدەری ئاشتی، ئارامی و ڕێکوپێکییە. لە ئەمریکا ڕەنگی شین خۆشەویستییەکی زۆری هەیە و ئاماژەی ڕاستگۆیی و ئەمانەتە. لەم ڕووەوە لە هێمای هەموو بانکە ئەمریکییەکاندا ڕەنگی شین بەکار دەهێنرێت. لە چین ڕەنگی شین ئاماژەی هەمیشەییە. بۆ یەهوودییەکان ئەم ڕەنگە پیرۆزە. لە وڵاتانی عەرەبیدا ڕەنگی شین بە واتای ئاسایش و پاراستنە. لە کۆلۆمبیا ڕەنگی زۆربەی سابوونەکان شینە. لە وڵاتانی مەسیحی ڕەنگی شین واتای ئاشتی و بەهەشتی هەڵگرتووە. لە هۆنگ کۆنگ ڕەنگی شین مایەی حەزی خەڵکی نییە. هەروەها لە ڕووانگەی ئەمریکییەکانەوە ڕەنگی شین ڕەنگی پیاوانەیە لە کاتێکدا





کە لە بەریتانیا یان فەڕەنسا زیاتر ڕەنگی سوور بە ڕەنگی پیاوانە هەژمار دەکرێت. لە ئەمریکا ڕەنگی ڕووخسار ڕەنگی ژنانەیە لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتانی دیکە ڕەنگی زەرد ڕەنگی ژنانەیە. لە میسری دێرینیشدا خودای ژیان و وەچەخستنەوە، شین بوو. لەم وڵاتەدا شین و وەنەوشە نیشانەدەری لەخواترسان و باوەڕە و میسرییەکان بە درێژایی مێژوو هەمیشە حەزیان بە ڕەنگەکانی شین و پیرۆزەیی و لاجەوەردی بووە.

زەرد: ئەم ڕەنگە لە زۆربەی وڵاتاندا واتای خۆشحاڵی و خواستراوبوونی هەیە. لە ئاسیادا ڕەنگی زەرد ئاماژەی پیرۆزکردن و زوهدە. لە وڵاتانی مەسیحی زەرد ئاماژەی ڕۆشنایی خۆر و داناییە. لە مالیزیا کە دانیشتووانەکەی تێکەڵێکە لە مالایی، هیندی و چینی ڕەنگی زەرد دەلالەت لە خانەدانی پاشا دەکات و بە جۆرێك ئاماژەی تەمەنی زۆرە. لە وڵاتی یابان ڕەنگی زەرد ئاماژەی ویقار و خانەدانیە. جەنگاوەرانی دێرینی ئەم وڵاتە لە سەردەمانی خۆیاندا، گوڵی زەردی داوودییان وەك ئاماژەی پەیمانی دلێری، بە خۆوە دەکرد. لە نێوان پێشبینیکەرانی کۆن، ڕەنگی زەرد وەسفێکی شێر و خۆر بووە. ئەوان زەردبوونی شێر بە تەنها هۆکارێکیان دەزانی کە لە نێوان ئاژەڵاندا وەك پاشای دارستان بخەنەڕوو.

خەڵکی سەدەکانی ناوین لەو باوەڕەدا بوون کە بەردە زەردەکان، نەخۆشی لە لەشی مرۆڤ بۆ ناو خۆیان ڕادەکێشن. لە یۆنانی کۆندا، ڕەنگی زەرد نیشانەدەری دۆخەکانی ژنانە بووە و لەبەرکردنی جلی زەرد بۆ پیاوان مایەی قەبووڵ نەبووە. ئەوان نیگاری خوداوەندەکان و پاکیزەکان بە کراسی زەردی زەعفەرانییەوە دەکێشا. لە چینی دێریندا بۆ نیشاندانی ئیمپڕاتۆر وەك دەسەڵاتی باڵا ڕەنگی زەردیان بە کار دەهێنا. لەو سەردەمەدا، تەنها ئیمپراتۆر مافی ئەوەی هەبوو جلی زەرد لەبەر بکات و ئەگەر کەسێك بوێری ئەوەی بکردایە جلی زەردی لەبەر بکردایە چاوەڕوانی مردنێکی دژواری دەکرد. بەڵام لە فەڕەنسای سەدەکانی ناوین نازناوی زەردیان بە مرۆڤگەلی ترسنۆك و نامەرد دەدا، لە سەردەمی شۆڕشی گەورەدا، دەرگای ماڵی ئەو کەسانەی وادەزانرا کە ناپاکییان لە دەوڵەتی تازە کردووە بە ڕەنگی زەرد ڕەنگرێژ دەکرد. لە کۆندا ڕەنگی زەرد بۆ نیشاندانی کەسانێك بووە کە دژی کلێسای کاتۆلیك قسەیان دەکرد و ئەو کفروێژانەی کە مەحکووم دەکران لە ناو چڵوچێودا بسووتێنرێن، جلی زەردیان لەبەر دەکردن. هەروەها لە سەدەکانی ناوین،

یەهوودییەکانیان ناچار دەکرد جلی زەرد لەبەر بکەن. نازییەکانی ئەڵمانیاش یەهوودییەکانیان ناچار دەکرد ئەستێرەی زەرد لە جلیان بدەن.

سەوز: ئەم رەنگە بە هۆی ئارامیبەخش بوونییەوە وەك رەنگی ئاسایش و تەندروستی لە جیهاندا ناسراوە. بۆ نیشاندانی هێمای فیزیکی بە بێ مەترسی ئەم رەنگە بەکار دەهێنرێت. لە سەدەکانی ناویندا رەنگی سەوز ئاماژەی ژیانی تازە و گەشە بووە، هەر بەم هۆیەوە رەنگی سەوزیان بۆ جلی تازەبووك هەڵدەبژارد. لە ئەورۆپای کۆندا باوەڕ وا بوو کە رەنگی سەوز، رەنگی جێجەزی دەسەڵاتە گەورەکانە و ئەم دەسەڵاتانە دەتوانن ئەو کەسەی رەنگی سەوزی لەبەر کردووە، بە بەدشانسی هەمیشەیی مەحکووم بکەن. ئەم خورافاتانە تا سنوورێك درێژەی کێشا کە ئەمڕۆ زۆرێك لە خەڵکی سواری ماتۆڕی رەنگ سەوز نابن و لەو باوەڕەدان ئەگەری پێکدادان بەم ماتۆڕانە زیاترە. هەروەها ئەم رەنگە لە چین ئاماژەی سامانە و لە هەندێ کاتدا یادەوەری بارانێکی توندە کە زەوی پربەر دەکاتەوە. لە رابردوودا رەنگی سەوز یادهێنەری ژەهر بووە و هەر بەم هۆیەوە هیچ کات دەرمانیان بە رەنگی سەوز دروست نەدەکرد. هەروەها رەنگی سەوز لە ئەمریکادا بانگەشەی چالاکی و تەندروستی و تازەیی دەکرد، لە کاتێکدا هەر ئەم رەنگە لەو ولاّتانەی کە دارستانێکی فراوانیان هەیە، دەیبەستنەوە بە نەخۆشی. رەنگی سەوز رەنگی خۆشویستراوی موسڵمانان بە تایبەتی عەرەبەکانیشە (لە ئیسلامدا رەنگی سەوز ئاماژەی باوەڕ و عەقیدەیە لە ئایین، پشت بەستن بە خودا، مانەوە و نەمری و هەروەها ئاماژەی رۆژی هەستانەوەیە.) لە کاتێکدا کە لە هەندێ ناوچەی ئەندونیزی ئەم رەنگە، بە رەنگێکی نەرێنی هەژمار دەکرێت.. لە یابان رەنگی سەوز ناسێنەری تەکنۆلۆژیایەکی بەرزە، لە کاتێکدا لە ئەمریکا ئامێرە ئەلیکترۆنییە رەنگ سەوزەکان خەڵکی راو دەنێن.

رەش: ئەم رەنگە ئاماژەی خەم و پەژارە، ترس ، نهێنیداری و ئاڵۆزبوونە. لە زۆربەی کۆمەڵگا رۆژاوایی و ئیسلامییەکاندا ئەگەر چی رەنگی رەش یادهێنەرەوەی مردن، پرسە و بەخاکسپاردنە، بەلاّم ئەم رەنگە، رەنگێکی جیهانی نیە بۆ پرسەداری. لە برێك لە ولاّتانی ئاسیایی رەنگی پرسە، سپییە. لە بەرازیل رەنگی وەنەوشە و لە مەکسیك رەنگی زەرد و لە ساحل عاج رەنگی سووری تیژ، رەنگی پرسەن. هەروەها رەنگی رەش بە تاریکی





و ترسەوە پەیوەندی بە نەناسراوەکانەوە هەیە و هێزەکانی سەرووسروشتی یان جادوویی بە یاد دێنێتەوە. لە دنیای مۆدیلدا، رەنگی رەش ئاماژەی شیکپۆشی، سەرنجڕاکێشی و جوانییە. لە بەریتانیا ئەندامێکی خێزان کە دەبێتە هۆکاری بەدناوی و ریسوایی خێزانەکە ((مەڕی رەشی خێزانەکە))ی ناولێدەنێن. لە کولتوورە رۆژاواییەکاندا رەش بەزۆریی ئاماژەی دەسەلاّتێکی زۆر و پڕ رەمز و نهێنی بوونە.

سەرچاوە\ ئینتەرنێت



فروغی فەروخزاد

# کابووس

لەفارسییەوە: خالید فاتیحی

کاتێك پەرویزی بچکۆلە نیوەشەو لەخەوڕابوو، تاریکی وبێدەنگی باڵی بەسەرژوورەکەدا کێشابوو.جگەلە هاشووهووشی دەریا کەلە دوورەوە هەڵدەستاو لە پەنجەرەوە دەهاتەژوور دەنگێکی دیکە نەدەبیسترا.

یەکجێ هەستیکرد لەنێو جێوبانی خۆیدانییە.بەسەرنج ودیقەتەوە لەدەوروبەری خۆی ڕوانی ولەوکاتەدا قسەی باوکی وەبیرهاتەوە کە بەدرێژیی ڕێگا بەردەوام دەیگوت:

– خوابکا لەکاتی خۆیدا بگەینێ،کەناری دەریا لەهاویناندا زۆرقەرەباڵغە،ڕەنگە ژوورمان دەست نەکەوێ.

لەوکاتەدا مژۆڵەکانی چەندجاێك لێکنانو بەپارێزەوە لەجێگاکەیدا جوولا،ئێستا ئیدی چاوەکانی بەتاریکی ڕاهاتبوون هەمووهێڵەکان،دیوارو پەردەکانی لێك دەکردنەوە.کەمێك لەلای خۆیەوەو لەلای چەپییەوە کەسێك نووستبوو.سەری بردەپێش وبەسەرنجەوە لێی ڕاما: ئاهای،ئەوەخوشکە بچوکەکەی بوو.دەستیدرێژکرد تا وەخەبەری بێنێ ولەگەڵیدا باسی دەریاو هەتاوو ئەوگوێچکە ماسیانەی لەکەناری دەریا کۆیان دەکەنەوە بدوێ،بەڵام دەستبەجێ پەشیمان بۆوە،دڵی نەهات خەوەئارامەکەی لێ تێکبدات.لەسەرخۆ وەکومارخزی وچووەسەرجێگاکەی،ئەوجار سەیری ئەولایەی دیکەی ژوورەکەیکرد. لەلای ڕاستەوە، لەسەرقەرەوێڵەیەکی بچوکی یەککەسی دایکی وباوکی بەتەنیشت یەکەوە خەوتبوون.لەبەرخۆیەوە گوتی:

– نازانم ئەمشەو لەبەرچی دایکم ڕێگایداوە لەژوورەکەیاندا بنووین؟

لەوکاتەدا وەك کەسێك کەبیەوێ خۆی لەدەست بیرێکی ئازاردەر ڕزگاربکا،دەستیکرد بەژماردنی پەنجەکانی: یەك...دوو...سێ...چوار...

بەدیوارەکەی ڕووبەڕوویەوە تابلۆیەك هەڵواسرابوو.ڕووخساری پیاوێکبوو بە ڕیشێکی درێژو عەبایەکی ئاودامانەوە.لە تاریکیدا نەیدەتوانی بە باشی تابلۆکە ببینێ بەڵام هەمان تارمایی کەمڕەنگی ڕووخساری پیاوەکە،هەمان شەڕوهەرای وەبیرهێنایەوە کە لەیەکێك لەچایخانەکانی سەرڕێگادا دیتبووی. دەستەکانی هێنانەخوارو لە تاریکیدا کەوتەبیرکردنەوە:

– بنیادەمێکی چەندەسەیربوو،دەبێ زۆرخراپبێ،لەناو جانتاکەیدا هەمووشتێکی چاوبەستنی پێبوو.

دوایی قەڵافەتی داپیرەی هاتەوە بەرچاو کەزستانان لەسەرکورسی دادەنیشتوو چیرۆکی پڕلە نهێنی بۆدەگێڕایەوە.دووبارە لەبەرخۆیەوە بیریکردەوە:

– حەتمەن ئەوپیاوەی داپیرەم باسیدەکرد دووعادەخوێنێ وفووڵەخۆیدەکاو مرۆڤ دەبێتە شتێکی دیکە هەروەك ئەوەی لەڕێگا دیتمان.کە چووینەوە تاران بۆیدەگێڕمەوە.ئەرێ چەندە شکڵوشێوەیەکی سەیری هەبوو.حەتمەن لەگەڵ جنۆکەو پەری وفریشتەکان سەرووکاری هەیە دەنا چۆن شتی وادەبێ.

وشەی((جنۆکە)) تەزوویەکی ترسێنەری بەلەشیداهێنا.هەستیکرد کالانەی چاوەکانی گەورەتردەبن.بەترسەوە لەتاریکیەکە ڕاما وای هاتەخەیاڵ لە گۆشەیەکی ژوورەکە بوونەوەری کورتەباڵا،بەوشێوەیەی داپیرەی وەسفی کردبوو،خەریکن دێنەپێش.داپیرەی هەمیشەدەیگوت:

– بسمیللایەکی بڵێ ونەجاتت دەبێ.

لەوکاتەداو لەکاتێکدا بەدەستی لەرزۆکەوە بەتانییەکەی بەسەر سەریخۆیدا هەڵدەکێشا،لەبن لێوانەوە دووبارەیکردەوە:



– بسمیللا...بسمیللا...بسمیللا....

هاشووهووشی دەریا،ئاوازی ڕێبوارێکی سەرلێشێواوی لەڕەشاییدا بالآپێدەگرتو لەپەنجەرەی ژوورەکەوە دەهاتەژوور.لە کوونێکی بچووکەوە کەلە بەتانییەکەوە درووستیکردبوو چاوێکی هێنابووە دەروو سەیری ئاسمانی دەکرد کەلەدوورەوە وەکو شووشەیەکی ڕووندەهاتە بەرچاو. ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە،ئەویش لەکاتێکدا بەپارێزەوە لەدەورووبەری و بەتایبەتیش لە گۆشەی ژوورەکەی دەڕوانی،بیریکردەوە:

– چەندە بەودەشاییانە دەچن کەباوکم هەندێجار دەمداتێ بیانخەمە داخلیەکەم ومنیش ئەوان بەسەر فەرشەکە دادێنم تا بریسکەیان لێهەستێ.

ئەوکاتە دەستیکرد بە ناولێنان وژماردنی ئەستێرەکان،کە گەیشتە سەدەمیان لە ناکاو ڕاوەستاو گوێی قولآخ کرد.لەو لایەی ژوورەکە،ئەوجێیەی باوکی ودایکی لێی نووستبوون،ورتە ورتێك دەهات.وەك ئەوە وابوو یەکێك خەریکبوو بخنکێ: دەنگی هەناسەی سوارو قورس.

– یانی چی؟

وەرسووڕایە لای ڕاستی ودووبارە لەهەمانکونەوە،سەیرێکی گۆشەی ژوورەکەی کردەوە.ئای لەوێ،لەسەر قەرەوێڵەی دایکی وباوکی جوولەجوولێکی کەم ودەنگی هەناسان، بیریکردەوە:

– حەتمەن دایکم یان باوکم خەویان بەدێوەوە بینیووە،واباشە هەستم وبانگیان بکەم.





بەڵام دەنگی هانکە هانکێکی کپ کەدوای هەناسەبرکێ لەولایەوە دەهاتە بەرگوێ ئەوی لە جێی خۆی وشککرد.وەك ئەوە وابوو بەیەکەوە قسەبکەن،دەستی باوکی دیت کەلەژێر سەرچەفەکەوە هاتەدرەێ،بەرزبوونەوەو بەرەولای گەردنو شانەکانی دایکی دەچوون و وای هاتەخەیاڵ کەدایکی دەپاڕێتەوە.دایکی دەیەوێ نەهێڵێ باوکی کارێك بکات.بەهەژانەوە بەتانییەکەی بۆلایەك هەڵدا،ئێستا تەواوی ڕووخساری وشانەکانی لەژێر بەتانییەکە هاتبوونەدەر.دەمی کردەوە تا بانگی دایکی بکات بەڵام هەروا کپوبێدەنگ لە شوێنی خۆی مایەوە.

هێشتا بابەتەکە لەلای لێڵ ونادیاربوو.سەرەنجام غیرەتی وەبەرخۆیناو بەدەنگێکی نووساوەوە گوتی:

– دایە...دایە...

– دایە...دایە....

بەڵام ئەوان گوێیان لێنەبوو،دەنگیان نەبیست.

– شەوانی دی کەبانگی دایکم دەکرد زوو وەڵامی دەدایەوە،ئەگەرچی ئەو لەژوورێکی دیکەش بوو،ئەوشەو چی بووە؟ بۆ گوێی لەدەنگی من نییە؟

تاریکی ڕووخسای داگرتبوو، لە تاریکیدا چاوەکانی بەترس ولەرزەوە دەدرەوشان.هەستا سەری هەڵێناو لەیەك چرکەدا هەستیکرد نیگای دایکی لەگەڵ نیگای ئەودا تێك ئاڵقان.لە خۆڕاو بێ ئەوەی بزانێ بۆچی،بەخۆدا شکایەوە.دووجاران خۆی بەسەر جێگاکەیدا کێشاو لە تووڕەییان مشتە بچکۆلەکانی بەولاو لایخۆیدا کێشان.لەوکاتەدا دەنگی چپەچپێکی هاتەبەرگوێ.یەك لەحزە بێدەنگی،ئای یەکێك بەرەولای دێت.هەستوخووستی لەخۆی بڕی وگوێی هەڵخست: باوکی بوو مەلافەیەکی سپی لەخۆی پێچابوو.پێڵوەکانی لێك نانو لەتاریکیدا بیری کردەوە:

– ئای لەوە! باوکم لەبیری چووە ئەمشەو بیجامە لەبەربکا.

بەڵام لەوکاتەدا هەستێکی نادیار وایلێکرد خۆی دەخەوبکا.باوکی هەنگاوێکی مابوو بیگاتێ.ڕاوەستا ماوەیەك لەتاریکیدا لێی ڕاما.

– پەرویز،پەرویز...

بەڵام چووکترین جوڵەی نەکرد.وەك ئەوکەسەی کەوتبێتە خەوێکی قوڵەوە بەئارامی هەناسەی دەدا.باوکیشی هەستاو لێی دوورکەوتەوە پەرویز گوێی لێبوو کە بەدایکی دەڵێ:

– نا،بەستەزمانە نووستووە.

کاتێك ئەوان لەسەر قەرەوێڵەکە لەپەنایەك درێژبوون،پەرویزیش لە کونی بەتانییەکەوە سەیری دەکردن.ئەوجار دەنگەکە بەرزتروو ئاشکراتر لەجاری پێشووبوو.دووبارە دەنگی ناڵەناڵی دایکی دەهات.بەسەرسوورمانەوە لەبەرخۆیەوە گوتی:

— بۆچی دایکم چی کردووە...؟ئەرێ بۆچی دایکم هاوار ناکا؟ ڕەنگە دەمی بەستبێ.ڕەنگە بەدەستماڵ دەمی بەستبێ. ناڵەناڵەکان وەك ئەوە وابوو کەبەزەحمەت لەودەنگانەی کەبەدەست گیرابن دەهاتنەدەر.ئارەقەیەکی سارد سەرتاپای لەشی داگرت. زاری وشکببوو. دەیویست هاواربکا بەڵام دەنگی دەرنەدەهات. بەزەحمەت لەناو جێگاکەیدا وەرسووڕاو لەناکاو گوێی لەدەنگی باوکی بوو کە وشەیەکی لێکدا لێکدا دووبارە دەکردەوە:

— دەنگێ مەکە...دەنگێ مەکە...ئەگەر دەنگ بکەی...

تەنیا وشەیەك بوو کەتوانیبووی لەسەرەتاوە تا ئێستا لەنێوان ئەوهەموو ورتەورتەدا بەشێوەیەکی روون تێبگا.

بەرقەوە ددانی چیرکردن.

— ناهێڵێ، ناهێڵێ دایکم هاواربکا.

سەرتاپای لەترس ولەرزدا دەلەرزی.جارێك دەستی هێناپێش تاخوشکەکەی وەخەبەربێنێ بەڵام زوو پەشیمان بووەوە.

— هیچی پێناکرێ،هەڵدەستێ دەستدەکا بەگریان وهاتوهاوار ئەوکات هیچ شتێك ناکرێ.باوکم هەموومان بەیەکەوە دارکاری دەکا.

بیری کردەوە:

— دەبێ هەرچۆنێك بێ خۆم بگەیەنمە پەنجەرەکە ،لەوێوە خۆم فڕێدەمە خوارێو خەڵکی ئاگاداربکەمەوە کەدەیانەوێ دایکم بکوژن .

بەبێ دەسەڵاتییەوە دووبارەی کردەوە :

— دایکم دەکوژن.

ئێستا ئیدی دەترسا سەیری ئەولایەی ژوورەکە بکات،یەکجێ ئەوەی وەبیرهاتەوە کەساڵی پار داپیرەی کتێبێکی بۆ خوێندبۆوە. لەسەربەرگی کتێبەکە وێنەی پیاوێکی لەسەربوو کەریش وسمێڵێکی درێژی هەبون و لەسەرسنگی دێوێك دانیشتبوو ،بەدەستێکی شاخێکی دێوەکەبوو بەدەستەکەیدیکەشی کێردێکی گەورەی بەرەولای دەبردەپێش. کاتێك بیری لەو پیاوە دەکردەوە وای بەخەیاڵدا هات کەباوکی زۆر وەك ئەوپیاوەدەچێ . هەوڵیدا ئەوپەیوەندیەی لەنێوان ئەوپیاوەو باوکی داهەبوو وەبینێ بەڵام ئاقڵی بەهیچ جێگایەك نەگەیشت.لەوکاتەدا بەوپەڕی





ماندوویەتیەوە لەبن لێوانەوە پرتەپرتێکی کرد.

— بابەگیان،تۆلەگەڵ دایکمدازۆرباش بووی. ئێستا بۆدەتەوێ بیکوژی .

دەنگی ناڵەیەکی درێژوبەرز کەوەك قیژە دەچوو تەواوی ژوورەکەی داگرت،ئەویش بەترسەوە گەڕایەوە لای قەرەوێڵەکەی باوکودایکی وچاوی تێوەبڕین بەڵام قەرەوێڵەکە لەهەرچەشنە جوڵەوتەکانێك کەوتبوو.داهاتەوەو بەشڵەژاوی سەیری ئەولایەی کردو وای بەبیرداهات کە دایکی لەجوڵەکەوتووەو خوێن لەگەردنییەوە هەڵدەڕژێ ودڵۆپ دڵۆپ دەڕژێتە سەرفەرشەکە،باوکیشی کەمێك ئەولاتر لە هیلاکیان کەوتووەو لەهۆش خۆی چووە.

دەنگی هاوارێکی کپ لەلێوەکانی هەستا:

— سەرەنجام دایکمی کوشت.

دەمی خستە سەربالنجەکە. دەترسا. بیریکردەوە ئەگەر باوکی گوێی لەدەنگی بێت ڕەنگە ئەویش بکوژێ.شانەکانی توند دەلەرزین و رووومەتەکانی پڕبوون لەفرمێسك وشتێك چنگی لەسینەی گیردەکرد. لەوکاتەدا وای هەستکرد کەبەزوویی دەخنکێ.

کاتێك یەکەمین تیشکی خۆر لەپەنجەرەوە هاتەژوور دیوارەکەی رووناککردەوە.بێ ئوومێدوو ماندوو لەقەرەوێڵەکەی هاتەخوار.تەنیا سەیری ژێرپێی خۆیدەکرد.بەلارەلار بەرەولای دەرگاکە دەرۆیشت.حەزی نەدەکرد ئیدی باوکی ببینێ.ڕقی لێدەبووەوە بڕیاریدا ڕابکات.لە پەنادەرگاکە یەکێك بانگی کرد:

— پەرویز،پەرویز.

سەرتاپای دەلەرزی.ئەوە دەنگی دایکی بوو.گەڕایەوەو بەسەرسوورمانەوە سەیری کرد.نا،ئەوە دایکی بوو.بەهەڵە نەچووبوو.دەستی کە بەدەستگیرەی دەرگاکەوەبوو سست بوون.ماوەیەك لەچاوەکانی دایکیەوە ڕاما،کەوەك دووئەڵماسی ڕەش بەرووخسارییەوە دەدرەوشان،خەندەتەڕوو گەشەکەی دیت کە لەسەر لێوەکانی سەمایان دەکرد.لەوکاتەدا سەری وەدیوارەکە کردوو لەخۆشیان گریاو وایهاتە خەیاڵ کە تەواوی شەوی ڕابردوو لە کابووسو ترسێکی تۆقێنەردا بووە.

* * *

**سەرچاوە:**

**لەکتێبی ((شناخت نامە فروغ فرخزاد– نشرە قطرە–گرد اوەرندە،شهناز مراد کوچی)) وەرگێراوە**



# لا چامەی ئەسعەد جبووری

پاچڤەو پێشەکی
جەلال زەنگابادی

**ئەسعەد جبووری: هۆزانڤان ، رۆمانڤان و رۆژنامەڤانە**

× لە سالی ۱۹۵۱ لە شاری (ریفاعی – پارێزگای زی قار) لەدایکبووەو، لە سالی ۱۹۷٤دا هەڵاتووە بۆ سووریاو، دەسەلاتی رژێمی عەفلەقی حوکمی غیابیی بە ئیعدام داوە.

× لە سالی ۱۹۸۹وە بەخێزانەوە لە دانیمارکدا دەژی.

× **ئەندامە لە:**

– یەکێتی نووسەرانی عەرەب/ – یەکێتی نووسەرانی دانیمارک/ – ئینسکلۆپیدیای





شیعری جیهانییە لە بەریتانیا

– کۆمەڵەی رۆژنامەڤانانی بێ سنوور/ – رێکخراوی مافێن مرۆڤی نێودەوڵەتی

× **سەرنووسەری گۆڤاری** (تقووس = سرووتگەل) ـە بە زمانێن عەرەبی و ئینگلیزی.

× **دامەزرێنەری** (بانکی خەیاڵ) ـە

× ریڤەبەری کۆمپانیای عەرەبی – ئۆروپییە بۆ رۆژنامەڤانی و ئەدەبیات و پەخشکردنەوە

× رێڤەبەری سایتی (قەڕاڵستان) ـە
www.alimbaratur.com

× **ئەم کۆهۆزانانەی بڵاوبوونەتەوە:**

– گوڵم سەربڕی ، ئاخۆ خەونم سەربڕی؟/۱۹۷٦/ – هەراوهوریای مەلە سەرپێچەکان/۱۹۷۸

– ئۆلەمپیادی زمانی پاشخراو/۱۹۸۰/ – نیگارکێشان بێ جیاکەرەوانەیە ، گوناە بێ شاشەیە/۱۹۸۱

– یەکەم نوسخەی زێڕ/۱۹۸۸/ – فڕین بەسەر رۆژدا/۱۹۹۵/ – قەڕاڵ/۱۹۹۵/ – عەتر دەستنووس دەبڕێ/۲۰۰۳/ – فریشتەی ئالۆشڤان/۲۰۰۵/ – فەرهەنگی عاشیقان/۲۰۰٦/– پێش رۆیشتنی ئەلکۆل/۲۰۱۰/ – لە هنداقی ئەسپریندا/۲۰۱۰

× **ئەم رۆمانانەی بڵاوبوونەتەوە:**

– دانان لەنێو نهۆمەکانی شەودا/۱۹۹۷/ – تای چەکدار/۲۰۰۰/ – تیرۆرکردنی نۆبل/۲۰۰٦/

– دیسکۆلاند/۲۰۱۰

## هەڵوێستی پاص

لە خەرەندی وەختەوە
تا زوورگی سیفرەوە
تاودەرەکان زەمەن
بە فیلێکی درێژ دەبڕن
دانیاران بە پێچامەی فەلسەفەوە
چیلکەی چەنەبازین
کشتیارانی باران لە پێنگاڤەکانیانا
سککەی ئاسنینیان بە زنجیران
هەڵگرتووە.
شەو
قەفەسێکە
بۆ ئاسمان
نەخشەکان تێدا زاوزوێدەکەن
میناک کە لە ویستگەی پاصدا
بینیم چاوەڕوان بوو
کە بە پەپوویەک لە کبریت و
نەهاوەند هەڵدەوەشێتەوە:
پێی پەتی نوسخەیەکە لە وێڵگەو

هیچ چارەوایەك یا مەلێ ناگەیە
لە پێنگاڤما بلەز خستمیە گریان و
لە ڕاژەی ڕێگادا دەریهاویشتم.*

* الباص

## هەڵۆێستی تاراندن

بێدەنگی لە مەرەکەبدانەوە دەردەچێ
کەچی بێدەنگ
دەرەختێکـــی بـــە هـــاڤیبوون کـــۆنکراو
دەمێنێتەوە
ســەبارەت بــە کــۆچ و کۆچــکردوو لێــیم
پرسی...
گەشتێکی خۆی لە هەڵۆێستی تاراندنی لێم
دەرهێنا...
بە ئاگریشی ڕۆژنامەی دەمی منی سڕییەوە
وا ئەندێشام کە (قەیصەر)ە
خۆیی هاویشتۆتە جەنگی دەنگەکان
کەچی بەرەو من نابینراو هەڵگەڕایەوە
جارێدەدا:
ئەز سنووران دەچنم نەك گوڵان...
سیفربرم نەك کپوکری زەمان
ئاوەزم پلەوپایەدارە
ڕووبارگەلێکە لە ناوکەوە هەڵدەقوڵێن
نەتەوەگەلیش بە دەورما چاوتوێکڵگراون.

...
...
بــۆ کــوێ دەچــی بــەوەی لــە ناختــا
تێکشاوە؟
هاوارمکرد
کە لەسەر سنگما خاویمکردەوە
شیرخۆرێك پەراوێزەکانی لێی دەهەڵمان
ئەوسا
بــووە پڵنگێك لــە ســروودە قورســەکانما
درێژبووەوە
بە زمانی باهۆز هۆزەکانمی ڕامووسا
پێش ئەوەی گیا لە چاڤکانیم ببڕێ
ئاخێکی پچڕان پچڕانی هەڵکێشا تا بڵێ:
ئەوەتانێ گەوزەنان دێن
کە گەشتمان لێیان گۆڕان و سڕینەوەیە*

* النفي

## هەڵۆێستی چەك

وڵاتان
سەرتاشان توێکڵیان دەگرنەوە
دەریاچەگەل وێران
حەنین ئالایەکی ڕاکێشراوە
بولبولان لەژێر تەمگەلا
میوەیە لەسەر نیڤنگی قەنارە





منیش هەر کە پەنام بۆی دەبرد
دەمبینی مووزەخانەکانی ئاگردەدا
گورگێن مەیوو دەورەی داون
گوێیان دەگرت لەو زنۆقچوونە
کە لە سەری شۆڕدەبۆوە
ڤێجـــا ئـــەو ڕۆژەی دەســـتیم گـــرت و
پانمکردەوە
لە هەڵۆێستی چەکا
پرسیارڤانانە:
ئەی ئەڤینم بۆ کام جەنگ دەچی ،
کە مەرگ
چریکەیەکە
سخوچریی تارومارەدەکا؟
بە دەمەلاسکێیەکی بەهاراتاوییەوە
وەڵامی دامەوە:
پەنجەکانم کێڵگەی چرنۆکان نین
وەختیشم ئاسن نییە
تا شمشێران لێی چەکوشکاری بکەین
لێرەدا زۆر چاوەڕێی پاییز دەکەم
تا پیتەکانی جەنگ بگۆڕم
تا کوێرین
ئیتر
لە گواستنەوەی کەلاکان ئاسوودەبم *

* السلاح

## هەڵۆێستی بیابان

پرسیارم بۆی
دەستێکی براوە لە تەڵەدا
جاران کە لەسەر پردی پیاڵەدا
دەمبینی
فەلەکەکانی و مولکەکانمی تارومارەدەکرد
بۆیە لە هەڵۆێستی بیابانا
لەخۆی دابڕا...
سترانبێژێکی ئافرەت:
ئەی ئەوەی کە بە گوڵ بۆی شەیدابووم
لە پشتی گوڵاوی بە ژاکاوی دەڕوا
بەسەر چەند پەیژەدا
لە هەڵاڵەدا
سەردەکەوی؟
شاشەی سەری ئاوڕی لێی دامەوە
ئاماژەیکرد:
جگە لە ئاو هیچ سەرکەوتنێ نییە
لە هاڤیبوونمانا
دەستنووسێکی
پڕ لە پلەوپایەی مشەختان لەلایە*

* الصحراء

## هەڵۆێستی زەمەن

فیزیاناس

له پەڵه رەشه خرۆشاوەکان
رادەمێنیٚ
بەخۆی ئەو ساڵانامه هەڵواسراوەیه
که هەر جاریٚ لاپەرەکانی هەڵدەمەوە،
دیواری جاویدی دەرووخیٚ بەسەریاو
هەندیٚ جادووی خۆی جگەرەئاسا
دەکێشیٚ و هاواردەکا:
ئەمەتانیٚ هەڵوێستی زەمەن
(با)
کلکێکه
له بنەتای زەمین.
ئەڤین
کورسییەکی بەجێهێڵراوه له ئاوێنەیەکا
ئێمەش له تۆتەکەدا گمەی ژاکاوین
له سادییەتا خنکاوین.
لێیم پرسی:
ئـەی تـۆ لـە کـویٚ و فیغـانی رێڤـبـەری
فریاکەوتن؟
بلەز ولاّمی دامەوە:
جەنابی له پەنجەرەی پلیتەکانه
خەریکی سزادانی سەرنشینانی تۆفانه !*

---

* الزمن

**هەڵوێستی فەلەك**

درەختە ناساغەکان
له بنەتای رۆژدا
به برژانگەکانیان
لەگینه بۆ مانگ بگرنێن
سبەینێش له هەڵوێستی فەلەکا دۆزیمەوە
پیاسەیدەکرد بەرێشەوە
جەژنەکانیشی بەسەر خۆرئاوابوونا دەباری
زەمینی تەوەقێکی ژیله بوو
تەنیا بەرێك تێدا بوو
جا چنیم تا دەربارەی کەلووی بپرسم
به جەڵوەوە بەرسڤی دامەوە:
کەلووم له خێزانێن دارخورمایه
کـەلووم لـە عـەقیقی سـیفرەو گڵگۆگـەلی
بولبولانه
کەلووم بادەی رووتە،
که چراگەل له جەستەکانا ناکوژێننەوە
کەلووم تۆماوێکه
کراسی شەیتانی به مەرەکەب پیسکردووە
تا جۆلانەیه به نادیار بەرزبێتەوە
که شکۆیه بۆ پەیامێك یا پێغەمبەرێك نییه
پیشەیەکیش بۆ گەمیەوان نییە،
مەگەر له سیکڵانۆچکەی ئاسیاویٚ
سەیری فیلانێکت نەکرد ،
که خۆیانیان خستۆته نێو مێشکەوە
مەگـەر لەمـسی رێـچکەکانی قـەرەجانت
نەکرد،
کـە لـە ئەلبۆمـدا شـوقەگەلیٚ ئـاوەدان
دەکردەوە





پـاش تـاریکی کەشـکەلاّن لـە حەژمـەتا
دەدران.
مەگەر رێگای میتافیزیکت نەدۆزییەوە،
که تیمساحەیل له نووستنگەکان
ئارخەیان چاودێری لەمسەیەك یا نێچیرێکن
ئا ئەمەیە کەلووم
ولگەیەکە بۆ کلۆی فەرامۆشی
هەر کێش لێیه بێگانەیەو
سەری شەفقەیەکە له گەرد*

---

* الفَلك

**غاردان**

...رۆژێکی
بیٚ دەستان...
ئیتر ملەما چی بکا؟*

---

* رکض

**ژێدەر: سایتی الامبراطور**

# رامانە فەلسەفییەکان

## پێویستی تێڕامان و دەرخستنی پرسیارە فەلسەفییەکان

**و: سیما چۆمانی**

فەیلەسوفە دێرینەکانی یۆنان لە جیهانی دەروبەری خۆیاندا گۆڕانکاری دەبینن - سوڕی وەرزەکان، بوون و گەشە و مەرگی بوونەوەرە زیندووەکان، بە هەڵم بوونی ئاو لە کاتی گەرمادا و گەڕانەوەی بۆ شوێنی یەکەمی خۆی - ئەم پرسیارەیان لا گەلاڵە دەبوو کە دەبێت چۆن سەبارەت بەم پرسیارانە بدوێن و هۆیەکانی چۆن بناسێنن. لە ئەفسانە کۆنەکاندا بەمە رازی دەبوون کە بڵێن ئیرادەی هەرزە و هەلپەرستانەی کۆمەڵێك بوونەوەری هاوشێوەی مرۆڤ و ناپابەند بە یاسا و رێساکانی جیهانی سروشتی لەم کارەدا بەشدارە (واتا خواوەندەکانی ئەفسانەیی)







**هایدیگەر**

فەیلسوفەکان لە سەردەمی سوقرات بە دواوە، چەندین پرسیاریان هێنایە کایەوە لەوانە " راستی چیە؟" یان " جوانی چیە؟" یان " دادپەروەری چیە؟" و لە رواڵەتدا بەردەوام لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە کە هەر یەکێك لەم وشانە نوێنەری شتێکە " واتا شتێکی تارادەیەك نادیار و تاك، بەڵام خاوەن بوونیکی پەیوەست بە خۆی و سەربەخۆ لەوەیکە وشە چۆن بەکار بێت. گوایا فەیلەسوفەکان ویستویانە بەسەر پشتی بابەتەکە یان پشتەوەی زماندا زاڵ بن و بە راستییەکی نا زمانی بگەن کە لە دواوەی وشەکاندا وەستاوە.یەکێك لە پرسیارە سەرەکی و رەنگە سەرەکیترین پرسیار لە فەلسەفەی زماندا ئەوە بێت کە : " زمان چۆن پەیوەندی بە راستەقینەوە هەیە؟" ئەم پرسیارە بۆ گەورەترین پرسیار رادەکێشرێت ئەویش ئەوەیە کە : " چ شتێك لە ناو مرۆڤەکاندا دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدات کە ئەمجۆرە دەنگانە بهێننە سەر زمانیان و ئەمجۆرە هێمایانە بکێشن کە خاوەنی ئەمجۆرە پێشهاتە سەرکێشانە بێت؟ یەکێك لەم پێشهاتانە ئەوەیە کە مرۆڤەکان لەگەڵ راستەقینەدا پەیوەندی دروست بکەن " پرسیاری سەرەکی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە کە :" چۆن ئەو دەنگانەی لە دەممان دێتە دەر یان ئەو هێمایانەی کە لەسەر پەڕاوێکدا دەیانکێشین، دەگەین بە هەموو ئەم خەسڵەتانەی چەمکناسی کە پێیانەوە دەلکێنین"

زیاتر لە چوار سەدە بەر لە ئێستا " دیکارت" پرسیارێکی سەرەکی سەبارەت بە فەلسەفە خستەڕوو و پرسی:" زانیاری و تێگەیشتن چیە؟ و چۆن روو دەدات؟ " چوار سەد ساڵ دوای دیکارت تاوەکو ئێستا، پرسیاری سەرەکی هەر ئەوەیە. بە ناچاری بە پرسیارێکی سەرەکی تر دەگەین کە بریتیە لە :" هزری ئێمە چۆن جیهان وێنا دەکات یان سەیری دەکات؟" ئەو پرسیارەی کە " چەمك چیە؟" پێش

ئـەم پرسـیارە دەکـەوێت کـە " زانیـاری چیە؟ ."

پێناسەی چەمك؟

وەڵامی هایدیگەر: هایدیگەر دەنووسێت کە ئێمە لە سنوور و گفتوگۆی لۆژیکیدا ئـەم پرسیارە ناخەینە ڕوو، بەڵام بـە دەرەوەی ئـەم سـنوورە و خاڵـەدا بـە شـێوەیەکی ڕاستەقینە دەخرێتەڕوو. ئێمە دەبێت بەر لـە خستنەڕووی مانـای هـەر بوونێـك بـە شـێوەیەك تێگەیـشتنی پێـشینە یـان ئەزموونێکی ڕابردوومان لە مانادا هـەبێت. دواتر ئەم خاڵەی بە شێوەی تێگەیشتن لە ڕابـردووی بـوون لـە " بـوون و زمـان" خستەڕوو .

پرسیاری ئەوەیکە شت چیە؟

مانای بوون چیە؟

بوون چیە؟

زمان چیە و دەتوانێت چی لێ فێر بیت؟

ئامرازی پرسیار چیە؟

حەقیقەت یان ڕاستەقینە؟

چۆنایەتی بوون و بوونی چۆنایەتی؟

ئێمە چۆن پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕاستەقینەدا دروست دەکەین؟

ناوەڕۆکی چەمك چیە؟

دەتـوانین بـە چ شـتێك شـێوەی جـێگیر و پتەو دابنێین؟ ( کانت)

چ شتێك بۆ دۆخـی مـن باشـە کـە بیـزانم؟ (نیچە)

پەیوەنـدی زمـان لەگـەڵ جیهانـدا چـیە؟ و کرداری واتایی چ جۆرە کردارێکە؟

زۆربەی دادوەرانـی ئـەخلاق بـەم پرسـیارە دەست پێدەکـەن کـە " چ شـتێك دەبێتـە ئـەرك" یـان " ئـەرکی ئەخلاقیانـەی مـن چییە؟"

بـەڵام ئەرەسـتۆ بـە پرسـیارێکی گشتیرتر دەسـت پـێ دەکـات و دەپرسـێت" بـۆ مرۆڤێکــی بــاش ژیــان چ مانایـــەك دەبەخشێت؟"

ئـــەم پرســـیارە ئـــەو دەرفەتـــەی بـــۆ دەرەخسێنێت دەست بـە توێژینـەوە لـەم بوارانـەدا بکـات کـە ئێمـە بـە شـێوەیەکی سروشتی لە بواری لایەنـەکانی تـری ژیـانی مـرۆڤ و بـەهۆی ئـەوەوە پەیوەنـدی نێـوان ئەوانە و ناوەندی ئەخلاقی دەبینین. لەوانە پەیمانی هـزری، خۆشەویستی کەسـەکان، هاوڕێیـــەتی و ... هـــەروەها ئەرەســـتۆ چەندین پرسیاری سەبارەت بـە پەیوەنـدی دوو لایەنـــەی ئـــەم بوارانـــە بـــە یەکـــەوە دەخاتەڕوو، تاوەکو بزانێت چۆن دەکرێت بـەم ڕەگەزانـەوە ژیـانێکی ئاسـودە بنیـاد بنرێت.





# "ئایا هەموو شتەکان وەکو شتێکە؟ خودی ئەم شتە لە چی دەچێت؟"

## یی ـ ئێم ـ فۆستەر



چۆن و بە چ شێوەیەك بـە مـەرگ دەگـەین؟ هیواخـوازین بـزانین کـە بۆچـی و چـۆن لـە کاتی گەیشتن بە مردنین .

ئاواتەکانی ژیان چین؟

مانای ژیان چیە؟

ئایا بۆ هەموو شتەکان ئـاوات و مەبەسـتێك هەیە؟

سەرچاوەی هزر و ئەندێشە لە کوێوەیە؟

ئایا دەبێت هەوڵی بەختەوەری بـدەین، یـان یارمەتی پێشکەوتنی یەکسانی کۆمەڵایـەتی یـان دادپـەروەری یـان بـە مانایـەکی تـر زانیاری بدەین و ئەگـەر ئـەم بارودۆخـە بـە بەختەوەری نەگات؟

ئێمـە هـەموومان خوازیـاری گەیـشتن بـە بەهەشـتین، بـەڵام هـیچ یـەکێك لـە ئێمـە نایەوێت بە مەرگدا تێپەڕێت .

ئامانج لە دروست کردنی مـرۆڤ و بوونـەوەر چیە؟

زانست چیە؟ بە بۆچوونی ئەفلاتون زانست بریتیە لە زانـایی ڕاستەقینە و زانیاریـەکی بێگەردە و مرۆڤ کاتێك بەم زانایيـە دەگـات کە بتوانێت زانیـاری خـۆی بـە بەڵگـەیـەکی هـزری جـێگیر بکـات و ئەگـەر نەتوانێـت ئـەمکارە بکـات دووبـارە ڕەنگـە بـە بەهێزترین بڕواکان، بڕوای بـە ڕاسـتی ئـەو شتە هەبێت. تەنانەت دەشێت زانیاریەکەی ڕاســت بێــت، بـــەڵام دڵنیاییەکـــەی لەمبارەیەوە پشت بە بەڵگـەی پەسندکراو نابەستێت، کەواتـە زانیـاری تـەواو کـە بـۆ ئـەم نـاوە بگونجێـت نیـەتی و بۆیـە فەیلەسوف نییە .

هزر چیە و دیاردەکانی کامەیە؟

نـاوەڕۆکی هـزری چیە. چ شـتێك بونیـادی هـزری پێـك دەهێنێـت؟ ئایـا تێگەیـشتن، بنـەمای داردەسـتی هـزرە؟ ئایـا خـودی ئاگـایی دەرخـەری ناوەڕۆکیـەتی؟ لـەم کاتەدا خودی ناگا لێرەدا کاری چیە؟ ئایا

بیر، بە ئاگایی ئابلۆقە دراوە؟ ئایا بیر، حەقیقەتێکە و ئاگایی بەشێکە لەو؟ ناوەڕۆکی هزر و بیری وەکو یەك چیە؟ پێکهاتەی هزر و بیر چیە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەکرێت بڵێین : ئەو کاتەی پرسیاری رابردوو دەخرێتەڕوو، ئیتر تەنانەت تێفکرینی پرسیار و وەڵامی هاوشێوەی نییە، بەڵکو پرسیارەکە هەروەکو وەڵامەکەیە .

سەرەتا لە خۆمان دەپرسین: " چ جۆرە پرسیارێك وەڵامیان هەیە؟"

پرسیارە ئەزموونییەکان: واتا ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندی بەوە هەیە چی لە دنیادا هەیە، یان ئەو پرسیارەی پەیوەندی بە بواری بینینی ئاسایی یان زانست هەیە. ئەو پرسیارانەی کە سەبارەت بە جیهان دەکرێت، چونکە مرۆڤ بەردەوام دەیەوێت لە ژینگەی دەورووبەری فێر ببێت و بەسەریدا زاڵ بێت .

پرسیارە وێنەییەکان: واتا ئەو پرسیارانەی کە زانایانی بواری فیزیا یان زانایانی بواری لۆژیك دەیخەنە روو. لێرەدا بەشێك لە چەمك و رێساکانی سەبارەت بە بەرهەمی بابەتێك لە بابەتێکی تر و رێساکانی ئەنجام وەردەگرن کە ئەوەش دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێت کە بە دەرئەنجامی پێشەکیەکان بگەین.

ئەمجۆرە پرسیارانە هیچ زانیارییەکمان سەبارەت بە گەردوون پێنابەخشێت .

لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵە پرسیارە گەورەیە، دووبارە پرسیاری تر بوونی هەیە کە ناکرێت بەم دوو رێگەیە وەڵامیان بدرێتەوە. بەشێکی زۆر لەمجۆرە پرسیارانە هەیە وەکو پرسیارە فەلسەفیەکان.

لە پرسیارە فەلسەفیەکاندا نازانین چۆن بە دوای وەڵامدا بگەڕێین. فەلسەفە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە پرسیارێکی ناپەسند و سەرقاڵکەرمان هەبێت بە بێ تێگەیشتنی روون لەوەیکە چۆن بەدوای وەڵامدا بگەڕێین. ناکۆکی خستنە ناو گریمانەکان جۆرێکە لە فەلسەفە. بەڵام تەنانەت بە تواناترین زانایان ئەوەندە سەرقاڵی چالاکیەکانیانن کە ناتوانن لێی دوور بکەونەوە و تاوتوێی ئەو گریمانانە بکەن کە چالاکی و بۆچوونەکانیان لەسەر ئەوانەوە بەندە. فەلسەفە دەتوانێت هەموو جۆرە چەمکێك روون بکاتەوە یان هەموو چالاکیەك شی بکاتەوە. مەبەستی ویتنشتانیش ئەمە بوو کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە فەلسەفە چالاکیە، نەك کۆمەڵێك لە تیۆری و پەروەردە .

ناکۆکی و تێروانینەکان:

چی دەکەین؟





بۆ کوێ دەچین؟

دەبێت چی بکرێت؟

لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

هزر، عیشقە یان ئیرادە؟

سەرچاوە: " مردان اندیشه" بلاوکراوەی " طرح نو"

هایدیگەر و پرسیارە بنیادنەرەکان - بلاوکراوەی " مرکز "

# کورتەیەک لەبارەی ژیانی نزار قەبانییەوە

**لە عەرەبییەوە : سازان کەریم**



نزار تۆفیق قەبانی: یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بە پێشەنگی شیعری نوێ دادەنرێت لە جیهانی عەرەبیدا، نزار قەبانی لە خانەوادەیەکی بە رەگەز تورك بووە، بە ناوی (ئاق بیق) واتە سمێڵ سپی، باوکی نزار کاری حەلواچێتیو شیرینی دروستکردن بووە، یەکێکیش بووە لەو کەسانەی کەپاڵپشتی بەرهەڵستکارەکانی لە دژی فەرەنساییەکان کردووەو لە سەردەمی ئینتدابی فەرەنسیدا لە سوریا، مامیشی کە ناوی خەلیل قەبانی بووە،





یەکێکە لەو کەسانەی کە بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە، لە هونەری شانۆدا. ڕووداوێکی زۆر ناخۆش لە ژیانی ئەو شاعیرە گەورەیەدا هەبووە، ئەویش خۆکوشتنی خوشکێکییەتی پاش ئەوەی ویستویانە بە زۆر بیدەن بە کەسێك کە خۆشی نەویستووە، ئەو ڕووداوە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لە سەر کەسایەتی و شیعرەکانی ئەو شاعیرە ناودارەی عەرەبو لە زۆربەی شیعرەکانیدا بە ئاشکرا مەسەلەی ئافرەتو بەگژاچوونەوەی شۆڤێنیەتو پیاوی پێوە دیارە، کارەساتی ساڵی ١٩٦٧ هۆکارێکی گەورە بووە بۆ گۆڕانی، شیعرەکانی لە خۆشەویستییەوە بۆ شیعری سیاسیو بەرهەڵستکارییو بەبەرپەرچدانەوە.

## هەڵبەستەکانی نزار قەبانی :

لە هەڵبەستەکانی نزار قەبانی زمان پاراوی و ئاسان تێگەشتن سیمای شیعرەکانیەتی، لە بواری هەڵبەستی ئازاددا واتە شیعری (حور) نزار توانیویەتی داهێنانێکی تەواویش لە بواری هۆزانی نیشتمانی و غەزەل دا بکات ، گەلێك لە گۆرانیبێژەکانی وەکو عەبدولحەلیم و نەجات سەغیرەو فەیروزو کازم ساهیرو محەمەد عەبدولوەهاب، گەلێك لە هۆنراوەکانی ئەویان بە گۆرانی وتۆتەوەو خوێنەرێکی زۆریشی هەبووە لەناو رۆشنبیرانی عەرەبداو زۆر خۆشەویستیش بووە لەناو کۆمەڵدا، نزار قەبانی زمانی ئینگلیزی زۆر بە باشی زانیوە ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٢ تا ١٩٥٥ باڵێزی سوریا بووە لە شاری لەندەن.

## سەرەتای دەستپێکردنی نزار قەبانی لەگەڵ شیعردا

نزار قەبانی کاتێك تەمەنی ١٦ ساڵان بووە، دەستی کردووە بە شیعر نووسین، یەکەمین دیوانی شیعریشی لە ساڵی ١٩٤٤ دا بەچاپ گەیاندووە، کە یەکێکە لەو ٣٥ دیوانە شیعریانەی کە بڵاویکردونەتەوە لەماوەی نیوسەدەدا، گرنگترین دیوانە شیعریەکانیشی ئەمانەن (گفولە نهد، الرسم بالکلمات، قصائد، سامبا، انت لی) نزار قەبانی چەند کتبێکی پەخشانیشی هەیە لەوانەش (بەسەرهاتی من لەگەڵ شیعردا و هەڵبەست چییە و ١٠٠ نامەی خۆشەویستی).

نزار قەبانی زۆر لە دژی ئەوە بووە، بەسەرهاتی ژیانی خۆی جیا لە خۆی هیچ کەسێکی دیکە بینوسێتەوە، لەبەرئەوە کتێبی (بەسەرهاتم)ی کە بریتیە لە ژیانی

خۆی بە دەستخەتی خۆی نوسیوەتەوە.

## کارو خوێندنی نزار قەبانی:

نزار قەبانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی یاسای زانکۆی دیمەشق لەساڵی ١٩٤٥دا لە سوریا بە دەستهێناوە، پاش دەرچوونی وەك دبلۆماتێك لە وەزارەتی دەرەوەی سوریاداو وەك باڵیۆزی ئەو وڵاتە لە چەند شارێکی وەکو بەیروت و قاهیرەو مەدریدو لەندەن کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٥٩ شدا پاش ئەوەی سوریاو میسر یەکیان گرتەوە وەك سکرتێری دووەمی کۆماری یەکگرتوو لە سەفارەتی ئەو وڵاتە لە چین ماوەتەوە تا ئەو دەمەی کە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کردووە، لە ساڵی ١٩٦٦ دا، پاش ئەوەش لە بێروت دەزگایەکی چاپو بڵاوکردنەوەی بەناوی خۆیەوە دامەزراندووە.

نزار قەبانی، لە ژیانی خۆیدا دووجار ژنی هانیوە ژنی یەکەمی کچێکی مامی بووە بە ناوی (زەهرا) لەو ژنە کچێكو کوڕێکی هەبووە بە ناوی (هەدبا و تۆفیق)، بەڵام تۆفیق لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی دڵەوە گیانی لە دەست داوە، کاتێك خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بووە لە قاهیرە، لە ژنی دووەمیشی کە ناوی (بەڵقیس) بووەو بەڕەگەز عێراقی بووە، ئەویش لە تەقینەوەکەی باڵیۆزخانەی عێراق لە بێروت لە ساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوای کردووە، لەو ژنەشی دوو منداڵی هەبووە بەناوەکانی (عەمەرو زەینەب)، مردنی بەڵقیس کاریگەرییەکی زۆری کردۆتەسەر دەروونی ئەو شاعیرە گەورەیەو لە پاش مردنی چی دی بیری لە ژن هێنان نەکردۆتەوەو پاشان چووە بۆ شاری لەندەنو هەرلەوێش ماوەتەوەو بە تەنهایی ژیانی بەسەر بردووە تا ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٣٠ و لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا لە شاری لەندەن بە هۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دوایی کردووەو ماڵئاوایی لە شیعرە ناسك و جوانەکانی کردووە، کە ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیو خەڵکانی ئەو سەردەمەی خۆین .

## دنیای شتە بچووکەکان

نزارقەبانی

ئەی هاوڕێی
بۆ بۆنی یادەوەریەکان
لە شەختەی تەنهایمدا
ئەوەی هەمە
تەپڵەی جگەرە و
سووتوی جگەرە یە
کە سووتوی ڕۆحی منە.





ئەو ڕۆژانەش
کە دێمە لات بۆ کتێبێك
یان بڵێین،
بە بیانوی وەرگرتنی کتێبێك!!
پەنجە ماندوەکانت درێژ دەکەیت
بۆ کتێبخانەکەت
منیش نوغرۆی تەمی تەمان
هەر وەك پرسیارە بێ وەڵامەکان
ئەروانمە تۆ و کتێبخانەکەت
هەر وەك پشیلە چاوشینەکەت
تۆ بڵێی زانیبێتت ؟
کە من بۆ کتێب نەهاتووم
درۆزنێکم هاتومتە دەرگاکەت ؟
خێرا شۆر دەبمەوە ناو نوێنەکەم
کتێب دەگرمە ئامێزم
هەر وەك ئەوەی،
گەردوونم لە ئامێز گرتبێت
پەردەکان دادەخەم و تیشکێ دەخەمە
سەر کتێب
دەگەڕێم لە نێو دێر و بن دێرەکان
بە دوای ڕستەیەك دەگەڕێم
کە تۆ بۆمت حەشار دابێت
لە گۆشەیەکی کتێبەکە دا
ڕستەیەکی کورتی خۆشەویستی
باخچەی تاسەیەکی خۆشەویستی
تەنانەت سڵاوێك
گڕی دەرونم سارێژکات تاوێك..

سەرچاوە/ماڵپەری (ا لنوور)



ئەدیب نادر

# دەنگەكەی تر

جاران لە ئاسمانەوە نزیكتربووم و بەردەوام سەرقاڵی بیركردنەوەبووم لێی، بەڵام ماوەیەكە نزمبوومەتەوە، بیركردنەوەم بۆتە باڵندەیەك و لێرە بە دوای جێ ئۆقرەی خۆیدا دەگەڕێت. ئێستا لە ژێر پێیەكانم تێدەفكرم، لە ئاستی چاوەكانم وورد دەبمەوەو مەودای بینینم دەدەمە بەرتیلەی نیگا تیژەكان. رابردوو هەتا دێ پتر لە خۆشەوویستیەوە دەگەوزێ و ململانێیەكی توند و تیژ لە نێوانی مێشك و دڵما بەرپا دەكات. داهاتوویش.. هەورانییەكی قەترانی رق و كینە بە بەژن و باڵایەوە دەئاڵێنێت و تەنگەتاو ترو لێڵ و خنكێنەر بەرپێوار دەبێت. لە سەفەرێكی سەیرو سەمەردام و لە بەردەم پێناسەكردنیدا دەستەپاچەو ئیفلیجم، بە نرخترین پسوولە سەقامگیربوونە تێیدا، لە كۆششدام و هێشتا وەچنگم نەهێناوە، رەنگە.. بەڵام.. چەترەكەم گاڵۆكێكە و لە قوڕو لیتاوە خەستەكەی دەڕوێنم و هەنگاوی پێ لە



هەڵخلیسكان و رۆچوون دەپارێزم. وەختێ ئەم مەڵبەندە بێتاقەتكەرو وەڕزی بەخشە دەبڕم باران نم نم سەرو مڕیی بە گەشتە بازنەییەكەی خۆی دەداتەوە و پەرتم دەكاتەوە بۆ تەی پەرتگاو هەڵەمووتی هەزار بە هەزاری بیركردنەوەو گەڕانەوە بۆ ئەوجێ یادانەی هەرگیز بەجێیان نەهێشتووم. دەنگێكی شاراوەو كز، بەڵام بەرجەستە، لەو دیووەوە نەوازشی پەردە تۆزو خۆڵ لێ نیشتووەكانی بیستن دەكات و دوایی بە خۆر و تین رێ دەگرێتەبەرو درەوشەیەكی بێوێنە لە جەستەی رەهەندەییدا وەجووڵە دەخات. لادانی تا سبردنەوەكە لە ئاڕاستەی خۆی، دەنگەكە لە قوژبنێكدا گەمارۆ دەدات و هەناسەكانی هەڵدەوەرێنێت. بە كاوەخۆ بەردەوامی هەنگاوەكان بێ هەوسار دەكات و هەستی ئەوەی كە بە ساقۆیەكی درێژی سەر ئەژنۆ كەوتوو پۆشراوبم دەمتەنێتەوە، نەختێك خۆم قیت رادەگرم و لەگەڵ فلیقانەوەو فلّتە فلّت كردنی قوڕاوەكەدا یادێكی رووت و رەجاڵ دێتە وێزەم. بزەیەكی تەڵخ خۆی هەڵدەداتە سەر رووخساری پۆرترێتە كۆنەكەم و شانێك ، بە بێ ویست ، هەڵدەتەكێنم، لەم ساتە وەختەدا پڕ بە دەروون دەمەوێت پشتگوێی بخەم، كەچی سەرشەقانە پێدادەگرێت و دنەم دەداتەوە، ((تەواوت كرد؟...تەواو...تەواو...تە...وا...و؟)). ئاگام لەبەر پێم نامێنێت و شڵپە لە چاڵاوێك دەهێنم، پانتۆڵەكەم كۆمەڵێ پریشك و فیچقەی لیتاوەكەی ئاشنا دەبێت، لە ناوەوە دادەبڕێم. پەستی و تووڕەییەكی بێچوون دامدەگرێتەوە. دەگەمە بن دیواری جادە سەرەكییەكەی ((سەیدە زەینەب))، كە دەكەومە پاڵ ئەم دیوارەی كە هەر بە پەرژینی گۆڕستان دەچێت، ئەو بیركردنەوەیە دووپاتە دەكەمەوە، ((بە زوبانی خواوەندەكان دەدوێن، ئاخاوتن لەگەڵ ئەو نازدارانەی چاوەڕوانی پاس دەكەن گونجاوو تەبایە..!)) بەڵام پاشان كە ئەو بێ هۆ و بیانوو خۆی لێ گیڤ و مۆن كردمەوە و بەچاوێكی تووڕەوە كە دەمزانی ژاوەی تاسەو ئارەزوو یشە دایگرتمەوەو پێی گووتم:(هەی بێ...))، ئێدی ئەو تێكوەر بوونە میزاجی شێواندووم. ئەو ئانو ساتەی كە راوەستابووم وەكو ئێستاكە ئاسمان زەوی خەنی دەكرد، هات لە دەستە راستمدا وەستاو بەبێ قەرارییەكی رمۆكەوە بەسەرمدا هەندێك نیگای شاباش كرد. كە بێ باك رووم لێ وەرگێڕا.كەوتە بۆڵە و واتەوات دەرپەڕاندن و پیشاندانی سوختییەك كە هەتا ئەو چركە ساتە پێی نا شوناس بووم. دەنگی ئابڵووقەی

نیگاکانی دام و روانیم خەریکی لچ و لێو هەڵقورنجاندنەو بە چاو و برۆ تێکەڵکردنێکی تینووی تۆڵەوە بەرپەرچی دامەوە، گومانم لە روودانی شتێك کرد، زۆر خواسایی و نۆرمەڵ بە بێئەوەی لێی بێمە پێشەوە ووتم:((چی شایانی تووڕەییتە؟)). ئێتر خۆ تەیارکردن و هەڵچوونێکی زەقی پێوە دەرکەوت،بە بێ چاوەنۆڕیی راوشکاری بیانگەیەکی کرد و ئامادە بوو کە بە هەرچییەك بکەومە گۆ بەرەنگاریم بکاتەوە و مەنگیی میزاجە ئاساییەکەم تێکوەر بدات. ئێدی هەر چوەڕێم و قەقنەسی نوشووستییەکانیش هەویای بێ نووزەم بۆ پەروەردە دەکەن. شتێکم نیازە زۆرجار درکی پێناکەم! هەویایە، باوەڕناکەم..خەونە، نازانم!لێی دەگەڕێم با سۆزە تیژو راشکاوەکەم سەرپشکی بێت. تا پتر بەنیو قوڕوچڵپاوەکەدا تێدەگوزەرێم، پتر هەستی گەورەبوون دامدەگرێت. رەشاییەکان خۆیان دەدەنە دەست کارێگەرێتی گەورەبوون، ئێسك رەنگەکان زافەرانیی هەڵدەگەڕێن، دیدە سایلی کانیاوێکی چۆڕبڕاو لە سۆمایی جیادەبێتەوەو بەرەو کزی دەڕوات و نیازێتی بکوژێتەوە. گێزەری هەرزانی ئۆمێدیش ووزەیەکی کەم تین بە رووتاکییەکەم دەدات. رۆژێك هەست دەکەم ئەو جحێڵە سەرەڕۆیە نیم کە دڵم بە سەرانسەری دنیا خەنییەو مگێزم هەموو کونج و کەلەبەرێکی زیندەگی ژاوە دەکات، بەڵکو هەر تەنها دڵتەڕێکی کەنفت و زۆرهانم. بەڵێ ئەوە نیم، نەخێر، بە نێو تەمەندا کەوتوویەکی دا هێزراووکە لەلام، گوڵە گەنمی بەر ساڵە کوللەییە بێ ئەمەك و ئامانەکانی کرۆژتنم، لە شتێك نزیك دەبمەوە، رادەچڵەکێم، هەڵ دێرێکەو روو بە رووی چاوەڕواننەکراوەکانم دەکاتەوە. مەندی پرسیارێك دەورووژێنم،((چۆن ئەو راگوزەرە رژد و بێبەزەییەم نەی کردووەو سەقامگیری ئەم هەنووکە ناشرینەم؟))تۆ بڵێی لە هەدای چاوترووکانێکدا سەرجەم ئەو گۆڕانە نابەجێیەم وەسەر هاتبێ.ئەو ساڵە قورسانەم بەسەردا نوغرۆبوونەو چراووگوکانی هەستم روو لە خامۆشبوونەوە و هەرەس هێنانن. شتێك کە لە پێکهاتە ناوەکییەکەمدا مابێتەوە ئەو هەستە سەمەرو بێگانەیەی دەست بەربوونمە لە نەخشەی سات و رۆژەکان. دەزانم ساتەکانی رابردوو لە ژێر قەڵەمڕەوو زەبرو زەنگمدا خۆیان راپسکاندووە و ساتە ناکاوەکانی ئایندەش هەر بە هەمان دەرد دەچن. پەردەیەکی خەمۆکییانەی چڵکن بەسەرچاوە کزۆڵە کردووەکانمدا دێت و قورمی چەوری بێئومێدیی خەندەی





بە قوڕو باران و چەتر و وێستگای هەمیشەیی چاوەڕوانیدا دێت. دوێنێ زەلامێکی سەرو سیما غەوارە لێی پرسیم: (( خەریکی کوێییت؟ )). منیش بە سستی و کەمتەرخەمییەکی ئالوودەی دڕدۆنگیی و شپرزەییەوە رووم تێکرد و ووتم: (( خەڵکی ئەو دیوو... ))، هەموو شتێکی ئێمە لەو دیووە، تەنانەت ژیانیش هەر لەو دیووە. کە پەڕەوازە بووم بە هاو هەناسەکانیش لە شێرازەی نائاسایی خۆیاندا سەرگەردان بوون. لەوساوە مەرگ راستییەکی قەڵاندۆشکانەو لە ژیان بەرجەستە تر هەڵمگرتووە، ئاخۆ کەینێ زاڵ دەبێت و هەنگاوە چەمووشەکان دەگلێنێ ؟ بەسەر سامییەکەوە کابرای نامۆکە دوور بوو لەوەی حاڵی بێت گووتی: ((ئەو دیوو کوێیە؟ )). بە ئەبڵەقییەکی شەیداوە کەوتە روانین و وێدەچوو گوێچکەکانی وەکو کونە کەپووی ئاوەڵابووبنەوە، خۆی لە متەق کردن بێبەری کرد بوو، بە هۆی ناودێرکردنییەوە هێندە تووشی شەرمەزاریی و نەنگیی ببووم، چەندە تێکۆشام نەمتوانی بیدرکێنم و نەهاتە سەر روو، دفنم وەکو هەناسەی دووکەڵکێش هیس لێوەی وەدەردەهات و پەستییەك لە ناوەوەدا تەقییەوە،(( عۆزەخ.. دێزەخ.. دۆزاخ.. دۆزەق..)). دەستبەجێ و لە پرێکیشا لە ناخمدا پەرچە کردارێك شریخەی ((بە...هە...شششششت......))لێوەی هەستا و هەناسەکانی بەرەو هەمیشە جەڕاند و کابرای ناشوناس هێندەی دی بە پاسڤەکە لە داکاسانەوە گەوزا، پریاسکەی بوونم لێی بوو بە نوشتەی نەکراوە و تەلیسمی لەشکان نەهاتوو. ناچار بە روویەکی ترش و سیخناخ لە نادیاری ووتی: ((چکارەی؟ )) سەرم هێناو سەرم برد، نەمزانی، چی بڵێم؟((هیچ))یکم دایە بەر ژنەفتنی، بەڵام ئایا بەوە قایل بوو؟ بێگومان نەخێر، چونکە زەقیی ئەبڵەقییەکەی هێندەی تر لە تەقینەوە نزیك کەوتەوە، بە دەمە بۆڵەیەك تەقینەوەکەم پووچ کردەوەو ووتم: ((شششاعیییر.........م!)) پیتەکەی دواییم زۆر بە زەحمەت بەرهەڵدا کرد و کە ووشەکەی دووبارە کردەوە رووم وەرگێڕابوو، هەستم کرد سەدای قەشمەری کردن دەبیستم و ئەنجام سەدای قاقایەك ناواخنی وونجڕ وونجڕ کردم. دەنگەکەی تر لە نێوەندی پێکەنینە راستەقینە پێوارەکەدا سەری وەکو شەقشەقە پێ لەقاندم.((بەڵێ! بەڵام کاتی داوا نا..هەرگیز)) وام بە خۆم ووت. ئەویش بە سەراسیمەییەکەوە دوو پەیڤی خستە نێو نارنجۆکێکەوەو بۆی هەڵدام،(( شیعری چی دەنووسیت؟)). ئەو پرسیارە زۆر قەبەو

تاقەتپرووکێنە شەرمێکی چەتوونی کرد بە داڵدەم و ئەڵهایەکی تا بڵێی قووڵ دایگرتم. خەیاڵم دکتاتۆرێکی رەهابوو، ئەوی لە دەورو بەرم قەلاچۆ کرد و چەشنی نووسراوێکی تەباشیریی رەواندییەوە. لە گشت شتێك رووتی کردمەوەو هێواش هێواش کۆمەڵە سەرهاتێك بوونە ئەنگوست و خەریکبوون بە چاوی بیرکردنەوەمدا رۆدەچوون. دوو پاتەو چەند پاتە پرسیارەکەم بە چاوی خۆمدا دەدایەوە، دەموویست وەرامی بدەمەوە. ئەو هەموو سەرگەشتەیی و پەرتەوازەیی و بێنەوایی و بێدەرەنانیی نەحەوانەوەو کەساسییە..ئەو هەڵترۆیینە لەسەر مۆدێلەی ئەوڕۆ..ئەو هەناسە بڕینە، بێهەنگاوییە، بێ گۆ کردنییە، ئەو پەنجەو قامکە بێ نینۆکانە، ئەو زگە لە بارچوێنراوانە، ئەو خوێنە هەمیشەییەی لەبەر دارستانی برینە کۆن و تازەکان دەڕوات و لەناو نەخشەی جەستەکاندا رێگای مەیین دەگرێت... ئەو، ئەوە تەواو نەبووانەی هەنووکە بەرەو کوێ ئاقاریان گرتووە؟ سەری خۆم وەردەگێڕم،بەڵکو لەبیری بچێتەوە..هاوکات هێشووەووڵەی چەردەیەك شتی تر لە ناخمدا دەکەونە ئافریدەبوون، سەرزەنشتیی لەم دونیایەدا دەبێتە تاقە حزوورێك و پتر هانم دەدات، نەفرەت لە ئافەریدەکار، نەفرەت لە ئافریدەکراو، لە گەندەڵە چاپلۆس و ناپاکەکان. ئەو دونیایەی دڕی بە ئەندێشەم داوە تەنگەتاوم دەکات، کە دیسانەوە پشتم بەر دیوارەکە دەکەوێتەوە، وەکو ئەوەی دەریایەك بم، نانا، نەخێر وەکو ئەوەی قولاپێك بم، ماسییەکان، یادەوەرییە زیندەکان لێم دەتەکێنەوە، ئاپۆرەو کێشمە کێشی چوونە نێو پاس و شەیۆلی ناهەمواری پاڵەپەستۆو تەنگ پێهەڵچنین تەزوویەکی نەوسن و چڵێس بە سەراپامدا دەگێڕێت. هەمیشە وەکو شەرمەندییەکەی جارانم چاوەنۆڕ دەبم هەتا بەر دەرگاکەی چۆڵ بێت و ئەوسا بچمە سەری، ڕەوتی بەتین و تاوی خەڵك هەر نابڕێتەوە، دوای سەرکەوتن پڕاو پڕ دەبێت، گڕە گڕی ئاژۆتن بڵند دەبێتەوەو لە کەڵکەڵەمدا لەزەتێك دەخاتە گەڕ و ئەو کاتە درك بە جێمانی خۆم دەکەم. چاوەنۆڕییەکی تر دەکێشم، دیسانەوە بیرۆکەکان هورووژ مم بۆ دەهێننەوە. ئەمجارەیان بە سەختگیرییەکی بێڕادەوە بیر لە نووسین، لە شیعر دەکەمەوە، لەبارەی سەعاتێکەوە کە ترپە و خورپە هەستیارەکانی دڵ سەرژمێریی بکات، لەبارەی رووبارێکەوە، چون ئەو خوێنەی جەستەی رێوەڵە و رەنجووری قەلەندەران، کە قوڵپەو فوارە





بە برینی بەردەوام ئاڵ و پشکوتووی ئەودیوو دەدەن و لێوە مردووە ووشك هەڵگەڕاوەکان تەڕو بڕو زیندوو دەکەنەوە، دەمەوێ لە مەڕ دووگیانەوە بنووسم، کە تاقە شەقڵ و بارستاییەکیان پێکهێناوەو هێشتا پشووی زیندوویّتی هەڵدەکێشن، گەڕانی پرسیارەکان وەکو جاران بە نایابیی بەرجەستە دەبن، تەمەنی تولآزیی خۆ بە سەر دەبەم ، زوو، زووتر پیرو زورهان دەبم، شەکەت شەکەت بە پەراوێزی کاتدا رۆیشتوو لە شتێك نزیك دەبمەوە، زۆر لە ژیان ساناترو بێ ئەستەم ترە. لێی حاڵی دەبم، دەزانم چییە ! خۆزگە دەخوازم، کەلەبەر چی تاقە جارێك جێگاکەم بە خۆم نەبەخشی؟ بۆ تەنها جارێك خۆمم لە نێو پاسەکەدا نەگرت؟ ئێدی کات مەودا نادات، بۆ سواربوون دیسان دێمە پێشەوە، نزیکتر دەکەومەوە، دووبارە روواو رووی ئێست...گاو شۆستەو دیوارە کورتەکان و نەگەیشتنی خۆم دەبمەوە.

کانوونی دووەم ١٩٨٨ (دیمەشق)



موعتەسەم سالەیی

# قومری

جاری ئەوتۆ هەیە کە ڕووداوێکی هاکەزایی وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیاندا پێکدەهێنێت. بگرە گەر بێتو ئەو ڕووداوە بدەیتە بەر مەحەك بێگومان زۆر بێ نرخە و بێ بایی خۆی دەنوێنێت. بەڵام لە هەمان کاتدا وەها ڕێکدەکەوێت کە شۆڕشێکی بەرفراوان لە هزر و بیردا بەرپا دەکات، بەڕادەیەك بە درێژایی ژیان لە دڵ و دەرووندا ناسڕێتەوە و هەردەم بە زیندوێتی دەمێنێتەوە. ئەوەی بەسەر من هاتو لەو ساتەوەختانەدا روویدا، بەلامەوە پێشهاتێکی گەلێك گەورە و گران بوو. بگرە وەکو کارەساتێکی بێ ئامان ڕووبەڕووم بووەوە بەو رادەیەی کاریگەرییەکی تەواوی هەبوو بەسەر مێشك و هزر و بیرمدا. ئەو ڕووداوە ژیانی ئاڵۆز کردم و لە ناخەوە هەژاندمی. بەدرێژایی کات و وەختێك پەشیمانیم حاسڵ کرد و تەنانەت حەزم بەمردنی خۆم دەکرد، خوازیاری ئەوەبووم زەویی ژێر پێم شەق بێت و رۆ بچم بەناخی زەویدا، ئەوسایش لە تەمەنی هەرزەکاریدا بووم و بیرو هۆشم هەر ئەوەندەیش بڕی دەکرد. کەسێکی بێ ئەزموون کە لە کۆمەڵگایەکی داخراوی





ڕۆژهەڵاتیدا بژێت، بێ سێ و دوو شتێکی ئاساییە گەر بەو حاڵەتەدا تێپەڕێت و لە پاشانیشدا بەو جۆرە بیر بکاتەوە. بەلامەوە رووداوەکە شتێکی کەم نەبوو، بەڵکو سەرجەمی مەسەلەکە پەیوەندیی بەشەرەفەوە هەبوو، لەبەر خۆمەوە هەر دەمڕشت و دەمپێوا و سەرزەنشتی خۆمم دەکرد و دەموت بۆچی بەو کارە ناهەموارە هەڵسام و بۆچی بەتەواوەتی ئاگاداری رەفتاری خۆم نەبووم، بەو شێوەیەش ئەو شتەم لەدەست قەوما. بێگومان گەر هەر پێشهاتێکی درێو و ناشیاو ڕووبدات ئیتر لەتوانادا نییە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە. با ئیتر هەر لەدڵی خۆمەوە بڵێم خۆزگە وەها بووایە و بریا بەو شێوازەیش نەبووایە. بێگومان پەشیمانی داد نادات و شتێکیش لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، بەکورتیەکەی بەتەواوەتی ژیانم لێ تاڵ ببوو، هەر چەندێکیش لە ئاوێنەوە تەماشای خۆم بکردایە، ئەوا وەکو مۆتەکە و عیفریتێك خۆمم دەهاتە پێش چاو، بەردەوام لە ناخەوە ئازارم دەچەشت و پیشم دەخواردەوە، لە ڕووشم نەدەهات و زاتی ئەوەشم نەدەکرد کە ئەو نهێنییە بۆ کەسێك بدرکێنم. یاخود پەردە لەسەر سەرجەم کارەساتەکە هەڵبماڵم. رەنگ و رووم زەرد هەڵگەڕابوو بەباشی قسەم بۆ نەدەکرا و زمانم تەتەڵەی دەکرد. خوا بەوە ڕەحمی کردبوو کە داپیرەم لەژیاندا نەبوو، دەمووت گەر ئەو پیرەژنە دنیا دیتەیە لە ژیاندا بووایە و دەرهەق بەو شتەی کە پێی هەڵسابووم ئاگادار بووایە ئەوا بەتوندی سەرزەنشتمی دەکرد. داپیرەم هەردەم ئامۆژگاریی بەسەرماندا دادەباراند و بێ وچان ئاگاداری دەکردینەوە کە پێویستە زۆر وریای رەفتارو هەڵسوکەوتی خۆمان بین، بەتایبەتی زۆر لەسەر مەسەلەی شەرەف هەڵوەستەی دەکرد. بێوچان جەختی لەسەر کێشەی شەرەف دەکردەوە و پێی رادەگەیاندین کە نەخەڵەتێیت شەرەف و ناموسی خەڵکی بڕوشێنینەوە چونکە ناموس شتێکی گرانە و گاڵتەی منالان نییە. ئاگاداری دەکردینەوە کە پێویستە وەکو خوشکی خۆمان بڕوانینە کچی خەڵکی. چۆنیش پارێزگاری لە شەرەف و ناموسی خۆمان دەکەین، دەبێت بە هەمان شێوەش پارێزگاری لە شەرەف و ناموسی خەڵکیش بکەین. بەڵام ئایا گەر داپیرەم لە ژیاندا بووایە و ئەو مەسەلەیەی منی بکەوتایەتە بەر گوێ، دەبوو ئەوسا چۆن بیڕوانیایەتە من و چ هەڵوێستێکی دەرهەق بەمن بنوواندایە..! بەردەوام دوعاو نزام دەکرد کە قومری ئەو نهێنییە بپارێزێت و



لە دڵی خۆیدا بیهێڵێتەوە و لەلای هیچ کەسێك نەیدرکێنێت. ئەوسا من لە تەمەنی هەرزەکاریدا بووم و قومریش وەکو کچێکی تازە هەڵچووی عازەب دوو یاخود سێ ساڵێك لە من گەورەتر بوو. قەدو قامەتێکی باریکی پێوە بوو، قژە رەشە خاوەکەیشی بەنەرمی بەرەو شان و ملی باریك و لاوازی شۆڕ ببووەوە. هەرچەند تەماشای چاوە رەش و گەشەکەیم بکردایە زۆر سیحراوی دەهاتنە پێش چاوم، بەپەلە رووی خۆم وەردەچەرخاند نەبادا وەها بیربکاتەوە کە بەنیازێکی خراپەوە تێی دەڕانم. لەناخەوە لەشەڕ و پێکدادانێکی بەردەوام بووم لەگەڵ خۆمدا. حەزو ئارەزووم پەلکێشی دەکردم بۆلای نیگا گەشەکانی و هێزێکی نادیاریش رایدەکێشام، برەو پاش تەکانی پێدەدام، بەڵام وەهام هەست دەکرد کە قومریش بەهەمان حاڵەتدا رەتبێت. هەندێك جار وەهام هەست دەکرد کە نیگای چاوی ئاراستەم دەکات و بەتوندی چاوم تێدەبڕێت. هەمیشە لە کێشمانە کێشدا بووم و هەموو هەوڵ و





تەقەللام دەخستە گەڕ، تاوەکو ئەو جۆرە بیرکردنەوانە لە مێشکی خۆمدا دوور بخەمەوە نەبادا زەللە بکەم. گەرچی ماڵی قومری خزمی خۆمان بوون بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو کە لە شاری بەغدا گیرسابوونەوە. باوکی قومری لەو شارەدا کەبابخانەی هەبوو. ساڵی جارێك لە وەرزی هاویندا سەردانیان دەکردین و دەبوون بە میوانی ئێمە لە شاری کەرکووك. ئێمەش لە دەوریان کۆدەبووینەوە و ئەوانیش دەکەوتنە باسکردنی ژیان و گوزەران لە پایتەختدا. هەر کە وەسفی شاری بەغدایان بۆ بکردینایە، هەموو هەناسەمان لەخۆمان دەبڕی و بەپەرۆشەوە گوێبیستی قسەکانیان دەبووین، من سەردانی شاری بەغدام نەکردبوو، بۆیە باسکردنی ئەو شارە بەلامەوە چێژو تامێکی تایبەتیی خۆی هەبوو، ئاواتەخواز بووم کە رۆژێك لە رۆژان بۆم بلوێت خۆم بگەیەنمە شاری بەغدا و بە کۆڵان و بازاڕەکانیدا هاموشۆ بکەم. دایك و باوکی قومریش هانی ماڵی ئێمەیان دەدا. کە سەردانیان بکەین. بێوچان بە خۆمم دەوت ئەوان ئێمەیان بەخزمی خۆیان زانی و هەر بەو نییەتە سافییەشەوە هاتن بۆ ماڵی ئێمە، ئەی گوایە نەدەبوو من رەچاوی ئەو خزمایەتییەم بکردایە و بەو کارە ناهەموارە هەڵنەستابمایە، بەڵام بڵێم چی تازە شتەکە ڕوویدا و پەشیمانیش هیچ سوودێکی نییە و دادم نادات، جگە لە خۆخواردنەوەی ناخی خۆم بەولاوە نەبێت.

رووداوەکەش بەو شێوەیە بوو کە ئەو سەرلەبەیانییە پاش قاوەڵتی، قومری بەدەنگە ناسکەکەی بانگی کردم، تاوەکو لەنێو حەوشە چەمەنتۆرێژەکەماندا بکەوینە یاریی و تۆپ بۆ یەکتری هەڵدەین و بیگرینەوە. خوشکە بچووکەکەی ئەو و برا بچووکەکەی منیش بەشدارییان لەو یارییە دەکرد. زۆری پێنەچوو ئەوان رۆیشتن و بەس بەتەنیا من و قومری ماینەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر دەستمان کرد بە تۆپ هاویشتن بۆ ئاسمان و گرتنەوەی. بە جۆرێکی ئەوتۆ تێکەڵی یاریکردن ببووم کە ئاگام لە دەورووبەری خۆم بڕابوو. هەموو لەشم بە ئارەقە تەڕ ببوو. قومریش بەرامبەرم لە هەڵبەز و دابەزدابوو. هەرکە تۆپەکەم بۆ دەهاویشت، ئەویش بە هەردوو دەستی بۆمی دەهاویشتەوە. لەگەڵ جووڵەی لەش و لاریدا قژە رەش و خاوەکەی دەهات و دەچوو مەمکە قنجەکەیشی لەژێر کراسەکەیەوە دەلەرییەوە. لە بەدبەختی و چارەڕەشیمدا پێشهاتە ناشیاوە ناهەموارەکە لەپڕ ڕوویدا، تۆپەکەی هاویشت بۆ ژوور سەری و بە حەوادا بەرز بووەوە. منیش بەرەو

پێشەوە چـووم بـەو مەبەسـتەی تۆپەکـە بگرمـەوە یـاخود بـۆتی بهاوێـژم. ئـا لێـرەدا کارەساتەکە روویدا و تووشـی میحنەتەکـەی کردم.. هەردوو دەستم هاویشت و یەکسەر دەسـتی راسـتەم لەسـەر گـۆی مـەمکی وردیلـەی قـومری گیرسـایەوە. هـەر پێـنج پەنجەم گەمارۆی مەمکی خڕو نەرمیدا گۆی مەمکیـشی لـەنێو لەپمـدا گـیر بـوو. هـەر ئەوەنـدەم بـۆ کـرا بـە شـپرزەییەوە بـەرەو پـاش بکێشمە دواوە. لـە شـەرمانا رەنـگ و رووخسارم سـوور هەڵگـەڕاو بەکەساسـیەکی زۆرەوە ملم لار کردەوە. بەپەلە پاشەکشەم لێکـرد و شـەرمەزارییەکی زۆر دایگـرتم. خۆشبەختانە کـەس ئـەو دیمەنـەی بەرچاو نەکەوت دەمویست داوای لێبوردن لە قومری بکەم وتەوازە بخوازم. یاخود پێـی بڵـێم کـە بە رێکەوت ئەو حاڵەتە روویداو هیچ نیازێکی خراپیشم لەو رەفتارە نـەبووە. بـەڵام زمانم وەکـو کۆتـەرە داری لێهـاتبوو هـەرگیز نەمدەتوانی بێمە گۆ..

سـەر لـە ئێـوارە نـانی شـێوانمان خـوارد و بـەردەوام لـە جێگـەی خۆمـەوە تەماشـای ئەملاو ئـەولای خـۆم دەکـرد. دەمویست لە روخسارياندا بخوێنمەوە ئایا پێمیـان زانیـوە کە من بەو کارە هەڵساوم یا نا. نانم بەباشی بۆ نەدەخوراو لە دڵی خۆمەوە دەموت داخۆ دەشـێ قـومری ئـەو بـاس و خـواس و بەسەرهاتەی بۆ کەسێك نەگێڕابێتـەوە... بە خۆمم دەوت خۆزگە دەستم بشکایە و ئەو شتە روونەدایە. بـە درێژایی شـەویش خەو نەچووە چاوم و بـێ وچان بـیرم لـێ دەکردەوە و خەو لە چاوم زڕابوو.

بۆ رۆژی دوایی قومری ئیشارەتی بۆ کـردم و داوای لێکـردم بـۆ ئـەوەی وەکـو رۆژی پێشوو بکەوینەوە یاریی کردن.

گەرچـی دوودڵ بـووم، بـەڵام لـە ئاکامـدا ناچاربووم بچمە ژێر باری داواکاریەکەیەوە. لەنێو حەوشەدا دوو بەدوو بەرانبەر یەکتری وەسـتاین تـاوەکو تۆپەکـە بـۆ یـەکتری بهـاوین. جورئـەتم دایـە بـەر خـۆم و بەشەرمەوە پێم وت:

– قومری داوای لێبوردنت لێ دەکەم.

ئەویش چاوی تێم بڕی و وەڵامی نەدامەوە. سـەر لـەنوێ بـەدەنگێکی هـەڵبزرکاوەوە کەوتمە قسە و پێم وت:

– سـوێندت بـۆ دەخـۆم کـە نیـازم خـراپ نەبوو.

ئـەویش بـەبێ دەنگـی بەچـاوە رەشـە گەشـەکانیەوە تەماشـای کـردم و وەڵامـی نەدامەوە. حەزم دەکرد بێتە گۆ و یەك دوو قسە لەو بارەیەوە بکـات. جارێکی تـریش هەڵمدایە و وتم:

– شتەکە بە رێکەوت روویدا و تکایە لەلای کـەس باسـی نەکـەیت. خۆشـبەختانە لـە





ئاکامدا هاتە قسە و وتی:

– گوایە چیت کردووە؟

– دوێنێکە دەستم بۆت درێژ کردو بەرێکەوت بەرت کەوت.

پاش تێڕامانێك پرسیاری لێکردم:

– بەری گوێم کەوت؟

منیش ئیشارەتم بـۆ سـینگ و مـەمکی کـردو وتم:

– بەر ئەوێت کەوت.

– ئێرەم کوێیە؟

بە شەرمەوە وتم:

– مەبەستم ئەوەیە کە نەمزانی و دەستم بەر مـەمکت کـەوت.. تکایـە لـەلای کـەس باسـی نەکەیت.

سـەرم هـەڵبڕی و ئـەویش بەتونـدی چـاوی بڕییە نێو چاوم و پێی وتم:

– بەیەك مەرج لەلای کەس باسی ناکەم.

ئەم قسەیەی دڵنەوایی پێ بەخشیم و بەپەلە وتم:

– ئامادەم هـەموو داواکارییەکـەت جێبـەجێ بکەم، بەو شەرتەی ئەو نهێنییـە بپارێزیت و لەلای کەس نەیدرکێنیت.

لـێم هاتـە پێـشەوە و هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشاو وتی:

– دەمەوێت بۆ جارێکی تـریش هـەمان شـتی دوێنێکە دووبارە بکەیتەوە...

سەرم لە قسەکانی سوورما و پرسیم:

– مەبەستت لـەم قـسەیەت دەتـەوێ بڵێـی چی و چیت لێم دەوێت.!؟

بزەیەکی بۆ کردم و بەدەنگێکی نـەویی پـڕ لە میهرەبانییەوە پێی وتم:

– گـەر بـۆ جـارێکی تـریش دەسـتت بخەیتەوە سەر مەمکم..!

# حیکایەتی کوشتنی هیوایەک لە شەوێکدا

مەحموود جومعە
و:سابیر مەلوول پەرێشان

شوێن : ژوورێکی پەرپووت، دوو کورسی و مێزێك لە ناوەڕاستیدایە کە کۆمەڵێ بادەو بوتڵێکی مەی بەسەرەوەیە، کۆمەڵێ تابلۆ لە گۆشەو کەناری ژوورەکەدا بڵاوبووەتەوە. لە بەرانبەر جەماوەریشدا تابلۆیەك هەڵواسراوە کە چوارچێوەکەی لە دار دروست کراوە.

کەسایەتیەکان:

حیکایەتخوان: پیاوێکی باڵامناوەندییە ، سمێڵێکی قنجی هەیە و هەمیشە جلی زمستانی لە بەردایە.

وێنەکێش: باریکەڵەیەکە شەکەتی و ماندوێتی بە سیمایەوە دیارە، شڕپۆش و سیپاڵ لەبەرە، سەرخۆش و خەیاڵ.

بازرگان: کەسێکی وورگ ئەستووری زلەی ، شیکپۆش..جگەرە لە دەمی بەرنابێتەوەو هەمیشە دەم بە پێکەنینە.

سەرشانۆ بە تەواوی چۆڵە، جگە لەم وێنەکێشەی کە راکشاوەو قاچەکانی رووەو جەماوەر لێك بڵاو کردووەتەوەو بوتڵێکی مەی یش لە نێوان لاقەکانیدایە.

حیکایەتخوان رووەو جەماوەر لەسەر سەری راوەستاوە، سەر شانۆ بە تەواوی تاریکە بەڵام رووناکیەکی کز چوەتە سەر شوێنی حیکایەتخوان.

حیکایەتخوان: (بۆ جەماوەر) ئایا ئەم برادەرەم کە لەسەر زەوی راکشاوە لەسەر هەق بوو؟ ئایا پێویست بوو بادەی مردن بە هەردوو دەستی خۆی بچێژێ، دوێنێ لەگەڵم خەندان و رووخۆش بوو، غەمگین و سەیرو نامۆ،مەییمان خواردەوەو نیوەشەو لە کاتی ماڵئاوایی کردندا ووتی: بەیانی کاتێك گزنگ تاریکی شەو رادەماڵێ لە یادت بێ کە پاك و بێگەرد بووم، ئەو کاتە نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، تێنەگەیشتم، ئێستاش ئەوەتانێ وەك قاڵبێکی بەفر لەسەر زەوی درێژبوە. بە جۆرێك کە چیدی ناتوانێ پێمبڵێ مەبەستی لەو قسەی چی بوو. پرسیارێکی سەرگێژکەرو سەیر.(بەرەو بەردەمی شانۆکە دەڕواو رووناکیش لە گەڵیدا دەجووڵێ) ئایا دەیزانی دوا کۆچەو کاتی رۆیشتنە، مەگەر دەکرێ مرۆڤ کاتەکە هەڵبژێرێ، کاتی رۆیشتنی لەم دەنیایە. دەی گوێ مەدەنێ، لێگەرێن چیرۆکی ئەم راکشاوەتان بۆ بگێرینەوە.

وێنەکێشەکە دەردەکەوێ . لە بەرانبەر تابلۆیەکی تاریکی هەڵواسراودا راوەستاوە کە رووەو جەماوەر و کۆمەڵێ هێڵی پێچاو پێچی شەڕەپشیلەی هەڕەمەکی بەسەریەوە دیارە.

وێنەکێشەکە (سەرمەستەو نیگای بڕیوەتە تابلۆکە) خۆشەویستەکەم..هەتا کەی بە دوای تۆدا بگەڕێم، ئاخر رێگا تەماتەینەکەم، رۆژهەڵات گەڕام ، رۆژئاوا گەڕام بەڵام هێشتا نەمتوانیوە بە شوێنەکەت بزانم و بتبینمەوە. ئەوەتانێ لە تاقە ژوورێکدا لە گەڵتدا دەژێم، وەلێ هەست دەکەم نامۆم لە تۆ ، نازانم خەونی یان من شێت و دێوانەم ، شێتێك کە دەڵێ هەیت.(واز لە تابلۆکە دێنێ و ئاوڕ لە جەماوەرەکە دەداتەوە) لەوەتەی ئەم تابلۆیەم کێشاوە هیچی ترم نەکردووە. وەك ئەوەی جیلوەی ئەو بەرکەماڵی یە بێ کە تێدەکۆشام بۆی.ئازارم دەدا بەڵام شەیدای ئەم ئێش و ئازارەو ئەم رەنج و عەزابەم. هەست دەکەم رۆژێك بە دیداری شاد دەبم بەڵام نازانم کەی و لە کوێ؟

(واز لە جەماوەر دێنێ و بەرەو تابلۆکە هەنگاو هەڵدێنێتەوەو بە سرتەیەك دەیدوێنێ کە بە حاڵ دەگاتە تەماشاکەران، لەو کاتەدا حیکایەتخوان لە لای چەپی شانۆوە دێتە ژووری و لەگەڵ جەماوەردا دەدوێ)

حیکایەتخوان: هەمیشە هەر وایە ، بە دانیشتن و خەوتنەوە خۆی دەدوێنێ، زۆربەی جاریش لە بەرانبەر ئەم تابلۆیەدا بوەتە بەرد وەك دەڵێ ئەمە خۆشەویستەکەیەتی و جوانترین ژنی دنیایە ، منیش ئەوە دەزانم بەڵام بایەخ و حەزی خۆم دەشارمەوە. کاتێك باسی



تابلۆکەم بۆ دەکات خۆم وا دەنوێنم کە هیچ شتێکی جیلوەگەری تیادا نابینم

(گوێی لە دەنگی پێ دەبێ کە لە لاکەی تری شانۆکەوە دێ و نزیک دەبێتەوە)

حیکایەتخوان:بێدەنگ بن کەسێك واوە دێ(حیکایەتخوان) لە کوێوە هات لەویوە دەردەچێ، لەو کاتەدا وێنەکێشەکە لە جلێکی کەشخەدا دێتە ژوورەوە،بوتڵێك مەی بە دەستەوەیە و لە نیگارکێشەکە نزیك دەبێتەوە، نیگار کێشەکە هەستی پێناکات چونکە هێشتان لە بەرانبەر تابلۆکەدا چەقیوە.

بازرگانەکە: چییە هەمدێسان لە بەرانبەریدا راوەستاوە!

وێنەکێشەکە: کێیە! ئەها..تۆی

بازرگانەکە (بە پێکەنینەوە) بەڵێ منم با هاوڕێ گیانی بە گیانی یە دڵسۆزەکەت!

نیگارکێشەکە:هەمیشە زوو دێی بۆ داواکردنەوەی قەرزەکانت

بازرگانەکە: گیانەکەم ئەمجارەیان بۆ ئەوە





نەهاتووم

وێنەکێشەکە: ئەی کەواتە بۆچی هاتووی؟

بازرگانەکە: هاتووم لەم شەوەزەنگە سامناکەدا ببمە هاودەم و شەریکی تەنیایەکەت و خەمێك بە بادا بکەین.

(بەرەو مێزەکە هەنگاو دەنێ و شووشە مەیەکەی لەسەر دادەنێو خۆی ساز دەکات بۆ کردنەوەی دەمەوانەکەی)

وێنە کێشەکە : هەر تەنیا بۆ ئەمە هاتووی؟

بازرگانەکە : ئەی نابینی !نابینی مەییم بۆ هێناویت. دڵیشم پڕە لە خۆشەویستییەکی قووڵ بەرانبەرت.ئاخر من ئەو هاوڕێیەتم کە بە ئاسانی لێی قوتار نابی، هەر وا بە ئاسانی دەستت لێهەڵناگرم.

وێنە کێشەکە : باوابێ.(بەرەو تابلۆکە هەنگاو هەڵدێنێ و لە بەرانبەریدا رادەوەستێ) بەڵام تابلۆکەم بۆ نمایش یان فرۆشتن نییە..ئەبێ ئەوە بزانیت..ئەمە تابلۆی منەو بۆ هیچ هۆیەك و هیچ مەبەستێك دەستی لێ هەڵناگرم.

وێنەکێشەکە(دەستی دەخاتە سەرشانی وێنەکێشەکەو لە تابلۆکەی دووری دەخاتەوە)ئێستا با واز لەمە بێنین و وەرە برا وەرە ئابرووی ئەم بوتڵە فت کەین.(بادەکان پڕ دەکات لە مەی) ئەها ئەی ئەمشەو لە چاوی چی بخۆینەوە.

وێنەکێشەکە : وەك هەموو شەوێك لە چاوی تابلۆکە.

بازرگانەکە: بێزار نەبووی ، من نازانم ئەم هەموو بایەخدانە بەم تابلۆیە لە پای چی؟..ئەمیش هەر تەنیا تابلۆیەکە وەك هەموو ئەو تابلۆیانەی ترت.

وێنە کێشەکە : نەخێر وا نییە چونکە لە دوای ئەو وێنەی ترم نەکێشاوەتەوە،هەروەها هەست دەکەم چێتر ناتوانم....

بازرگانەکە: ئەم هەمووە بۆ؟ ئایا ئەم تابلۆیە گەیشتوەتە کەماڵ و تاکی نییە؟ ئایا ئەمە کۆتاییتە؟ تۆ هێشتا لاو و جوانکیلەی، عومرێکی درێژت لە بەردەمدایە، ئەوەندە وێنە بکێشە تا بازاری هونەر داگیر دەکەی....

وێنە کێشەکە : (بە بێ دەربەستیەوە) هەرچی دەڵێی بیڵێ..بەڵام هەرگیز رۆژێك نایە ببێتە تابلۆیەك لە تابلۆکانت.

بازرگانەکە: دەواز بێنە با بە سەلامەتی تابلۆکە نۆش کەین.(بادەیەك پڕ دەکات لە مەی و بە یەکجار فڕی دەکات و پاشان بەرەو لای تابلۆکە هەنگاو دەنێ و بە دڵبەستەگییەکی زۆرەوە تێیدەڕوانێ..بەڵام پێمبڵێ ناوی چییە؟

وێنەکێشەکە : ناوی هیچ سوودێکی نییە، چونکە خۆی هەر هەموو ناوەکانە.

بازرگان : بەڕاستی سەر ئەماسێنێ. با واز

لە ناوەکەی بێنین، لە دیدی تۆ چی ئەنوێنێ، چۆنی دەبینی؟

وێنەکێشەکە : وەك خۆر!

بازرگانەکە: خۆر!

وێنە کێشەکە : بەڵێ خۆر

بازرگانەکە: کەواتە خۆر یانی چی؟

وێنە کێشەکە : رۆشنایی و گەرمی

بازرگانەکە: چی تر؟

وێنە کێشەکە : هەر خۆی بێشکەو گۆرمە، غەم و شادیم..ماڵ و تاراوگەم..خۆی هەموو شتێکە .

بازرگانەکە: ئاوا..بەم رادەیە..نازانم بیر لە چی دەکەیتەوە، وەڵێ خێری لێ نابینی.

وێنە کێشەکە : بەلامەوە گرنگ نییە

بازرگانەکە: بەلام دەزانی قەرزاری منی . منیش هەموو داواکاریەکانی تۆم فەراهەم نەکردووە، تا تابلۆکە بکێشی و بێی بە درێژایی تەمەنت بە دیاریەوە راوەستی.

وێنە کێشەکە : مەبەستت چییە؟

بازرگانەکە: مەبەستم ئەوەیە من هەموو کەرەستەکانت بۆ دێنم، من هەموو داخوازیەکانت فەراهەم دەکەم و باشترین جۆری مەی دەکەم بە گەرووتدا

وێنە کێشەکە : (بەرپەرچی دەداتەوە) منیش پسوولەت دەدەمێ و قەرزەکانت بۆ پڕ دەکەمەوە

بازرگان : بەڵێ وایە ..تۆ قەرزاری منی لەبەر هەندێ دەبێ وێنەو تابلۆم بۆ بکێشی، ئەوەندە خۆت بەم نیگارەوە خەریك مەکە، ئاخر تەنیا تابلۆیەکەو هیچی تر. هەر کاتێ بمەوێ سەربارێ‌نارەزاییت دەتوانم دەستی بەسەردا بگرم، بەلام نەختێك لەسەرت دەووەستم.

وێنە کێشەکە : ئەی ئەگەر نەیکەم

بازرگانەکە: ئەگەر نەیکەی ئەوە ناچارم بە بێ هیچ غەمێك بێ ئەوەی مێشێك میوانم بێ قەرزنامەکانت بدەم بە دادگا

وێنەکێشەکە: هەرەشەو گورەشە مەکە چونکە خۆت دەزانیت من پارەو پوولم نییە و ئەسپێ لە گیرفانمدا سەوزەڵێ و خانم دەچرێ ئەگەریش زیندان بکرێم ئەوا لەدوای من کەسێکت دەست ناکەوێ ئاوا بەهەرزانترین نرخ و هەروا بە بەلاش بتداتێ..

بازرگانەکە: ئەوە راستە کە نەداری بەلام شتێکت هەیە بەدڵی منە و دەمەوێت (زەق زەق لە تابلۆکە دەنۆڕێ)

وێنەکێشەکە: (قۆڵی رادەکێشێ) هەزاران جار پێم وتوویت کە ئەم تابلۆیە بۆ نمایش و فرۆشتن نییە

بازرگانەکە: ئەی ئەگەر لە جیاتی قەرزەکانت بجیتە ناو لیستی شتە دەست بەسەردا گیراوەکان.

وێنەکێشەکە: لە هەموو قەرزەکانت





بەنرخترە !

بازرگانەکە: ئەمە پەیوەندی نە بە منەوە هەیە و نەیش بە تۆوە بەڵکو پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە کە شتەکان هەڵدەسەنگێنێ و دەیانخەمڵێنێ بەڵێ گیانەکەم پەیوەستە بە خەملچیەوەکە بۆ ئەو مەبەستە دیاری کراوە.

وێنەکێشەکە: خەملچی نازانێت بەهای چەندە..

بازرگان: منیش دەمەوێ کە نەزانێت!!

وێنەکێش:کەواتا هەی بەراز هەرەشەم لێ دەکەیت.

(بەرەو لای تابلۆکە دەرواو بە شێوەیەك دەستی دەخاتە سەر چوارچێوەکەی وەك ئەوەی بەسەریەوە لەخاچ درابێ، لەکاتێکدا بازرگانەکە قاقا پێدەکەنێ و روو لە جەماوەر دەکا)

بازرگانەکە:ئەو دەزانێ رۆژێك دێ دەبمە خاوەنی تابلۆکە. من دەزانم چی نرخێکی هەیە بۆی.بەلام ئێوە خۆتان سەرپشك بن و دادوەری بکەن تابلۆ چی دەگەیەنێ. هێڵە گێرو کەوا لە پەرش و بلاو و بەراکەندەکانی سەری؟ یان قوماشە نایاب و کیز و کولێنکەکان و ئامرازەکان وێنەو رەنگەکان؟ هەر هەمووی ئەمانەیش من خاوەنیانم. هەموو شتێکیش گەواهی و شایەتی لەسەر ئەوە دەدات: پسوولەی پارەی کردراوەکان و پسوولەی قەرزەکانی سەر ئەم وێنەکێشە کە بەدەستی خۆی پری کردوونەتەوە... بەلام هەر کاتی ئەوەی بۆ روون دەکەمەوە هاوار دەکات...نکۆڵی ناکەم زۆر هەوڵمدا بگەمە وێنەکێشەکە. ئەم حیکایەت خوانە زۆر بێژە خەرجکێشی پشوویەتیی... بەلام من زۆر لەو زۆرزانترم. من دەزانم چۆن چۆن ئاوازی دڵ پەسەندی ئەم وێنەکێشە بژەنم و خۆی منی هەڵبژارد و ئوبالی هەڵبژاردنەکەش بەئەستۆی خۆی (پێدەکەنێ)وا مەزانن دڵم رەقە بەلام هەقی خۆم دەوێتەوە ئەی خۆتان نالێن ئەوەی پێدەکەنێ لەحەق بکات شەیتانێکی لالە لەبەر هەندێ دەبێ خۆتان دادوەری بکەن(بە هێمنی پێکەکەی بۆ دەمی دەبات).

وێنەکێشەکە: (بە تووڕەیی ئاوڕ لە وێنەکێشەکە دەداتەوە) . ئەی بەرازی چەپەڵ مەگەر بمکوژی و بەسەر لاشەکەمدا بڕۆی، ئەگینا ناتوانی تابلۆکە بەدەست بێنی و لێمی بسەنی.

بازرگانەکە: (بە هێمنی) ئازیزەکەم کوشتنت ئاسانە، بەلام من کەس ناکوژم. ئەگەریش ئەمەم بوێ دەیخەمە بازارەوە.(ئاماژە بۆ بینەران دەکات) ئەمانیش لە ژوورەکەدان و..رێگەی پێ نادەن!

وێنە کێشەکە : (بەرانبەر تابلۆکە

راوەستاوەو قسە لەگەڵ حیکایەتخوانەکە دەکات)ئایا دەزانیت ئەم تابلۆیە تەمەنی منە ، هەموو ژیانمە بە گشتی زات و خودم تیایدا دەژی، خودای تێدایە..چاوی یەزدانی تێدا بێدارە. (لە تابلۆکە دوور دەکەوێتەوە) پێشتر وێنەی رووخساری ژنێکم نەکێشاوەلەم رووخسارە بچێت . شێت و شەیداییم تێیدا ، هەست بە هەموو فەروگشت خێرو بەرەکەتێك دەکەم، گۆرانی ئای ئای و خاوکەری لادێکانی تێدا دەبیستم، هەستیش بەو جەنجاڵی و زایەڵەیە دەکەم کە لە ناو گلێنەی چاوەکانیایەتی.

حیکایەتخوان: بمبەخشە من هیچی تێدا نابینم

وێنە کێشەکە: گەمژە مەبە ، هێڵەکان و رەنگەکانی تابلۆکە نەتبا بەڵکو تەماشای ئەودیوی ڤیگەرەکانی بکە یانی رۆژێك لە خەو هەستی و چاو هەڵبێنی و هەست بکەی کە هیوا لە ناو پەنجەی نائومێدیتەوە دادەڕژێ و هەست بکەی کە ئاواتێکت هەیە بۆی دەژیت.

حیکایەتخوانەکە: ئایا ئەم تابلۆیە دەبێتە هیوایەك؟

وێنە کێشەکە: سوودی نییە کەس لێم تێناگات.هەرچۆنێك بێ پرسیاریان لێ بکە بەڵام ئێستا نا(ئاماژە بۆ بینەران دەکات) با بخوێنەوە.(وێنەکێشەکە بادەکان پڕ دەکات و ئەوجار نیگای بۆ لای تابلۆکە دەگوازێتەوە، لە کاتێکدا پشتی کردووەتە بینەران، حیکایەتخوانەکە لە تەنیشتیەوە رادەوەستێ)

وێنە کێشەکە: ئایا دەزانی ئەم تابلۆیە یانی خۆشەویستی!

حیکایەتخوان:خۆشەویستی؟

وێنەکێشەکە: بەڵێ، تۆ خۆت دەزانی من بە هەتیوی هاتمە دونیاوە، بەڵام لەم تابلۆیەدا هەست دەکەم زۆرجاران لەدایك بووم.تێیدا هەست بە میهرەبانی دایك دەکەم، هەست دەکەم کە دەستەکانی خودا نەوازشم دەکەن و گوناهەکانم دادەماڵن..هەروەها تێیدا هەژاری و نەزانی و ستەمم کوشت.بە گژی خراپەدا چووم و لەگەڵ بەدکاریدا جەنگاوم و فێربووم چۆن یەزدانم خۆشبوێ، چۆن خەڵکیم خۆش بوێ.

حیکایەتخوان: چی هەستێکە (دەیەوێت بڕوات) وای خودایە وا دەبێتە بەیانی و رۆژ دەبێتەوە..رێگەم بدە بڕۆم

وێنە کێشەکە: هەمیشە وایە قسەم وەرناگرێ(حیکایەتخوان دەیەوێ قسەکەی پێببڕێ)لۆمەت ناکەم

حیکایەتخوانەکە: نا..بەڵام دەزانی چەند بەرپرسێتیم هەیە و سەرم قاڵە و دەبێ ئەو پایەیەی لە بازاڕدا ماومە بیپارێزم! لەبەر ئەوە گەرچی پێمخۆشە بەڵام وەختم نییە لە گەڵتدا دانیشم.





وێنەکێشەکە: با وابێ خوات لەگەڵ(حیکایەتخوان دەڕواو وێنە کێشەکە دادەنیشێ و دەستی دەخاتە پشتی سەری و تابلۆکە دەدوێنێ) چەند جوانی و قەشەنگی (بازرگانەکە بە هەمان سەرو سیماو هەمان شەرابەوە دێتە ژوورێ و سەری لە دیمەنەکە سوردەمێنی و ورد ورد گوێ لە قسەی وێنەکێشەکە دەگرێ)

وێنەکێشەکە: خەفەت نەخۆی ..هیچ کەسێك ناتوانێت لە منت بستێنێ، لەگەڵ گزنگی بەیاندا یەك یەك سەر لە هاوڕێکانم بدەمەوە..ئەم بەرازەش با بڕوا بۆ دۆزەخ.

(بازرگانەکە نیشانەکانی سەرسوڕمانی لێدەردەکەوێ)

وێنەکێشەکە: بازرگان چووزانێ تۆ چیت و هەمیشەش گاڵتەی بە تواناکانم دێ و بەهرەم بەهەند وەرناگرێ.بەڵام بۆ ئەوەی وێنەبکێشم پێویستم پێیەتی، لەبەر ئەوە لە دوای تۆ وێنەیەك ناکێشمەوە قەرزاری ئەو کاڵفامە توخمپارەیەی بێتە سەر. ئاخر تۆ خۆت بەتەنها هەموو هونەرێکی..بەه بەه چەند نازدارو دڵگیری(وێنەکێشەکەشەیدایانە لە تابلۆکە رادەمێنێ و وێنەکێشەکەش روو بۆ جەماوەر هەڵدەسووڕێنێ).

وێنەکێشەکە:تۆ بڵێی ئەمە بکات و لە دڵەوە وا بڵێ..هەڵبەتە ئەمە نەکردە نییە وابێ، من بۆ بەهرەو هونەرە ناچێزو خراپەکانی پێشووی ئەو هەموەم بۆ کرد.بە خوتو خۆڕایی ئەو گشت پارەیەم بۆ هەڵڕشت.خۆشی بێ و ترشی بێ من ئەم تابلۆیەم دەوێ.هەر ئەمەم گەرەکە خۆی ئەمە چاك دەزانێ، بەڵام دەشزانێ یاوەرو هاوڕێ و ماوڕێم زۆرەو هەر هەمووشیان خاتری منیان دەوێ، قسەم نادەنە دواوەو کاتی خۆی بە هانامەوە دێن و هەستیش دەکەم ئێستا کاتی هاتووە..بەڵێ بەڵێ کاتی هاتووە(بوتڵە مەییەکە لەسەر تەختەی شانۆ دادەنێ و تێیدەقووچێنێ)

وێنەکێشەکە :چەند جوانە هیوایەکت هەبێ..ئاواتێکت بێتە دی، رووحت لەم جەستە داڕزاوەدا شاد بێ.ئەم تابلۆیە بۆ منداڵەکەم بە میرات بەجێدێڵم.ئەم تابلۆیە هی تۆ بێ هەموو شتێك هی تۆیە.هەست بکەی تێیدا دەژی و زیندووی، هەست بکەی بووەتە هەموو هیواکانت مایەی بەخت و دڵخۆشییە ..مایەی سەرفرازیە ، لە هەموو خەم و کەسەرێك ،ئاە ببورە تاسەی دەکەم(بەرەو تابلۆکە دەڕوات و لەو کاتەدا کۆمەڵە پیاوێ دێنە ژوورەوە. یەکێکیان دەستەیە کاغزی بەدەستەوەیەو جلی یاسایی لەبەردایەو لەسەر شانۆ بڵاودەبنەوە)

پیاوێکیان: بەڵێ ئەمە ناونیشانەکەیە
وێنەکێشەکە: ئێوە کێن و چیتان دەوێ؟
پیاوێکی تر: ئێمە پیاوانی یاساین
وێنەکێشەکە: باشە برا یاسا چی لە من دەوێ؟
پیاوێ: هاتووین داوات لێبکەین قەرزەکانت بدەیتەوە
وێنەکێشەکە: قەرز؟قەرزی چی؟
(بازرگانەکە دێتە ژوورێ،چرووت دەکێشێ و دەستێکی لە گیرفانی چاکەتەکەیدایەو پێدەکەنێ)
بازرگان: ئازیزەکەم قەرزەکانت لەبیر نییە؟
وێنەکێشەکە: تۆی؟ ئەی نەتووت لەسەر قەرزەکانت رادەوەستی و جارێ داوای ناکەیت؟
بازرگان: ئەم قەرزە درێژەی کێشاو منیش چەردەیەك پارەم پێویستە
وێنەکێشەکە: تۆ پێویستت بە پارەیە؟
بازرگانەکە:هاورێ ئێتر ئاوایە
وێنەکێشەکە: بەراز ئەزانم بیر لە چی دەکەیتەوە،نەخورانتە
بازرگانەکە: گەورەم لێکۆڵەرەوە ئەمە تۆمار بکە ..ئەمە جنێوی ئاشکرایە،توومەتێکی تری بدە پاڵ
پیاوێك: پێویست بە جنێو و دژمان ناکا کورە،پێمبلێ پارەت هەیە قەرزەکەت بدەیتەوە؟
وێنەکێشەکە: من رووت و رەجاڵم.هیچم نییە
پیاوێك: کەواتە دارو نەدارت زەوت دەکرێ و دەستی بەسەردا دەگیرێ
وێنەکێشەکە: بەڵام..
پیاوێك: هەقی ناڕازیبوونت نییە یان دانەوە یان دەست بەسەرداگرتنی موڵك و ماڵت
وێنەکێشەکە: ئێوە بەم کارەتان دەمکوژن
پیاوێك: قەرزەکەت بدەوە
وێنەکێشەکە: ئێوە داد بە جێ دەهێنن و دادپەروەریش ئەوەیە لە گەڵم بە ئینساف بن
هەموویان بە یەك دەنگ: قەرزەکەت!
وێنەکێشەکە: من..
پیاوێك: کورە مەپارێرەوە چەنێ وتمان دانەوەی قەرز یان دەست بەسەردا گرتنی دارونەداری موڵك و ماڵت.
(وێنەکێشەکە وازیان لێدێنێ و بەرەو تابلۆکەی دەچێ و دەیەوێ بە جەستەی لە چاوانیان بیشارێتەوە.لە کاتێکدا یەکێك لە پیاوەکان خەریکی هەژماردنی دارو نەداری ژوورەکەیە)
پیاوێك لە پیاوەکان: دارو نەداری ژوورەکەم تۆمار کردو هەر هەمووی بەسەر یەکەوە چارەکێکی قەرزەکە پرناکەنەوە..ئێوە چی دەڵێن؟
(وێنە کێشەکە پەرەکان لەدەستی





رادەپسکێنێ و دەیخوێنێتەوەو شێتگیر دەبێ)
وێنەکێشەکە: نا ..نا دەستبەسەرا گرتن و حیجزەکە ئەم تابلۆیە ناگرێتەوە!
پیاوێك: جا بۆ نا؟گوایە ئەم تابلۆیە موڵکی تۆ نییە؟ئەی لە ژوورەکەدا نییە؟خەملاندوومە!
وێنەکێشەکە: چی ..چی؟(بە ترس و ناڕازیبوونەوە)
پیاوێك: (پەرەکانی نیشان دەدات) بەڵێ ئەمەتانێ..پارچە کوتاڵێ بە چوارچێوەیەکی دارەوە..نرخی دە هەزار دینارە.
وێنەکێشەکە: نەخێر! هەر بەتەنیا خۆی لە نرخی ئەم قەرزە زیاترە..بە بەهاترە(هاوار دەکات) ئەمە هونەرە ..پارچە قوماشی چی!
(یەکێ لە پیاوەکان دەیەوێ وێنەکێشەکە دوور بخاتەوە)
پیاوێك: ئەگەر مەبەستت ئەم هێڵانەیە..مانای نییەو پووڵێ ناهێنێ، کەچی من بۆ خوا دە هەزارم بۆ نووسیوی
وێنەکێشەکە: تۆ ورینە دەکەی..ئەمەش سەگێکی تر
پیاوێك: ئەمە دەست درێژیکردنە بۆ سەر مافی مرۆڤ
پیاوێکی تر : بۆ خشتەی توومەتەکانی زیاد بکە!دەبا بارکێشەکان بێن ناوماڵەکە بەرن
(پیاوەکان لەگەڵ دوا پارچەی ناوماڵەکەدا دەرۆن،ئەوجار وێنەکێشەکە بەرەو وێنەکێشەکە دەرواو پێدەکەنێ)
وێنەکێشەکە: ئێستا ناو دڵەکەم کاتی ئەوەیە بحەسێیتەوەو داسراکێی. چەندێ ویستم مەسەلەکە گەورەوە نەبێ و کار لە کار نەترازێ و نەگاتە ئەمە بەڵام تۆ هانتدام ئەمە بگێرم. بەدبەخت باشتر وابوو مل بدەیت و داسراکێی..هانی ئەمە لەو بوتڵە مەیە یە کە راهاتووم بۆتی بێنم..فەرموو نۆشی کە، بەڵام ئەمجارەیان ئەبێ بە تاقی تەنیا بخۆیتەوە..(بوتڵە عارەقەکە لە ناوەڕاستی لاقەکانیدا دادەنێ و دەڕوات. وێنەکێشەکە لە بەرانبەر بینەران دادەنیشێ و هێمای شکست بە سیمایەوە دیارە). حیکایەتخوان دوای ئەوەی لە رۆیشتنی هەمووان دڵنیابوو،بە هەڵەداوان خۆی دەکا بە ژووردا و لە شێوەی ژوورە رووتەکە رادەمێنێ)
حیکایەتخوان: ئەمە چیە؟ توخوا ئەمە ماقووڵە ؟یان ماقووڵ ناچێتە ئەقڵەوە!توخوا ئەمە پیاوەتیە یان پیاوەتی لە ئەقڵ دەرچووە( بۆ بینەران) رووتیان کردەوە ،تەنانەت ئەو فلچانەشیان بە تاڵان برد کە لەبەر بەکارنەهێنانیان وشك ببوونەوە.ئەو هەستەم هەیە کە تەمەنیان لێ دزی و عومریان بە تاڵان

برد.هەستی ئەوەی گۆشتەکەیان پارچە پارچە کرد و رووحیان زەوت کرد.چەندێ حەز دەکەم شتێکی بۆ بکەم، بەڵام من بازاڕ هەڵمدەسوڕێنێ..ئاخر من و ئەم بێئاوەزە گێلە لەسەر ئەوە رێککەوتبووین لە پێناوهیچ شتێکداململانێ نەکەین و کێشە ساز نەکەین.لەبەر ئەوە هیچم لە دەست نایەت

(سەیری وێنەکێشەکە دەکات کە هێشتا لەسەر زەوی دانیشتووە)

حیکایەتخوان: چی داماوێکە..با بچم بۆ لای.برا چی روویداوە؟

وێنەکێشەکە : هەموو شتێ کۆتایی هات..جلی فریشتەیان پۆشی و ئاهەنگیان ساز کرد. گیانەکەم هەموو شتێ کۆتایی هات، رووحمیان کێشاو وەك باوشێ قرچە لەسەر لێواری گۆڕ بە جێیان هێشتم.

حیکایەتخوانەکە: خۆزگە دەمتوانی یارمەتیت بدەم.

وێنەکێشەکە : گوێی مەدەرێ، قەرزەکەم لەوە گەورەترە بە پارە بدرێتەوە. قەرزەکەم گەورەترە لە هەندێ دراوی بێنرخ و قەڵب.ئاخر تاوانی من خەیاڵ پلاوی و خۆشباوەڕییە..من خودام فرۆشت..دایك و باوکی ئەشق و ئەڤینم فرۆشت..هەموو شتێکم فرۆشت، گۆڕی گیانم بێ..با بیخۆم..شایەستەی مردنم..مردن.

حیکایەتخوان: ناوجەرگی خۆت مەخۆ ، گوێ بەم کارەساتە مەدە،تابلۆی دیکە دەکێشی و رۆژێك دێ ناوبانگ دەردەکەی.

وێنەکێشەکە: هەموو شتێکیان برد..ئیتر هونەر چۆن بمێنێ چۆن؟

حیکایەتخوانەکە: بەڵام..

وێنەکێشەکە: گوێ مەدەرێ وەرە بخۆینەوە، پێکی شەوگار نۆش کەین.

حیکایەتخوانەکە: وەك هەموو شەوێك لە چاوی تابلۆکە بخۆینەوە؟

وێنەکێشەکە : نا..نا لە چاوی سەرەمەرگ،ئایا لە مانای کۆتایی هاتنی تەمەنت تێدەگەی، کۆتایی بە مردن نییە ! کۆتایی ئەوەیە هەموو شتێکی رووحت ون بکەی، هیوات ون بکەی، خەونەکەت ون بکەی، خۆت ون بکەی، دەستە میهرەبانەکانی خودا وازت لێبێنێ..بخۆرەوە مەی دەرمانە دەرمان(پێدەکەنێ)دەزانی بە هەتیوی لە دایکبووم..دەزانی کە دایکم مرد کۆنە تابلۆیەکی خۆمم بۆ کرد بە کفن، تەنانەت منداڵە کۆرپەکەشم.نازانم تاکەی چاوەڕوانی بم. دەشترسم لەدوای من بە دوای مانای ژیاندا بگەڕێ و خەڵکیش تیرو تانەی منی لێبدەن و بڵێن شێتێ بووبۆ مانای شتێ دەگەڕا لە هیچستاندا(خوران خوران فرمێسك بە چاویدا دێتە خواری).





حیکایەتخوانەکە: تۆ بە کوڵ دەگریت، نازانم ئایا گریانەکەت مانایەکی هەیە؟بۆ دوێنێ دەگری یان بۆ سبەی؟نازانم چیبکەم؟بەڵام بە داخەوەم بۆت، بنوو..بحەسێوە..خاوەنی بەیانی خودایە، رەنگە رەوشەکە بگۆڕێ، تۆ ویستت ئەزموونێ بکەی، کۆتایی ئەزموونەکەشت کۆتایی دونیا نییە، جارێکی تر ئەزموون بکە.

وێنەکێشەکە: تۆ ورێنە دەکەی..ئایا دەتوانیت ژیان ببەخشێنیتە جەستەیەکی بێ رووح، مەگەر مرۆڤ دەتوانێت بە بێ خەون بژێت؟بە بێ خەون بژێت.هەموو رۆژەکان بە خەونەکانیشیانەوە مردن. رووح جەستەمی جێهێشتووە..باسی پێشبینی مەکە، ئەزانم کاتی سەرە مەرگەو بەڵام...کاتێك گزنگی بەیان تاریکی شەو رادەماڵێ.. لەبیرت بێ کە من پاکبووم، ئێستاش لێمگەڕێ بحەوێمەوە(پاڵدەکەوێ..شانۆ تاریك دەبێت و ئەمجارە دیمەنەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا)

حیکایەتخوانەکە: ئەمشەومان دوێنێ شەو بوو..لەوانەشە واتای شەوێکی تر بێ،بەڵام شەوێك بوو مردن دەستی خستە بیناقاقای هەموو شتێك..ئایا کۆتایی هات؟

پەردە

مافی دەرهێنانی ئەم وەرگێرانە بۆ سەر شانۆ پارێزراوە بۆ شانۆکار محەمەد زەنگەنە لە دوزخورماتوو(مەلوول)

و: سەمیرە حسێن جاف

# مەحمود دەرویش و زامێکی بێ کۆتا

**(۱)**

**نامۆیەک لەشارێکی دورەوە**
**کاتێ کەمندالێ بووم و**
**جوان بووم**
**گوڵەکە ماڵم بوو و کانیاوەکان**
**دەریام بوو**
**ئێستا...**
**گوڵەکە برینە و کانیاوەکان**
**تینوویانە !!**
**- ئەڵێی زۆر گۆڕاوم ؟!**
**- زۆر نەگۆڕاوم**
**کاتێ وەک- با — دەگەڕێنەوە**
**بۆ مەنزلگا**
**بنوارە نێو چەوانم**
**دەبینی گوڵەکە بووەتە دارخورما و**
**کانیاوەکانیش بوونەتە ئارەقە**
**وەکو بەر لە ئێستا دەمبینی**
**چکۆلە وجوان ...**








**(۲)**

**ئێستا لە مەنفا**
**ئێستا لە مەنفا.. بەڵی لەنێو ماڵ**
**لە تەمەنی شەستساڵی تیژپەر**
**مۆمت بۆ دادەگیرسێنن**
**شاد بە — بەهەموو توانات..بەهێمنی**
**لەبەر ئەوەی مەرگێکی وێڵ لە قەرەباڵغیدا تۆی بزرکرد**
**و دوایخستی...**
**سەرەتاتکێی مانگی ئەسکۆییم ، لەسەر پاشماوەی ژیانم**
**وەک گەمژەیەک پێدەکەنێ**
**بڕوا مەکە کاتێ لێت نزیک دەبێتەوە پێتوابێ پێشوازیت لێدەکات ،**
**ئەو.. هەر لە پیشە کۆنەکەیدایە، وەک ئادار**
**سۆزی نوێ ..ناوی بەخشییەوە دارەکان**
**وتۆی پەراوێزکرد،**
**ئاهەنگ بگێڕە لەگەڵ هاوڕێکانت بەبۆنەی شکاندنی پێکەکە**
**لە شەست ساڵیدا، ساتێک نەماوە بۆ سبەی**
**وهەڵتدەگرێ .. تاوەکو لەسەر شانی سروود هەڵیگری**
**کارامە بەژیان بڵێ ، شیاوی شاعیرێک بێ**
**لەسەر خۆ رێکە وەک ئەو کچانەی باوەڕیان بە سیحری خۆیان هەیە،**
**سیحرێکی شاراوەو مەکریان، هەریەکێکیان هاوارێکی هەیە**
**ئای لەتۆ: چەندە جوانی**
**لەسەر خۆ رێکە،ئەی ژیان، تاوەکو بەهەموو کەموکورتییەکانت لە دەورمدا بتبینم،**
**چەندە لە نێو خۆمدا لەبیرم کردی !**
**درکی ناخی تۆم کرد کە وێڵی گەڕانە بەدوای من وتۆدا،و**
**کاتێ جوامێری کرد بەهەموو دڵڕەقییەک پێت وت:**
**چەند نەزانی،**
**بەنەبوون بڵێ :**
**منت وونکرد ، بۆ ئەوەی تەواوتکەم ، ئەوە هاتم ..**



موحسین ئاوارە

# پەرەشووتێک بۆ کرانەوە.. مرۆڤێک بۆ ژیان

١

لە نێوەندی ئەرز و ئاسماندا

لە نێوەندی مردن و ژیاندا

پەرەشووت کرایەوە

ژیان چەپڵەیەکت بۆ لێدەدات

نەکرایەوە..مردن دەڵێت

چاک بوو پێت راگەیشتم

بە تەنیا لەو ئەرزو ئاسماندا

جێت نەهێشتم

٢

لە دەرەوەی سەنگەردا

دوو فینجانە قاوە کۆمانی کردەوە

لە دەرەوەی شەڕدا

دوو فینجانە قاوە بە ئاشتی ناساندین

بە خۆشەویستی و تەبایی بەستینەوە

ئەو دوو فینجانە قاوەیە

دەیان لاپەڕەی سەربردەی

قووڵبوونەوەی ژیانی بۆ پڕ کردینەوە

ئای قاوەی تاڵ

چەند خۆت شیرین کرد





ئای فینجانی بچووک

چەند خۆت گەورە کرد

٣

دڕک دەڵێت ئەی گوڵ

بۆن خۆش و ناسک و جوانی

کەچی بەو نینۆکە تیژانەم ئابلوقەم داوی

تۆ شایەنی سزا و سزام داوی

تۆش بە تیلەی چاوەکانتەوە تێم دەڕوانی

من چی بکەم پەروەردەی دەستی ئەهریمەنەکانم

حەزم دەکرد وەک تۆ بام

بەڵام منم و لە نەسلی منەکانم

٤

شەڕ دەستی بە تەمەنم راگەیشت

بن کۆڵی کرد

ئێستا لە قاوغێکدا دەژیم

بەشە زۆرەکەی لێ شکاندووم

بە هێڵێکی سووریش

پانتاییە چێژدارەکانی لێ جیاکردوومەتەوە

چی ماوە تا ئاشتی لێم رازی بێت و بیدەمێ

بە ئارامی بژیم بۆ سەردەمێ؟

٥

لە دووری تۆ و لە تەنیاییدا

کوێر بووە چاوەکانم

ژەمانە(سینی)یەک خواردن و خواردنەوە
دەخەنە بەردەمم
لەسەر(سینی)دا
نانی تاریک..شلەو شێوی تاریک
مێوەو سەوزەی تاریک
ئاو و شەربەتی تاریک
هەموو شتەکان لەسەر (سینی)دا تاریک
من چیم لە ئێوە دەوێ
ژەمێک تەنیا ژەمێک
لەسەر ئەو سینیەدا بخەنە بەردەمم
هەواڵێکی لەسەر بێ
هەواڵێکی رووناک
هەواڵی ئەوکەسەی چاوەکانمی کوێر کرد
ئەو کەسەی نەمبینیەوە
بە ناوی سەربازێکی ون بوو ناویان برد!!

٦

ئەی دڵ
بازێکی چەند چاو تیژو
شاخێکی چەند سەر سەختی
لە ئاست چاوبازانیش
چەند دەستە پاچەو بەدبەختی
کەچی بە قەد ژمارەی گەڵاکانی دارو درەخت
کە هێشتا سەوزن





بەقەد ژمارەی ئەو گەڵایانەی وەریون
بە خەندەو گریانیانەوە
جەربەزەو خۆ راگری
دەنا بەم هەموو هاتن و رۆیشتنی ئازیزانەوە
چۆن بەرگەی ئەم هەموو
عیشق و ئازارە دەگری؟!

٧

کۆترە سپیەکە گوتی
باڵەکانم مەبەستن
بە نێو دەمار گرژەکانی شەڕدا
تێپەڕ دەبم
جادەیەکی پان و پۆڕتان بۆ رادەکێشم
تیایدا گوزەر کەن
خۆشەویستی و لێبوردەیش گوتی
من ئاوڕ لە هەر لایەکیان بدەمەوە
شەڕفرۆشان لە کوێوە هاتوون
بۆ ئەوێیان دەنێرمەوە



حەسەن جومعە

# هەڵاتن لە ژیان!



لە کوچەکانی دەریا، دوور لە دار گێلاسەکانی ژیان
ئێجگار دوور، زۆر دوور ، دوور دوور
چەند دڵۆپە (ئاو)ێک دەکەم بە ئاشیانەم
چەند دڵۆپە (ئاونگ)ێک دەکەم بە پەنجەرەم
تا چیدی لە ئاوێنە بێ ماناکەی ژیان
بەدەم هەڵبوونی غەریبیمەوە خۆمم لێنەتکێت
لە (نیلوفەرەکان)ی خودا، شەرابی مەستبوون چێدەکەمو
بە سەر گەڵاکانی خەیاڵەوە، نیگاکاری ماسییەکان دەکەم
تا نغرۆ بوونی کەنار





بەدەم کلارنێتی بەردەکانەوە
شەوانی گریانو ڕۆژانی تەنیاییو
وێستگەکانی چاوەڕوانیو خەرەندەکانی نغرۆ بوونو
غروبەکانی منداڵیم دەنووسمەوەو
نەفرەت لە پەرستووە شوومەکانی نیشتیمان دەکەم
تا ئەو ساتەی (یاس)ی ئارامگەیەک دەپشکوێتو
بە یەکجاری دەچمەوە سەر نەسلی خۆڵو دەتوێمەوە.



شیعر



کەژاڵ ئیبراهیم خدر

# خەیاڵێك لەعەشق..تریفەیەك لەمانگ

١
کاتێک شعرێکم خۆی ئەکرد
بەماڵی پڕ لەئاسمانی دڵی تۆدا
قەترانی بارانێک گوناهەکانی
کەناری خۆی نوسییەوە
کاتێک پەپولەی مانگی
پڕ لەئەسرینی تۆم بینی
خولیای خەونەکانم بوو
بەتریفەی مانگ و شەونمی بەربەیان
روناکی خۆر خۆی شاردەوە؟
٢
دەنگمان تێکەلاّوی یەکتری دەبوو
مۆمێکت لەشەوەزەنگی منارەی دڵما
داگیرسان
تاکوو دەبوو بەشعرێکی نوێ
تا سەوزبوونی خەیاڵی شاعیرێک
بەسنەوبەری  پەڕەکانی عەشقەوە
تاکوو وەکوو پشکۆ دادەگیرسێ
٣
با شەقام و درەختە تەنیایەکانی ئێواران
لەگەڵ سپێدەیەکی تۆدا
پیاسەیەکی دەمەو مەغریبی تەنهایی بکەن
هەتا باوەشی دەریا پڕ دەبێ
لەبۆنی ماچ وووردە ماسی و
شکۆفەی جوانی ئاوو
لەدایک بوونێکی نوێ





٤
باهەتاوی دڵ
بەدەم لەرینەوەی گەلاّکانی عەشقەوە
لەسەر سنگی چیا بنوێت
لەژوانی هەر عاشقیکدا
لەزەردەخەنەی هەرلێوکدا
دنیا تەمی خۆشەویستی بگرێت
٥
شاعیرێک فێربووە
دنیا پڕدەکات لەگۆرانی
لەسەر شەونمی سەر رووی
دڵی دوو عاشق دادە نیشێت
غەریبی یەک ئەیگرێ
لەئاوێنەی بارانی رۆحی
تەنهایی ئەواندا  کزئەسوتێ
٦
ماڵی شعرم وەک دڵی تۆ
وەک سنگی بەرینی ئاسمان
هەمیشە لەسەر پشتە
هەیە بەعەشقەوە دێتە ژوورێ
هەیە بەئازارەوە
هەندی جار پرئەبێ
لەگۆرانی و گوڵی شعر
هەندێ جاریش چراکان خامۆش دەبن و
تاریکی دادێ
٧
چرای  روناکی شەوم
بۆفرێ دەنە حەوشەوە
لەوکاتەوە گوڵی ماچ دەست پێدەکات
لەم نیشتمانە جوانەی دڵی مندا
ئێواران لەکاتی بێهودەیدا
دەبێتە دەریایەکی غەمگین و
گوڵی پەمەیی رادەخات
٨
بۆپێشوازی بارینی بارانێک
خەیاڵ دەمباتەوە بۆلای
مەملکەتی دنیای منداڵی و
ماڵەکەم پردەبێ ،لەنەشئەی شعر
بادەی خۆشەویستیم دەرژێو
ماڵی دڵم
بۆنی ئەو سنەوبەرانەی لی دێ
کەبوونەتە ماڵی فریشتەکانی بەهەشت
ئیتر لەوی دەخەوم و
ئارام ،ئارام پشوو دەدەم
٩
بریارم داوە
چی وردە ماسی دەریا هەیە
بیان گوازمەوە بۆروباری چاوەکانت
چی چۆلەکەی سەردرەخت و گوێسەبانە
هەیە
لەباوەشی مناڵیما بشارمەوە
ئەکەر رۆژێ دڵم نەما
عشقم لەکوێ دەشاریەوە
١٠



دڵی تۆ ئاسمانێکی تەنهایەو
لەوەتەی خووڵقاوە
چاوەکانی فرمێسکیان لێ دەباریٚ
کەچی نەیتوانی بۆجاریٚ
هەورێک بیکات بەماڵی خۆی
١١
دلی تۆ حوزنێکە
لەوەتەی پربووە
لەتریفەی عەشق
فرمێسکی شادی دەبارێنیٚ
کەچی تەنها جارێک سەرمەست نابیٚ
بەشەرابی لێوەکانم
هەندیٚ جاریش دڵت
ئەستێرەیەکی غەمگینە
عەشقی بۆزەوی نامێنیٚ
هەندیٚ جاریش دەبێت
بەودرەختە قەیرانە، کەلەماڵە باوانیاندا
گوڵی جوانەیەکانیان هەڵوەراند
یان بە باڵای ئەو لاولاوانەی
کەبەچوار دیواری ماڵە کانەوە
لەخۆ هەڵواسین هیلاک بوون
بەوهەموو پۆلە شەهیدەی
لەپێناوی ئازادی نیشتمان
چرۆی سەردڵیان وەراند
١٢
بەو پەڕەو باڵە هیلاکەتەوە
بۆکویٚ دەفریٚ





وەرە لای من باچرایەکت بۆداگیرسینم
شەوق بەدڵت بداتەوە
من دەمەویٚ لەگەڵ منداڵیٚ بکەنی و
نامەویٚ بۆسێپیدەکانی رابردوو بگری
١٣
من هەمیشە حەزدەکەم
باخەکەی من هەموو رۆژی
گوڵێکی نویٚ بۆپەرچەمت بگریٚ
تانیشتمانەکەم
هەمیشە بەلاوی بمێنێتەوە
بای عەشقێکی فێنک
هەڵکا بەرووی تۆدا
ئەوسا منیش
باوەشیک گەڵای رەنجاو
بۆدڵیٚ خۆم دەهێنمەوە
١٤
تۆ بەردەرگای شعرم پیٚ مەگرە
من دەمەویٚ گوڵی شعرت بۆبگرم
تائێوارەیەکی رەنگین بشنێتەوە
تاگۆرانیەکان خامۆشتربن
لەباوەشی دڵی تۆدا
هەموو گۆرانی ئەڤین بڵێنەوە
١٥
تاخۆشەویستی تۆ هەبیٚ
مەحاڵە لەسەر بانێژەی ماڵێکەوە
بچمە ناو زەمەنێک
خاڵی بیٚ لەعەشقی تۆ
١٦
مەهێڵە بی دەنگی دامگریٚ
من خۆشەویستی ئەو فریشتانەم
بە چرپە بە یەک دەگەن
لەنمە نمە بارانێکی پەمەییدا
دێن و دەچن ،خۆیان نقوم دەکەن
١٧
من بۆباخێک دەگەڕێم
لەنزیک ماڵی دڵتەوە بیٚ
پربیٚ لەگوڵەکانی خۆشەویستی
لەگەڵای ماچێک ناسکتربیٚ
بۆئەوەی پێت بڵێم
فەرموو وەرەو میوانم بە
١٨
تێکەڵم کە بەو بەفرەی سپیە پاکەی
لەساڵیادی شعرمدا
بردمیە سەردەرخت
کارێک بکە گەڵاکانی دڵم
لەسەر دەشتی چاوەڕوانی شین بچنەوە
منیش بەڵێنت پی دەدەم
هەرگیز دڵت لەتەنهاییدا جیٚ ناهێڵم



چیمەن ڕەسوول پوور-تاران

# بێزار لە گمەگمی کۆتری ئەوین

شەوێک تەنیاییم هێرشی بۆهێنام

کەوتمە ناو زەریای بێکۆتایی پیتەکانم

سەرشێتانە هانام بۆ دەفتەری شیعرم برد

لاپەڕەی دەفتەری شیعرم کردەوە

دەستم پێ کرد..

سلاو خۆشەویست

دیسان منم

من وا لە چاوەکانت دەگەڕام

چاوەکانت کە لە نێوباهۆزی نیگایەکدا

لێم ون بوون

شوێنی پێلاوی خۆشەویستیم گرت

هەتا دیاری نادیاری!

هەرحەولم داو دەستەکانتم نە دیتەوە







ئازیزەکەم

تەواوی جەستەم ئاوات و خۆزگەبوو

بۆدیتنەوەی تۆو

خەلات کردنی شیعرێک بۆ دڵە سەرەڕۆکەت

هەرچەند گەڕام چاوەکانتم نەدیتەوە

شوێنی پێلاوەکانیشتم لێ کوژبۆوە

دارستانی دەستەکانیشت

بەبای خەزان هەڵوەریبوو

دواجار زانیم لە ولاتی بێ دلان گیرساویتەوە

حەز لە بەبێ منی و ژینی پرلە خولیا دەکەی

ئەمشەو بۆت دەنووسم

خودا حافیز خۆشەویست

ئیتر من نیم بەلاتەوە

تەنیا خۆتی

تەنیاییەکی قوولٚ و بەرین

ئیتر خۆت و ژیانێکی بێ من و پرلە خولیا!





باریکان ئیسماعیل-دانیمارک

# تۆ کێی ؟



چۆن هاتیە ئەم جیهانە
کە سەرەتا و کۆتایی نییە
لە دامێنی کێدا بەربویەوە؟
ئەی کێیە تۆ پێی دەڵێی دایە؟
تۆ خۆت نازانیی کێیێیت
کارت چییە و
ماڵت لە کوێیە؟

(٢)

کەسێک مرۆڤ بێ
چۆن دەتوانی
گوڵ هەڵوەرێنی؟

(٣)

لەوتەی تۆم جێهێشتووە
هەست بە ئاسودەیی دەکەم







لەو کاتەی دڵم لە تۆ سەندەوە
خۆم و ژیانم بیر کەوتەوە
بێ خەمم
بێ ترسم لە وشەکانت
هەرچی دەڵێی
هەرچی دەکەی
هەر سەر بەرزم!

(٤)

وا هەست مەکە
دڵ تەنگ و پەرێشانم
فرمێسک دەبارێنم
وا هەست مەکە
وەکو مۆم دەتوێمەوە
وەکو وەرزی زستان
سارد و تاریک سەربنێمەوە!

(٥)

کەسایەتی و بەرزی سەرم
لە ئازادی و ئارەزووی ژیانم دایە
ناوی من
دەنگی من
رۆح و هەناسەی گەرمی من
لە دەستی ئازادی و جورئەتی چاوەکانم
دایە!



داستان بەرزان

# سیانزدەیەمین تێکست

که ژیانم دۆڕاند
ئەوجا زانیم نووسین گرنگە

نووسین جێگرەوەیەکی باشە
بۆ ئەوشتانەی لە دەستچوون
بۆ ئەو شتانەی ناگەڕێنەوە.

قسەیەک ئازارم دەدات
گرنگ نییە
هیچ نەبێت بەرامبەرم هەست بە
سەرکەوتن دەکات.

بڕوام بە یاری کردن نییە
ئەگەر یاریش بکەم لەو جۆرانەم
کەس پەلکێش ناکەم بۆ ناو یاری
تاکو ناوازەییم بپارێزم و
کەس هەمان یاری من نەکات.

گومانت لە وێنەی خۆت نەبێت
گومانیش مەکە کەس وێنەت بشێوێنێت
ئەگەر خاوەنی وێنەی ڕاستەقینەی
خۆتیت.

کێشەی مرۆڤ ئەوەیە
حەز دەکات مەڕ بێت
زۆرجاریش وانییە





هاوڕێکانیشم وەک مرۆڤ
دەستم لێ ناپارێزن و
هەوڵی برینداکردنم دەدەن.

لە هەمان کاتی ئەم نوسینەدا
کەسێک بە کامی دڵ بریندارم دەکات
بۆیە ئەم دێڕەی بۆ زیاد دەکەم:
بەوەدا خۆم دەناسمەوە، ئامادەم بۆ
ئەوەی بریندار بکرێم.

هاوڕێیەک دەڵێت: ئەم ناسکییەی تۆ
مۆدێلی نەماوە
بیری مەسیحم بیردەکەوێتەوە
مرۆڤە تەنیاکەی سەر خاچەکە
ئەو پیاوەی لە دوا ساتی ژیانیدا بیری
کەوتەوە
لە کوێی یارییەکەدا بەجێماوە
تازە گلەیی فریای نادەکەوت.
تەنیا بەجێما
مرۆڤە تەنیاکە.

مەسیح ویستی دونیا رزگار بکات
هەڵبەت نازانم چۆن؟
لە پاداشتدا تەوقی درکیان کردە سەری
گاڵتەیان بە گەورەیی و پاکییەکەی کرد
مەسیح نەیدەزانی ڕەسەنی مرۆڤ
ناهۆشیارەکانن.

پێویستم بە مامۆستایەکە فێرم بکات
دونیا سادەیی و دڵسافی نییە
دونیا ئەوە نییە خەڵکیت لە خۆت
خۆشتربووێت
بۆئەوەی بە گێلت نەزانن
دەبێت لەسەر هەموو پەتێک یاری
بکەیت
بەمجۆرەیە دونیا بێ ڕۆح و بەتاڵەکەی
ناوی لە خۆی ناوە "دونیای نوێ"

پێویستە هەندێک شت بکەم
بۆ ئەوەی وابنوێنم دڵم بە دۆخەکە خۆشە
و
بە دونیاوە پەیوەستم.
بەڵام لە ڕاستیدا دڵم بە هیچ خۆش نییە
و
لە دەرەوەی ژیانیش سەردەنێمەوە.

لە ناڵییەوە وامزانیووە
مرۆڤ بۆ ئەوە هەیە دڵی بشکێت
لە دڵشکانیش زیاتر
هیچیترم بۆخۆم بە ڕەوا نەزانیوە
کە ژیانیشم باش دەبێت
بە دەستی خۆم تێکی دەدەمەوە
بڕوام وایە تازە سوودی نییە
خراپییەکە باشترە.



''هەر کەسە و خاوەنی هەندێ
تایبەتمەندێتی خۆیەتی''
قسەیەکی جوان و بە مانایە
کەچی پشتی لێدەکرێت
تەنیا وەک قسە ماوەتەوە.

لە داخی خراپیم زۆر باشم
ئەگینا کەی باشییە ئەم باشییە؟

ئابڕووم چوو
ئەوەندە وتیان چۆنی
وتم: باش نیم.

خۆزگەم بەوانەی عەقڵیان لۆکە و
چۆنە ئاوا دەیدەنەوە دەست خۆڵ.

هەتاکو کەسێک هەبێت لە ژیانتدا
تەنانەت هەواڵیشت بپرسێت
دەکرێت بژیت.
کەچی زوو زوو هەستی ئەوە دامدەگرێت
لە بیر دونیا چوومەتەوە.

بوەستە تکایە.







هەر کەسیت پێشنیارێکم هەیە
مەرجیش نییە بەقسەم بکەیت
لە کوێدا ویستت کلیکێک لەسەر بوونم
بکە
با سەرت نەئێشێنم.
فڕێمدەرە تەنەکەخۆڵی بیرچوونەوەوە
بۆ ئەوەی بیرت قاڵ نەکەم.
لە کوێدا ویستت ژیانم هاک بکە
بە ناوی منەوە دونیا داشۆرە.
بە جۆرێک بمشکێنە بە کەڵک نەمێنم
لێت زویر نابم بڕوابکە لێت زویرنابم.

تکایەکیشم هەیە
ئەویش مەرج نییە بەقسەم بکەیت
لەم ساتەوە ''هەرچیت ویست بیکە.''

بەرلەوەی ئەم تێکستەش کۆتایی بێت
شتێک دەڵێم زۆر زۆر بەڕاستمە
کەس خۆشی کەسی ناوێت.



ئەسکەندەر زرار

# گەڕان لەو دیو سروشت...

تا دۆزینەوە لە ناو خۆمدا
هەموو ڕەنگەکان گەڕام...
لە هیچ ڕەنگێک نەچووی و لە هیچ
ڕەنگێک نەبووی

هەموو باخەکانت بۆ گەڕام...
لەهیچ درەختێک نەبووی، لە هیچ
گوڵێک نەچووی

لەناو هەموو دەنگەکان، بۆتۆ گەڕام...
لە هیچ قاسپە و چریکەیێک نەچووی
لە هیچ نۆتە و گۆرانی و ئاوازێک
نەبووی

پەڕ پەڕی شەقامەکانم هەڵدایەوە
هەورەکانم یەک یەک، کردەوە بە ئاو
بەسەر لوتکەی بەرزترین چیا هەڵگەڕام
دەریاکانم سەراوبن کرد
تۆ لە هیچیان نەچووی
نەبووی لە هیچیان
لە ئاسمانا بۆت گەڕام
لە نێو کانی و رووبارەکاندا...
لە تاڤگە و باران و ڕەشەبادا بۆت گەڕام
لە کێڵگەی گەنم و بەفر و زریاندا
لە خەزاندا...
لە شەوە زەنگ و دەیجورەکان بۆت گەڕام
لە گەردون بۆت گەڕام





لە خەیاڵ و شیعر و کتێبەکاندا بۆت
گەڕام
لە عیشقدا بۆت گەڕام لە عیشق
لە هیچیان نەبووی و لە هیچیان
نەچووی
لە سروشت بۆت گەڕام
تا گەیشتم بەو دیوو سروشت
لە عەدەم بۆت گەڕام تا گەیشتم بە
مەنفا
ئاسەوەرت نەبوو...
لە هیچیان نەچووی، لە هیچیان
نەبووی!
گەڕام، گەڕام...
تا شەکەت بووم لەناو شەکەتی تۆدا

گەڕام، تا گەڕانەوە بۆناو ڕۆحی خۆم،
گەڕام
ئەوسا زانیم چەند گەمژە بووم...
چەند گومڕا بووم،
کاتێک لە دەرەوەی خۆمدا بۆت
دەگەڕام
کاتێک بۆت دەگەڕام لە دەرەوەی
خۆمدا...
گومڕا بووم گومڕا!
تۆ لێرە بووی
لێرە!
لەناو ڕۆحی شەکەتا

تۆ لێرەبووی، لەناو مندا
منیش لەوێ، لەناو تۆدا!
من لەوێم و تۆش لێرەی
تۆ لێرەی من لەوێ...
هەردووکمان لێرەین و
هەرودووکمان لەوێ
هەردووکمان...
لێرە نین، لەوێش نین
لەوێ نین و لێرەش نین، هەردووکمان
هەین هەردووکمان
هەردووکمان نین...
ئەی نوری ناو نوری ڕۆحم
ئەی نوری ڕۆحی من لە ناو نوری تۆ
تازە بوون و نەبوون
لە فیزیک و میتا فیزیکا
هیچ بەهایەکی نە
تۆ لەناو مندای
منیش لەناو تۆ
ئیتر نەبوون و بوون پوچە پوچ...
گەیشتم بە خاڵی کۆتایی، خودایە
تۆم دۆزیەوە لە ناو خۆمدا
خۆمم دۆزیەوە، خۆم
لەناو تۆدا
چیتر بۆت ناگەڕێم...
ن
ا
!

# ژێر باڵی خەیاڵ

بژار حەکیم

١
لەژیان نزیک دەبمەوە
تائێستایش ، شیعرەکانم
ڕەنگ نەکردووە
٢
لە ئاسمانەوە
کۆترێک کەوتە خوارەوە
بۆنی تووڕەیی لێدەهات
بەمردوویی
٣
پێویستیم بە کات هەیە
تا بنووسم :
سەرەنجام دنیا هەر دنیایە !
٤
بەیانییان
لەگەڵ دەم و چاوم
خەونەکانیشم دەشۆم
٥
چەند خۆشە
بەسەر لێومەوە ! لێوت
وەک گێلاس
٦
شەوێک
لەگەڵ ئەو وشانەی نەبوونە شیعر
بەسەر کاغەزێک خەوتین
بووین بە چیرۆک
٧
بەسەر نیگات دەڕۆم
لەسەرەتای خۆشبەختی
چاوەڕێتم !





٨
عەشق
پەرداخێک ژەهری سپییە
شاعیرێک ، وەهای گووت
٩
بەختم
بەدەستی فاڵ گرەوەکان
هەراج دەکرێت
لەرۆمانی داهاتوو!
١٠
زیکزیکەیەک
فێریکردم ، چێژ لە دەنگی خۆش و
مۆسقای خۆش رادێرم
١١
سێبەری دەنگت و
دووکەڵی ماچت
هێشووی ترسن لە دۆخێکی گوماناوی !
١٢
ژیان چەند سەختە
دەرفەتی مانەوەم
لە کوخێکی تەنیشت دۆزەخ پێنادات !
١٣
لێرەم !
بەدوای خۆم دەگەڕێم
لەناو خۆم ونبووم
١٤
کێڵی گۆڕەکەم
بکەنە کەمانچە ! شەوان مردوەکان
گۆرانی دەڵێن
١٥
بەفرم خۆشتر دەوێ
لە تۆ !
تۆم خۆشتر دەوێ
لەخۆر !
خۆرم خۆشتر دەوێ
لە تاریکی !
کەواتە هەمووتان !
١٦
چەترێک لەکوێ بێنم
بۆ !
تەڕنەبوونی باران !
١٧
دەبینم
گۆرانییەک، دووکەڵی ماچی
لێ هەڵدەستێ!
١٨
سێبەری پێکەنینم
بەدەوری خۆم کێشا
بەختەوەرم لەم زەمینە گێژاوەدا !
١٩
ترپەی دڵم
ئاوازێکە بۆ گۆرانی
رۆک !
٢٠
هیچ ناڵێم
نووسینەکانم لەتۆزی دەبەنگی
پاک دەکەمەوە!

# کوڕێك موعتاد بەخۆشەویستی دلارام

**ئالان**

دلارام
هاتووم تا خۆرائاوابوون لێرە بم
حەوشەکەت بۆ گسک دەم
کوپەکەت بۆ پڕکەم لەئاو
مانگاکانت بۆ بەرم بۆ چەم و باغ
بامێ وبیبەرت بۆ بکەم بەپەتەوە و بەگوێسەوانەدا هەڵیواسم
کەوای پوولەکەدار..کراسی پڕگوڵی سور...کڵاشی پەڕۆینت بۆبشۆم
لەبری تۆ پێنج فەرزە نوێژت بۆ بکەم
لەبری تۆ گوێ بۆ گۆرانی ڕادێرم
ئەگەر تەمەن باقی بوو
خانووەکەت بۆ قوڕکاری دەکەم
کە ئێوارەش داهات هیچم مەدەرێ
ئاوایە دڵی ئەم ریسوایە
ئاوایە عاشق.

( کوڕێك موعتاد بەخۆشەویستی دلارام )لەدێڕێکی دلاوەر قەرەداغیم وەر گرتووە بەدەستکارییەوە*





# نوسراوێکی کۆن

**دیار لەتیف**

لەسەر پەت بەناو ژیاندا
مەزنترین وشە ئەوەیە
کە دەرنابڕێ
شیعر هەرچەندە فکر وەبەرهێنەربێ
هێشتا عەقڵێکی ناسکە
هەرگیز ناتوانێ
پێبخاتە ناو عەقڵی پەتییەوە
سێبەرەکەم و مەتارەیەک مەشرووب
کرێنشینی ئەپارتمانی دۆزەخ
گەڕەکی چوار
کۆڵانی سیانزە
ژووری حەفەت
هەروەها کیسەیەک خونچەی کوتراو
ڕاکردن لەخود
دەرەنجامێکی مەترسیدار
ژیان ماددەیەکی ڕزێنەرە
وشەکان لەدەممەوە هەڵدەوەرێن
بەهەر کوێدا لێخورێن
دەگەڕێینەوە ناو مردن
نوسراوێکی کۆن
چراکە بکوژێنەوەو
دەچینە بەر مانگەشەو
دەستم لە سینگتدا دەڕوێنم
بۆ هەزارانساڵی تر
شەمامەی لێدەچنم
س
هێلین کەمێک هێواشتر بڕۆ بەڕێگادا
دڵم پێتەوەیە.
هێلین
هێلین
هیلین
ئینسان لەوشە گەورەترە
هەندێ شت هەن مەزنن
وشە گوزارشتیان ناکات
مرۆڤ سنورداره.



سروشت نەوزاد

# یاداشتەکانی پیاوێک

۱

وەک جەنگاوەرێکی تەنیا،

ماندووم ....

دوافیشەکی دەمانچەکەم،

ڕوو لەدڵی سێوێک دەکەم !

سێوێک

هەسارەیەکی دروستکرد .

۲

گولەی شەیتان بەرلەهەرشتێک

بۆئەوەهات، دڵی مرۆڤ کون بکات !

وەلێ کەشەیتان گەشتە ئەم هەسارەیە

خودا بەخێرای ،

بۆبەهەشتی هەڵکێشایەوە !

۳

(ژیانی من)

وەختێ کەئاسمان

مانگ و ئەستێرەکانی فەلاقەدەکرد...

لەدایک بووم !

وەختێ کەباران

باخچەکانی ئەسوتاند ...!

ڕێدەکەم بەم شێوەیە :

چاوەڕوانی ...

لەمێژە لە دوورگەیەکی چۆڵدام...

دەنگی من بەگوێی هیچ کەسێکدا ناگات !

٤

هاوڕێکەم ، پڕە لە میهرەبانی ...





دڵۆپە بارانێ نیگەران...

لە ئاسمانی دڵی درەختێکی ماتەوە، دێت و پێی دەڵێت :

لەمێژە پڕ بووم لە ژەنگ ...

ئیتر دایکەکەی جاران نیم من !

دەمێکە :

چیاکان تاری مردن ئەژەنن ...

باخچەو وەرزەکان کفنی سپییان پۆشیوە

لە مێژە دووکەڵ لە جەنگەڵەکاندا ئەڕوویت...!

هاوڕێکەم بەبەرگی ئاوەوە نائومێد!!

نامەی خۆکوشتنی پێیە .

٥

بەئاگری مۆدێرن،

کتێب و باخچەو ئەوین سووتا.. !

٦

سەیرکەن ،

تارمای چ شکستێکمان هەڵگرت ...

ئەوە هەموو ئیرادەی ئێمە بوو :

خەون و شەقامەکان و

تەنانەت ژوورەکانی تەنیایشمان !

بۆ نێو ئۆتۆمبێلە نوێیەکان گواستەوە ...!!!

٧

(پەناهەندە)

بێ تۆ،عاشقی مردنم.. . گەرتۆی لێنەبێت !

بێ ئێوە، عاشقی مردنم...

مردن بێ ئێوە!

لەگەڵ تۆدا ،

پەنجەرەی هەموو سەفەرەکانم شکا ...



من، فەرسەخێک دوور لە ئامێزی  تەڕی باران،دوورلە ئەوین! دوورلە تۆ ...

ئەوین ئێستا کچێکی مەستە

ماڵی بارمتەی زێڕەو...

گیرفانەکانی پڕ لە پووڵ !!!

٨

لەسەرلاپەڕەیەکی سوور،

نەخشەی بەشێک لەبەختەوەریمان کێشا

ئاژەڵەکان بەسەری بڕاوەوە...

بوونە خوانی سەرسفرەکان!!!

(دەستی خوێناوی،

بۆسەرسکی تێرا)

٩

سەیرم بەجوڵەی  وەرزەکان نایەت.

کرمەکان هەن !

مێروولەکانیش ...

١٠

گەر ووێڵی ژیانی ئەی موسافیر...

ئەوە زێرابخانەیەک ،

لە جیهانی  ڕۆبۆتەکان !!

١١

نیگەرانم ... نیگەران !

لەخۆمدا ،

لەزەمەندا،

کەڵەکەبووم

کەدەمەوێت جێبێکانم







بەپشتی سەفەردا ڕاخەم،

دەخلیسکێم ...

دەخلیسکێم و دووبارە لەسەرهەمان

ڕێگا !

بۆئەبەد دەکەوم.

بەئاگادێم،

وەختێک کەدەمەوێت،تۆوەک

دەریاببینم ...

ڕادەچڵەکێم !

١٢

لەماڵێکدا،

باوکم و دایکم و خوشک و براو

هەزاران جۆر مرۆڤی تر دەژین .

کەس گوێی لە دەنگی کەس نییە... !

هەموو پڕ لەقسە...

هەزاران جۆر مرۆڤ و

هەزاران جۆر تەنیای ...

١٣

بیرلەزۆرشت دەکەمەوە! زۆرشت ...

بیردەکەمەوە، ڕۆژێک دەبمەهاوڕێی

کۆلارەیەک و

دەست لەملان پێکەوە،

دەربازدەبین و دەڕۆین .

پێکەوە، دوور دوور دەفڕین ...

١٤

( دەرباز بوون! )

قومارخانەیەکی گەورە

پیاوێک هەڵهات و دواجار گەڕایەوە

قالۆنچەیەک و پیاوەکە

دواتر بوون بەهاوڕێ...!

١٥

ڕەشەبایەک کە لەقوڵای دۆزەخەوەدێت

خۆی دەکات بەکەپووی زەویداو

زەویش دەخولێتەوە....

ئاوپڕە لە ئیزرائیل !

منیش بێهۆ دەخولێمەوە...

١٦

بیرلەهیچ ناکەمەوە!

کاتم بۆهیچ شتێک نەماوە

گەرتوانیم هەوڵئەدەم

تەنیا ڕۆژەکان بژمێرم!!!



سەراب

# ژنی لە شووشە

**پێشکەشە بە خاتوو کۆچەر ئەبو بەکری شاعیر**

بەژنی ئەو
پڕ بووە لەشێتی قەسیدە
لەهەیەجانی ئەو رۆحە بیرۆزەی..
کەجارێ مەسیح و
جارێ تر خاچەکەی دەیبەخشێ بەمرۆڤ..؟!
ئەو ژنە دەیەوێ
تەواوی داری عەساکەی مووسا
بگرێتە دڵی من و...زاکیرەی هاورێتی
بینێتە پێشەوە..؟!
بەسولێمانیش بڵێ
تو حوزنی کوکوختی وبەرائەتی پەپەوولە
خێرا بکە و
زمانی سەرابی ئەو عێشقەم فێربکە..؟!
* * *
ئەو ژنە لەرێیە

پەنجەرەی دواسەبری ئەیوبی هێناوە
بۆ ئێرە
دیەوێ بەرداخی شەرەفی پیاوانێ بشکێنێ
کەشمشێر..
لەجێ گوڵ دەخەنە ڕستەوە..!
کەماچی لێوانی شعرێتی و
ژن بوونی دەکوژن..؟!

ئەو ژنە..
هەموو کات دەپرسێ
یوسفی ئا ئێمە لەکوێیە
چاوەڕێ چییەتی بۆ نایات..
ئەم هەموو ئاموونە و
ئەو هەموو بتانە بشکێنی و
شەرەفیان بۆ نێو گۆڕی مێژوو...





بەرِەشی بەرێتە خوار..؟!

ئەو ژنە هاتووە و
هاوشێوەی مورسیلێ..
پەیامێ دەداتە دەستی خەون..؟!
هیجرەت وکۆچەری ئەوینێ
دەخاتە نێو رۆحی پیاوانی ئیماندار..
ئیماندار..
بەحەرفی گوناهی جوانی شیعر.؟!

ئەو ژنە..
دوا رەنگی سەرمەدی خۆی بۆمن
لەهەوری زاکیرەی ئاسماندا..دەژنێ.؟!
خەمی خۆی دەخاتە..
چوارچێوەی تەمەنی نوحەوە
گەشتێکەی لەبری من
پڕ دەکات لەمنداڵی بێ دایک و
هەر خۆشی هاوشێوەی ئیبراهیم
دەخرێتە نێو چەمی گرکان وئاگری
ژان دووری دڵەوە..؟!





# چنار نامق :

# شیعر لای من خودی ژیانە...

شاعیر خاتوو چنار نامق، خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە لەبواری ڕاگەیاند. وبەکالۆریوسی هەیە لەبواری ڕاگەیاندن. لە ناوەو دەرەوەی وڵات بەشداری چالاکییە ئەدەبییەکانی کردووە، وەک پاریس ،ئێران، تورکیا..ئێستا موعیدە لە زانکۆی سەلاحەدین. بەکوردی وعەرەبی دەنووسێت. جگەلە شیعر چەندین وتارو لێکۆڵنەوەی لەبواری ڕاگەیاندن و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی نوسیوە. تاکو ٦کتێبی چاپ وپەخشکراوە و چەندین کتێبی تریشی ئامادەو لە نۆرە چاپدان..بۆ قسەوباس لەسەر شیعرو تایبەتمەندییەکانی خودی شاعیر ئەم گفتو گۆیەمان لەتەکی سازدا...

**دیمانە : تانیا کفری**





**★ بەرای تۆ نووسین بەتایبەتی شیعر ئیلهامە یان ئەزموون؟ یان چی؟**

چنار: بێگومان عیشقێك كە ئاوێتە بە ژیانی مرۆڤ دەبێ لە ناخیدا بەرجەستە دەبێ و فەرمان بە کرداری دەکا و ئاراستەی دەکا دەبێ بە خودی ژیان، كە مرۆڤ بۆ شتێکی تایبەت بژیت و قوربانی بدات لە پێناویدا، ئەمە بەخۆی ئەوە دەگەیەنێ خودی ژیانە ،لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حەزە خۆرسکەی لە خودی تاکدا هەیە فاکتەرێکی گرنگ و كاریگەرە لەپرۆسەی نووسین، وێرای ئەمەش ناكرێت ئەزموون و باکگراوندی مەعریفی تاك پشتگوێ بخرێت كە پێوەرە لە پەرەپێدان وگەشەکردنی.

**★ تاچەند شیعر كاریگەری لەسەر ژیانی رۆژانەتان هەیە ؟**

چنار: شیعر لای من خودی ژیانە ، بەو پێیەی شیعر جیهانێكی تایبەتی بەخۆی هەیە، مرۆڤی نووسەر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ ژیان دەكات، و ئاوێتە بە خەمەکانی دەبێت، بەرادەیەك هەموو جوڵەیەکی بچووك كاردانەوەی بەسەر هەستییەوە دەبێت و بگرە پێکهاتەی سروشت و ناتەبایی بوونەوەرو وەرزەكانیش خەمێکی گەورەن بەسەر نەستییەوە.

من بەهەڵوەرینی گوڵێك خەم دامدەگرێت بۆ مردنی بیچووە کۆترێك دەگریم، ئیدی نازانم تاوانی هەستیاری خۆمە یان دڵ ناسکی شیعر..

**★ نامیق هەورامی هاوسەرت تاچەن كاریگەری لەسەر نوسینی تۆ هەبووە؟**

چنار: دەكرێت بڵێم ژیان لەگەڵ شاعیردا زۆر جیاوازە لەگەڵ هەر كەسێك گومانی تێدا نییە كەسێك خودی خۆی نووسەر بێت لە خواست و خەم و ئازارەکانی بەرامبەری دەگات و بە زمانی پەیڤینیشی نامۆ نابێت، چونكە شیعر جیهانێکی فراوانە و هەموو بەربەستەكان رەتدەكاتەوە.

بۆیە نووسەر پێویستی بەسەربەستی هەیە تا دەقی سەركەوتوو بەرهەم بهێنێ و ئەگەر هاوڕێکەت كەسێکی رۆشنبیر نەبێت ئەوە رەنگە وشەکانت سانسۆر بکرێن ئەودەم شیعر چوون مەلێکی باڵ شکاو خۆی دەنوێنێ.

لە پرۆسەی هاوسەرگیریشمدا لام مەرج بوو كە دەبێ نووسەرێك هەڵبژێرم، نەبا ئەو كەسەی لەگەڵیدا دەژیم دەستم لە شیعر پێ بەر بدات دوورم بخاتەوە لە شیعر و كەشێکی لەبارم بۆ نەرەخسێت بۆ بەردەوام بوون لە نێو دنیای خەیاڵ و فەنتازیا و ئەندێشەدا.

گرنگە بەرامبەرەکەت لە ناخت بگات، بەلای منەوە هاوسەرەكەم بەر لەوەی

هاوسەرم بێت هاوڕێی شیعریمە بۆیە هەر دەقێك كە دەینووسم بەر لە بڵاوكردنەوە بۆ ئەوی دەخوێنمەوە.

**★ ئایا شتێك هەیە بەناوی ئەدەبی ژنانەو پیاوانە...چۆن جیا دەكرێنەوە؟**

چنار: ئەدەب بەگشتی زادەی هزر وسۆزو تێڕوانینی خودی تاكەكانە، مەبەستمە بڵێم ئەدەب كردەی مرۆڤەكانە، كەوابوو هەر دەقێكی بەرهەمهێنراو كە نووسەر بەرهەمی دەهێنی جا چ شیعر بێت یا چیرۆك و هتد... زادەی هزری نوسەرەكەیەتی، هەر بۆیە لە ستایل وشێوازی تایبەت بە نووسەر ولامی ئەم پرسیارەمان دەس دەكەوێت پۆلێنكردنی ئەدەبیات بۆ ئەدەبیاتی ژن ،پیاو، منداڵ، دیاردەیەكە لە سرووشتەوە سەرچاوەی گرتووە، چونكە نەكراوە بەزمانی گەورە بۆ منداڵ بنوسرێت، یان منداڵێك چیرۆك چوون گەورە بنوسێت.

بە شێوەیەكی سرووشتی ژن وپیاو لە زۆر شتدا لێك جودان، بگرە تێفكرین وتێڕوانینیشیان لە زۆر شتدا یەك ناگرێتەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە منی مرۆڤ وەك خۆم بیرئەكەمە چوون خۆم دەربڕینەكانم دەنووسمەوە هەر ئەمەشە لەیەكترمان جوێ دەكاتەوە وپۆلێنێكی سرووشتیمان بۆ دەخاتە روو ،

**ژیان لەگەڵ شاعیردا زۆر جیاوازە لەگەڵ هەر كەسێك گومانی تێدا نییە كەسێك خودی خۆی نووسەر بێت لە خواست و خەم و ئازارەكانی بەرامبەری دەگات و بە زمانی پەیڤینیشی نامۆ نابێت، چونكە شیعر جیهانێكی فراوانە و هەموو بەربەستەكان رەتدەكاتەوە.**





**نووسین بەتەنها قەڵەم بەدەستەوە گرتن وناو ناوبانگ نییە بەڵكو بەرپرسیاریەتییە، رەچاوكردنی ئەو بەرپرسیایەتییە ئەركی نووسەرە.**

تەنانەت ستایلی ژنێك لە ژنێكی دیكەش جیادەكاتەوە وشێوازناسی دێنێتە ئاراوە كە دەق بەشێواز و تایبەتمەندێتی كەسایەتی دەناسرێتەوە،لە رێگەی دەستەواژە ،دەربرین و وێناكردنی وێنەی شیعری جودا كە تایبەتمەندی كەسی تێدا رەنگ دەداتەوە.

كەوابوو لەستایلی نووسەرەوە رەگەزەكەشی بەئاسانی لای خوێنەر بەرجەستە دەبێت، هەرچی وابەستەگی بە خوێنەرەوە هەیە بۆ جوداكردنەوەی ئەوەی ئایا چۆن لێكتر جودا بكرێنەوە، پێویستە خوێنەری جدی ئەوە بزانێت كە شێوازوو ستایلەكان بناسێتەوە.

**★ بەرای تۆ شیعری كوردی بۆچی نەیتوانیوە سنوری جیهان ببەزێنێ و بگاتە شوێنە دوورەكان؟**

چنار: نەبوونی دەزگای تایبەت بە وەرگێران ونەگەیشتنی بەرهەم ودەقە كوردییەكان رۆڵی گرنگی هەیە لەم پرسەدا، ئەگەر دەزگای وەرگێران نەبێت ودەقەكان وەرنەگێردرێنە سەر زمانە جیهانییەكان چون دەق بگاتە سنورەكانی دیكە، بوونی ئەو دەزگایانە زۆر گرنگە بۆ ناساندنی ئەدەبی كوردی.

**★ لای هەندێ شاعیری مێینەی كورد بەزاندنی سنووری داب ونەریتی كۆمەڵگە بەبوێری دادەنێن. لای تۆ بوێری واتا چی؟**

چنار: ئازادی دەربڕین فاكتەرێكی هەرە گرنگە لەپرۆسەی نوسیندا، وەمافێكی ڕەوای مرۆڤەكانە، مرۆڤ دەكارێ وەك ئەوەی دەیەوێت گوزارشت لە ناخ ولەخود و هزری بكات دەكرێ مرۆڤ هەموو ئەو شتانە بنوسێت كە بروای پێی هەیە، بەمەرجێك سنووری ئازادی ئەوانی تر تێنەپەرێنی ونەبێتە هۆی ئازاردانی كەسانی دیكە یان بریندار كردنیان، لێرەدا مەسەلەی خود سانسۆری دێنە ئاراوە،

واتا مرۆڤ خودی خۆی، خۆی سانسۆر دەکات،ئەمەش وابەستەیە بەئاکار و رەوشتی نوسینەوە، بەگشتی نووسین پرۆسەیەکە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بۆیە نووسین بەتەنها قەڵەم بەدەستەوە گرتن وناو ناوبانگ نییە بەڵکو بەرپرسیاریەتییە، رەچاوکردنی ئەو بەرپرسیایەتییە ئەرکی نووسەرە.

**★ تا چەند بەرهەمەکانت سەدای هەبووە، وتاچەند وەرگێردراونەتە سەر زمانەکانی تر؟**

چنار: هەڵبەتە بەرادەیەکی باش شیعرەکانم سەدای هەبووە، ئەمەش لەرێگەی ئەو کۆمێنتانەی بۆم گەراونەتەوە، یان دێرەکانی خۆم لەسەر زاری کەسانی تر بیستۆتەوە.

جگەلەوەی لەپرۆسەی رەخنەی ئەدەبیدا جێی خۆی هەیە وچەند کتێبێك لەلایەن رەخنەگرانەوە لەسەر دەقەکانم نوسراوە، هەروەها دەقە عەرەبیەکانم هاوکاربوون لەوەی بەرهەمەکانم زیاتر بناسرێن لەلایەن نوسەرانی عەرەب کە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بەرچاویان کەوتووە، وێرای ئەوەی لەلایەن نووسەرانی کوردەوە نوسراوە.

لەبواری وەرگێرانیشدا دیسانەوە تەکنولوجیای زانیارییەکان رۆڵی کارای هەبووە لە بچوککردنەوەی جیهان وگەیاندن وناساندنی بەرهەمەکان بەجیهان، لێرەشەوە من سوودم لەم تەکنولوجیایە بینیوە، نوسەران لەبەشەکانی دیکەی کوردستان دەقەکانمیان وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی لە بڵاوکراوەکانی وڵاتی خۆیان بڵاویان کردەتەوە، بۆیە بەپێی ئەم پرۆسەی رەخنەو وەرگێرانە دەتوانم سەنگی نوسینەکانم لا روون بێت، لەئێستادا کتێبێکم کە مامۆستایەکی زانکۆ لەئێران وەریگێراوەتە سەر زمانی فارسی بریارە لەئێران چاپ بکرێت.

هەروەها کتێبێکم وەرگێردرایە سەر پیتی لاتینی ودیالێکتی کرمانجی ئەم ساڵ لە تورکیا لەشاری ئامەد بۆ مەراسیمی ئیمزاکردنی بانگێشت کرام لەلایەن وەشانخانەی رووناهی، ئەم کتیبە سەدایەکی باشی هەبوو.

**★ بەرهەمە نوسراوو چاپکراوەکانی چنار چەند کتێبە؟**

چنار: بەرهەمە شیعریەکانم کە چاپکراون بریتین لەم بەرهەمانە:

١. بیرەوەرییەکانی رۆژمێرێکی شەکەت ١٩٩٩ – لەبڵاوکراوەکانی بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخوازی کورد .

٢. پێکەکان بیریان دەچێت بمخۆنەوە ٢٠٠٤







– لەبڵاوکراوەکانی بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخوازی کورد .

٣. بەپێکێك دەڵێم بمبورە ناتخۆمەوە – ٢٠١١ لەبڵاوکراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ، وەزارەتی رۆشنبیری .

٤. وەرزەکانی هەڵوەرین تێکستێکی شانۆییە بۆ خوێندنەوە – لە بڵاوکراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ، وەزارەتی رۆشنبیری .

٥. کۆ شیعر لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس – هەولێر.

٦. بەتۆ دەچم ٢٠١٢ لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد لقی سلێمانی.

ئەوکتیبانەم ئامادەی چاپن:

١."اخر المطاف" کۆمەڵە شیعرێکی عەرەبیە کە بە زمانی عەرەبی نوسیومن.

٢. ئەنفال وجینۆسایدی کورد" توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ ژانرە رۆژنامەنوسییەکانی گۆڤاری ئەنفالستان....

# کار و چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

## ئا: بەڕێوەبەری نووسین

لە درێژەی کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا حەڤدە۱۷ کتێبی ئەدەبی هەمەجۆری تری چاپ وبلاو کردەوە، بەپێی ئەم زنجیرانەی خوارەوە:

* لە ژێر زنجیرەی (۱۷۰) کتێبی (بۆزاخاوی مێشك) کۆمەڵێ مەتەڵە بۆمناڵان لەهۆنینەوەی (عوسمان شکور دەرویش) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (۱۷۱) کتێبی ( نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئەو) تۆبەرە شیعری چاپکراوی خاتوونی شاعیر (گوڵباخ بەهرامی)یە کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (۱۷۲) کتێبی (بۆزاخاوی مێشتۆبەی فیرعەونی) شانۆنامەیەکە لە نووسیتی (وریا شەهاب) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (۱۷۳) کتێبی ( هەنگاوێك بۆ ساغکردنەوەی دیوانی خالۆی کۆماسی) لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر شاعیر خالۆی کۆماسی لە ئامادەکردنی (کاروان عوسمان عەلی)یە، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...























* لە ژێر زنجیرەی (۱۷٤) کتێبی ( مۆزایکی خۆشەویستی ومردن) کۆمەڵێ چیرۆکی بیانییە لەوەرگێڕانی (عەبدوڵلا مەحمود زەنگنە)یە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (۱۷۵) کتێبی (ئاراو وملاحظات عن الپقافە الکوردیە ) لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیە لەسەر کەلتوری کوردی لەوەرگێڕانی بۆزمانی عەرەبی (جومعە جەباری)یە، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (۱۷٦) کتێبی ( بلقی بەرد) تۆبەرە شیعری چاپکراوی شاعیر ونووسەر (خالید کاوێس)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (۱۷۷) کتێبی ( کۆچی باڵندەکان) کۆمەڵە شیعری شاعیر (ساڵح هەلاج)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...














* لە ژێر زنجیرەی (١٧٨) کتێبی ( گورگ ومرۆڤ) چیرۆك بۆمنالاًن لەنووسینی (گرفتار کاکەیی)یە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٧٩) کتێبی ( خۆشترین چیرۆکی ئەویندارى) کۆمەڵێ چیرۆکی(دەرویش ئەلجەمیل)ە لەوەرگێڕانی (وەلید رەمەزان کەریم )ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٨٠) کتێبی ( پیاسەیەك لەگەڵ نوحدا) کۆمەڵێ شیعرێکی شاعیر (بورهان ئەحمەد)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٨١) کتێبی ( رەهەندەکانی کوردستانی بوونی قەزای خورماتوو) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە لە نووسینی (حەسەن بارام)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...
















* لە ژێر زنجیرەی (١٨٢) کتێبی ( شەقامەکانی دڵ) کۆمەڵێ هۆنراوەی شاعیر (صەلاح قابیل)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٨٣) کتێبی ( دوو شانۆگەری وچەند باسێکی شانۆیی) لە نووسینی (سوارە کافرۆشی)یە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٨٤) کتێبی ( هاواری ئەنفال) کۆمەڵێ شیعری (محەمەد ئەمین رەشید)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٨٥) کتێبی ( لە چاوەڕوانی هیچدا) کۆمەڵێ شیعری (سەیوان سەعیدیان)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٨٦) کتێبی بەباوەشێك لە فەتاوە نیشتیمانی زوویر... ) کۆمەڵە شیعرێکی (عەبدوڵلا سولێمان مەشخەڵ)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...